خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا    لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیاری پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان رەئوف    ئەرسەلان حەسەن

باوان عومەر    بابان ئەنوەر

# فەلسەفە لە ئێستادا

ئالان بادیۆ & سلاڤۆی ژیژەك

وەرگێڕانی: دانا شوانی

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (139)

ناوی کتێب: فەلسەفە لە ئێستادا
بابەت: فکری
ناوی نوسەر: ئالان بادیۆ & سلاڤۆی ژیژەك
وەرگێڕانی: دانا شوانی
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: نیاز کەمال ، کەیوان عومەر
تیراژ: 500 دانە
ساڵی چاپ: 2016
چاپخانە: حەمدی
نرخ: 3000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

**www.ideafoundation.co**

**ideafoun@gmail.com**

**www.facebook.com/dezgai.idea**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1719)ی ساڵی2016ی پێدراوە

# فەلسەفە
# لە ئێستادا

ئالان بادیۆ & سلاڤۆی ژیژەك

وەرگێڕانی: دانا شوانی

2016

## ناوەڕۆك


پێشەکی ............................................................7

بیرکردنەوە لە ڕووداو (ئالان بادیۆ)...............................11

فەلسەفە دیالۆگ نییە (سلاڤۆی ژیژەك)...........................57

مشتومڕی نێوان بادیۆ & ژیژەك.....................................81

## پێشەکی

فرانسوا میتران، سەرۆك کۆماری فەرەنسا، بەوە ناسرابوو کە لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا، فەیلەسوفانی بۆ کۆشکی ئەلیزێ بانگێشتدەکرد، تا لەبارەی پرسە سیاسی و کومەڵایەتییەکان مشتومڕیان لەگەڵدا بکات. لەم رووەوە لە نەریتێکی دێریندا جێ پێی خۆی قایمدەکرد، کە تیایدا دەسەڵات لە فەیلەسوفان نزیکدەبێتەوە، لەم رێگەیەوە، رەوایەتی وەردەگرێت. ئێمە نازانین ئەم مشتومڕانە کاریگەرییان بەسەر میترانەوە هەبووە یان نا، بەڵام لانیکەم لە یادەوەرییماندا وەك سەرۆك کۆمارێکی رۆشنبیر ماوەتەوە. چ داواکارییەکانی ئەم فەیلەسوفانە بە جدی وەربگیردرێت، چ تەنیا وەك دیکۆر سودیان لێوەربگیردێت، لە راستیدا رۆشنبیرانی داوەتکراو لە رووداوگەلی لەم چەشنە ئەوەندە سەرکەوتوو نەبوون، وێڕای ئەوەش، بانگێشتکردنی فەیلەسوفان بۆ سەر مێزی دەسەڵات وا بەرچاودەکەوێت زۆر بۆیان گرنگ و جێ سەرەنج بووە.

ئەو قۆناغەی کە فەیلەسوفانێکی وەك سیمۆن دی بۆڤوار، یان ژان پۆل سارتەر، میشێل فوکۆ، یان ژان فرانسوا لیوتار دەبوا لە بارەی رووداوە هاوچەرخەکان بدوێن، یان ئەو پێشنیارانەی کە لەبارەی هێورکردنەوەی رەوشەکە دەیخەنەڕوو بە گرنگ لە قەڵەمدەدرا، بە رابردووەوە پەیوەستە. ئەمڕۆ تەنانەت نیمچە فەیلەسوفەکانیش کە لەدەیەی 1970 جێی فەیلەسوفانیان گرتەوە، خۆیان بە هۆی مۆدێلەکان، فوتباڵیستەکان و بۆکسێنەکان خستۆتە پەراوێزەوە.

پرسی سەرەکی لەم کتێبەدا ئەمەیە، کە ئایا فەیلەسوف دەتوانێت لە رووداوە هاوچەرخەکاندا رۆڵــی هەبێت، لەبارەیانەوە بۆچوونەکانی دەرببڕێت یان نا. ئەم پرسە سەرەکییە، بۆتە جێی سەرەنجی رۆڵــی رۆشنبیران لە کۆمەڵگەی هاوچەرخماندا، کە لێرە بە چەشنێکی فەلسەفی تاوتوێکراوە. لەم بارەیەوە، ئیدی گونجاو نییە وەڵامبدەینەوە، کە نابێت فەیلەسوفەکان جیهان راڤبکەن، بەڵکو دەبێت هەوڵی گۆڕینی بدەن.

بەم چەشنە دەشێت توشی وەسوەسە بین، کاتێک لە سەردەمێکی زێڕین دەدوێین، بۆچوونی فەیلەسوفەکان حیسابی بۆ دەکرا، بەڵام ئاخۆ بەڕاستی ئەو سەردەمە باشترین سەردەم بوو؟ وێڕای ئەوەش، هەر لەم دواییانە بوو، کە دەپرسین رۆڵی کارڵ مارکسی فەیلەسوف لە حکومەتی ستەمکاری رووسیا و دوای ئەویش، لە وڵاتانی بلۆکی رۆژهەڵاتدا چییە. ئاخۆ پۆڵ پۆت کە رەشەکوژی کرد، خوێندەوارێکی رۆشنبیر نەبوو لە پاریس؟ ژمارەیەك لە خەڵك لە دوو توێی شۆڕشی کولتوری چین کوژران، یان دوورخرانەوە؟

پێویستە ئەمڕۆ لە هەر وەڵامێکی ئەم پرسیارەدا، دوو پرس لەبەرچاوبگیردرێت، لەلایەك رۆڵی بیریاران لە تاوانەکانی سەدەی بیستەم بەسەر نەستی ئەم گرووپە کۆمەڵایەتییەدا قورسایی دادەنێت، لانیکەم تا ئەو شوێنەی کە بایەخ بە یادەوەری پراکتیکی مێژوو دەدەین، لەلایەکی ترەوە، دەشێت لە خۆمان بپرسین ئەگەر لێبگەڕێین مۆدێلەکان، وەرزشدۆستان و گرووپە هاوشێوەکانی، جێگەی بیرمەند لە کۆمەڵگەی میدیایی هاوچەرخ دەگرنەوە، ئاخۆ بەڕاستی کارێکی باشە.

وەڵامەکانی ئالان بادیۆ، فەیلەسوفی پاریسی، سلاڤۆی ژیژەك، فەیلەسوف و دەرونشیکاری سلۆڤینی، بە درێژایی باسەکەیان لەبارەی ئەم بابەتە لە ڤییەناو لەساڵی ٢٠٠٤، بەرامبەر بەوەی رەنگە لە فەیلەسوفانی تر چاوەڕوان بکرێت، گومانئامێزتر و بە لەخۆبوردوویەکی زیاتر هاوشانە. لە باتی ئەوەی پەیوەست بن بە ئاوازێکی کۆنەوە، کە هەڵگری هەنگاوێکی مێژووییە، لە بەرامبەردا هەوڵدەدەن تایبەتمەندیی بیرکردنەوەی فەلسەفی بدۆزنەوە و وەڵامەکانیان لەو رووەوە دەدەنەوە.

ئالان بادیۆ و سلاڤۆی ژیـژەك ماوەیەکی زۆرە یەکتر دەنـاسـن، پەیوەندییەکی پڕ ڕێـزیـان لەنێواندا هەیە. سلاڤۆی ژیژەك بەردەوام پێشنیار بۆ ئالان بادیۆ دەکات تا بەرهەمەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە. بادیۆیش بە گوێرەی توانا یارمەتیداوە بەرهەمەکانی ژیژەك بۆ فەرەنسی وەربگێڕدرێت. هەردووکیان دەزانن ئەویتریان چیدەڵێت، یان لانیکەم هێڵە گشتییەکانی ئەرگومێنتی بەرامبەرەکەیان چییە. لەبارەی چەمك و تێڕوانینی گرنگی فەلسەفی کۆدەنگ نین، لەم کتێبەشدا، دووبارە ئەوەیان پشتڕاستکردۆتەوە، لەبەرئەوە سەرقاڵی تێگەیشتنی رووداو، ریـاڵ و رۆڵـی خەیاڵ یان سیاسەت دەبن. لەلایەکی ترەوە، هاوڕابوون کە مشتومڕە فەلسەفییەکان دەبێت بە هۆی تایبەتمەندی بیرکردنەوەی فەلسەفی بینابکرێت، سنوری خۆی لەو مانایەدا دابڕێژێت.

لە ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا، قەرزداری کارەکانی فرانسوا لاکـوریـزە، بەڕێوەبەری پێشوتری دامــەزراوەی کولتوریی فەرەنسایین لە ڤییەنا، کە ئالان بادیۆ و سلاڤۆی ژیژەکی بۆ

مشتومڕێکی گشتیی بانگهێشت کردبوو. ڤینست راسیب بەڕێوەبەری دامـەزراوەی زانستیی سلۆڤینی لە ڤییەنا، لەم کـارەدا هاوکارێکی سەرسەختی فرانسوا بوو. تەنیا بواری دیاریکراو بابەتی سەرەکی مشتومڕەکەیە، هەر بابەتێکی تر بۆ خستنەڕووی باسەکە، ئازاد بووە. کڵاوس فیلیپی رۆژنامەنووسی ڤییەنایی سەرپەرشتی ئامادەکاری ئەم مشتومڕە کردووە.

فرانسوا لاکوریزە لە ساتەوەختی ئامادەبوونی لە ڤییەنا، بزوێنەرێکی گەورەبوو لە گۆڕینەوەی کولتوری فەرەنسی و ئەڵمانی زمان، ژیانێکی تازەشی بە دامەزراوەی فەرەنسیی لە ڤییەنا بەخشی، کە ئەمڕۆ هێشتا کاریگەرییەکانی لەم شارەدا شایەنی بینینە، لەسەرووی هەمووشیانەوە، ئەو باکی بەوە نەبوو بەرنامەی ئاسایی دامەزراوە کولتورییەکان بەهاوکارییە سەرەکییەکانی بیرکردنەوە و فەلسەفەی ئەمڕۆ کامڵ بکات. ئێمە لەم بارەیەوە، قەرزداری زەحمەتییەکانی ئەووین.

لە راستکردنەوە و هەڵەچنی دەقەکان بۆ چاپ دووره پەرێزییمان هەڵبژاردووە، ئاگایانە بایەخمان بە خودی باسەکە داوە، گوتەیەکمان بۆ رەچاوکردنی بونیادێکی فیکریی سیستماتیك بەلارێدا نەبردووە.

ئەم کتێبە زیاتر هەڵقوڵاوی لێکدژی، بیرکردنەوە و خوێندنەوەی زیاترە. لەوانەیە ژیژەك لەسەر حەق بێت، کە پێیوایە فەلسەفە، دیالۆگ نییە، وێڕای ئەوەش، باسی فەلسەفی بەردەوام لە ساتی خستنەڕووی، وروژێنەرە. هەنوکە ئەم کتێبە ئەوەتان پیشاندەدات.

**پیتەر ئینگڵمان**

# بەشی یەکەم
# بیرکردنەوە لە ڕووداو

**ئالان بادیۆ**

ئەمشەو لە خۆم دەپرسم، کە تا چ ڕادەیەك فەلسەفە دەست لە پرسە مێژوویی و سیاسییەکانی ئەم سەردەمە وەردەدات، دواجار چییەتی ئەم دەستوەردانە چییە، بۆچی داوا لە فەیلەسوف دەکەین بۆ ئەوەی دەست لەم پرسانە وەربـدات؟ من و سلاڤۆی ژیژەك دەمانەوێت ئەم پرسانە بخەینەڕوو، باسیانبکەین. لە زۆربەی بوارەکاندا، ئێمە لەگەڵ یەکدا هاودەنگین، بەم چەشنە، ناتوانین پەیمانتان پێبدەین کە ململانێیەکی خوێناوی لەگەڵ یەکدا دەکەین!، بەڵام دەبێت بزانین دەتوانین چ کارێك ئەنجامبدەین.

پێش هەموو شتێك، وێناکردنێکی هەڵە هەیە، کە پێویستە بیخەینە لاوە، ئەو وێناکردنەش بریتییە لەوەی فەیلەسوف دەتوانێت لەبارەی هەموو شتێك بدوێت. ئەم وێناکردنە لەلایەن فەیلەسوفی تەلەفزیۆنییەوە خراوەتەروو، ئەو لەبارەی گرفتەکانی کۆمەڵگە، پرسە هاوچەرخەکان، تەنانەت هەموو شتێکەوە دەدوێت. بۆچی ئەم وێناکردنە هەڵەیە؟ چونکە فەیلەسوف خۆی پرسەکان بنیادەکات، خۆی داهێنەری پرسەکانە. بە گوزارشتێکی تر، ناشێت هەر شەوێك لەلایەن تەلەفزیۆنێکەوە پرسیاری لێبکرێت کە بۆچوونی لەبارەی ئەوەی خەریکە روودەدات چییە. فەیلەسوفێکی راستەقینە ئەو کەسەیە، بەدیاریکراوی خۆی بڕیاردەدات کە چ پرسێك گرنگە، ئەو کەسێکە پرسی تازە بۆ هەمووان دەخاتەڕوو. فەلسەفە (پێش هەموو شتێك) هەر ئەمەیە: داهێنانی پرسە تازەکانە.

پێویستە ئەوەش بڵێین فەیلەسوف ئەوکاتە دەست لە کاروبارەکان وەردەدات، کە چەند نیشانەیەك لە رەوشی هەنوکەیی (مێژوویی، سیاسی، هونەری، ئەڤینداارانە، زانستیی و ...) ببینێت، ئەو نیشانانەی کە بۆ داهێنانی پرسە تازەکان پێویستە. خاڵە جێسەرەنجەکە رێك ئەمەیە: فەیلەسوف ئەو کاتە دەست لە کاروبارەکان وەردەدات، کە چەندان نیشانە لەسەردەمی ئێستا بدۆزێتەوە، پێویستی بە پرسێکی تازە و داهێنانێکی تازە بێت. بەمچەشنە، پرسیارەکە بەمشێوەیە دەکرێت: لە چ بارودۆخێکدا، فەیلەسوف، چەند نیشانەیەك

بۆ پرسێکی تـازە و بیرکردنەوەیەکی تـازە دەدۆزێـتـەوە؟ بەسەرەنجدان لەم خاڵە، بەمەبەستی فەراهەمکردنی بنەمای باسەکە، دەمەوێت دەستەواژەی (هەلومەرجی فەلسەفی) (philosophical situation) بخەمەڕوو. لە جیهاندا هەموو جۆرە رووداوێـك روودەدات، بەڵام ناکرێت هەموویان بە چەند هەلومەرجێکی گونجاو بۆ فەلسەفە، لە چوارچێوەی هەلومەرجە فەلسەفییەکان بزانرێت. لەم رووەوە، دەمەوێت ئەم پرسیارانە بکەم: چ هەلومەرجێك بە هەلومەرجی فەلسەفی لەقەڵەمدەدرێت_ ئەو هەلومەرجەی کە گونجاو بێت بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفی؟ باشتر بڵێم، دەمەوێت سێ نموونەتان بۆ باسبکەم_ سێ نموونە لەبارەی هەلومەرجە فەلسەفییەکان کە رێگە خۆشکەرە بۆئەوەی باشتر لەو شتانە تێبگەین کە لەبەرچاومانە.

**نموونەی یەکەم:** ئەگەر بشێت بڵێم، خۆی بەشێوەیەکی فەلسەفیی دارِێژراوە، ئەو رووداوەی کە روونکردنەوەکەی لە دیالۆگەکانی ئەفلاتون، بە تایبەت لە دیالۆگی گورگیاسدا هاتووە. ئەم دیالۆگە رووبەڕووبونەوەی توندی سوکرات و کالیکلس دەخـاتـەڕوو. ئەو رووبـەڕووبـونـەوەیـەی کە (لە نوسینەکانی ئەفلاتون) بەشێوەی شانۆیی دارِێـژراوە، هەلومەرجێکی فەلسەفی دەهێنێتەکایەوە. بۆچی؟ لەبەرئەوەی بیرکردنەوەکانی سوکرات و کالیکلس هیچ خاڵێکی هاوبەشی تیانییە، ئەوان بەرامبەر یەکتر بەتەواوی وەك بێگانەیەك دەردەکەون. ئەفلاتون وتوێژی نێوان کالیکس

و سوکراتی بە جۆرێك نوسیوە بۆئەوەی تێبگەین، چۆن دوو بیرکردنەوەی جیاواز، رێك وەك لاکێشە و لارەهێڵی چوارگۆشەیەك، شایەنی بەراوردکردن نییە. ئەم وتووێژە وەك پەیوەندی نێوان دوو تێرمە، کە هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە نییە. کالیکس بەم چەشنە ئەرگومێنت دەکات کە مرۆڤی شاد (Happy man) کەسێکی ستەمکارە، ئەو کەسەیە کە لەڕێگەی فێڵ و توندوتیژییەوە بەسەر ئەوانیتردا زاڵدەبێت. سوکرات، لە بەرامبەردا، پێیوایە مرۆڤی حەقیقی، کە هاوکات مرۆڤی شادیشە، بە مانای فەلسەفیی وشەکە، مرۆڤێکی دادپەروەرە. لەنێوان دادپەروەری وەك توندوتیژی و دادپەروەری وەك هزر، دژایەتییەکی سادە لە ئارادا نییە، لەو جۆرە دژایەتیانەی کە بشێت لەگەڵیدا لەڕێگەی چەند باسێکەوە رووبەڕووی ببێتەوە، بۆئەوەی سود لە نۆرمێکی ئاسایی وەربگرن. لەم نێوانەدا، هیچ پەیوەندییەکی حەقیقیمان نییە، بەمچەشنە، وتوێژەکە بەڕاستی وتووێژ نییە، بەڵکو رووبەڕووبونەوەیە. ئەوەی بۆ هەریەك لە خوێنەرانی ئەم دەقە روونە ئەوەیە، کە رووداوەکە بەم چەشنە نییە کە دەکرێت لایەنێکی گفتوگۆکە لایەنەکەی تر رازی بکات، بەڵکو تەنیا براوەیەك و دۆڕاوێک دەبێت. دواجار ئەمە هەمان ئەو شتەیە روونیدەکاتەوە، کە بۆچی میتۆدی سوکرات، لە گفتوگۆی سێیەمدا، هێندە لە میتۆدی کالیکس دادپەروەرانەتر نییە. ویستی ئامانج بە مانای ویستی ئامرازە، لێرەوە پرسەکە لەبارەی سەرکەوتنە، بە تایبەت

سەرکەوتن لەبەرامبەر چاوەکانی چەندان گەنج کە شایەتی ئەم رووداوەن. لە کۆتاییدا، کالیکس تووشی شکستدەبێت. هەڵبەت ئەو شکستی خۆی راناگەیەنێت، بەڵام بێدەنگ دەبێت، لە گۆشەیەکدا بە داماویی دادەنیشێت. تەماشاکە لەو گفتوگۆیەی کە ئەفلاتون رێکیخستووە، تووشی شکست بووە، ئەمەش دەشێت ژمارەیەك لەو رووداوانـە بێت کە کەسێکی وەك کالیکس تێیدا شکستدەخوات، چێژەکانی شانۆ هەر بەم چەشنەیە.

لە بەرامبەر هەلومەرجێکی لەم چەشنەدا، فەلسەفە چییە؟ تەنیا ئەرکی فەلسەفە بریتییە لەوەی پیشانی بدات، پێویستە چی هەڵیبژێرین. ئێمە لە نێوان ئەم دوو جۆرەی بیرکردنەوە، پێویستە یەکێکیان هەڵبژێرین. پێویستە بڕیاربدەین کە دەمانەوێت پشتگیری سوکرات بکەین یان پشتگیری کالیکس. لەم نموونەیەدا، فەلسەفە رووبەرووی بیرکردنەوە دەبێتەوە وەك هەڵبژاردن و بڕیارێك. ئەرکی بەرچاوی فەلسەفە روونکردنەوەی هەڵبژاردنەکانە. بەمچەشنە، دەتوانین بڵێین: هەلومەرجێکی فەلسەفی لەو ساتەوەختەدا روودەدات، کە هەڵبژاردنێك بخرێتەڕوو. هەڵبژاردنێکی پەیوەست بە بوون (existence) یان پەیوەست بە بیرکردنەوە.

**نموونەی دووەم،** مەرگی ئەرخەمیدسی ماتماتیکیستی بەناوبانگە، کە یەکێکە لە گەورەترین ئەو بیریارانەی، تا هەنووکە جیهان بە خۆیەوە بینیویەتی. تەنانەت ئەمڕۆش دەقە ماتماتکییە بەجێماوەکانی جێی باوەڕکردن نییە. لەو

سەردەمەدا، لە رادەبەدەر بیری کردۆتەوە، بیست چاخ پـێش نیوتن حاسیبەی (calculus) زۆر بچوکی داهێناوە. بەڕاستی ئەو داهێنەرێکی دەگمەن بوو.

ئەرخەمیدس یۆنانییەکی خەڵکی سیسیل بـوو. ئەو کاتەی سیسیل کەوتە بەر هێرشی رۆمەکان و داگیریانکرد، لەڕێگەی داهێنانی کەرەستەی تازەی جەنگەوە بەشداری لە رووبەڕووبوونەوەی رۆمەکاندا کرد، بەڵام رۆمەکان هەر سەرکەوتن. بە دەستپێکردنی دەسەڵاتی رۆمەکان، ئەرخەمیدس چالاکییەکانی هەڵپەسارد. خوی بە کێشانی وێنەی ئەندازەیی لەسەر لمدا گرتبوو. رۆژێك، لە کەنار دەریا بیری لە کێشانی وێنەیەکی ئاڵۆز لەسەر لم دەکردەوە، سەربازێکی رۆمی کە لە راستیدا پەیامنێر بوو، بەدیارکەوت، پێیوت مارسیلۆس، ژەنەراڵی رۆمەکان دەیەوێت ببینێت. رۆمەکان لە بارەی بیرمەندانی یۆنانی زۆر وردبوون، تاڕادەیەك وەك بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی بازرگانی فرەنەتەوەیی، کە دەشێت لەبارەی فەیلەسوفێکی بەناوبانگ وردبێت. بەم چەشنە ژەنـەراڵ مارسیلۆس دەیویست ئەرخەمیدس ببینێت. لەنێوان خۆیاندا بێت، پێموانییە بشێت بیر لەوە بکەینەوە کە ژەنەراڵ مارسیلۆس ئاگای لە زانستی ماتماتیکی هەبێت. ئەم پێداگرییەی، هەر بە سادەیی لەم راستییەوە سەرچاوەی دەگرت، کە دەیویست بزانـێت توانای ئەم ئەرخەمیدسە شۆڕشگێڕە تا چەندە، بەم هۆیەبوو پەیامبەرەکەی بەدوایدا نارد، بەڵام ئەرخەمیدس گرنگی بەو داوایە نەدا، هەر خۆیشی تێکنەدا.

سەربازەکە دیسان داواکەی ژەنەراڵی دووبارە کردەوە: (ژەنــەراڵ مارسلیۆس دەیەوێت بتبینێت.) ئەرخەمیدس هەمدیس وەڵامینەدایەوە. سەربازە رۆمییەکە، کە پێدەچوو هیچی لە ماتماتیك نەدەزانی، هەر بۆیە ئاسایی بوو پەی بەوە نەبات کە چۆن کەسێک دەتوانێت گوێ لە پەیام و دەستوری ژهنەراڵ مارسیلۆس نەگرێت، دووبارە سەربازەکە دەڵێت: (ئەرخەمیدس! ژەنەراڵ دەیەوێت بتبینێت.) ئەرخەمیدس کەمێک سەری بەرزکردەوە، بە سەربازەکەی وت: (لێبگەڕێ هاوکێشەکەم تەواو بکەم.) سەربازەکە وەڵامیدایەوە: (بەڵام مارسیلۆس دەیەوێت بتبینێت، هاوکێشەکەی تۆ بۆ من بەهایەکی ئەوتۆی نییە.) ئەرخەمیدس بێ هیچ وەڵامێك درێژەی بە لێکدانەوەکانی خۆیدا. سەربازەکە ئیدی بەتەواوی تورەبوو، شمشێرەکەی لە کالانەکەی دەرهێنا، هەر لەو شوێنە ئەرخەمیدس دەکوژێت. جەستەکەی دەکەوێتە سەر هاوکێشە ئەندازەسییەکەی سەر لمەکە و تێکوپێکی دەدات.

بۆچی ئەمە هەلومەرجێکی فەلسەفییە؟ بەهۆی ئــەوەی ئەم رووداوە نیشانیدەدات، کە لەنێوان مافی دەوڵەت و بیرکردنەوەی داهێنەرانە، بەتایبەت بیرکردنەوەی ئۆنتۆلۆژیانەی پەتی کە لە ماتماتیکدا بەرجەستە بووە، هیچ شێوەیەکی هاوبەش، هیچ باسێکی واقیعی بوونی نییە. دواجار دەسەڵات توندوتیژە، لەکاتێکدا تەنیا چوارچێوەیەك کە هزری داهێنەرانە بە فەرمی دەناسێت، رێسا و یاسای ناوەکی نەمری خۆیەتی و بەس. بەگوێرەی یاسا، هزری

ئەرخەمیدس لەدەرەوەی کایەی کردەی دەسەڵاتدایە. زوو تێپەڕینی پەتیی ئەو سەلماندنە، ناشێت پاشکۆی دەستورە خێراکانی رزگارکەرانی سەربازی بێت. بەم هۆیەیە کە دواجار توندوتیژی دێتە نێو رووداوەکەوە، تاوەکو بە کرداری پیشانی بدات، کە هیچ شێوە و کرۆنۆلۆجییەکی هاوبەش لەنێوان دەسەڵات لەلایەك و حەقیقەت لەلایەکەی ترەوە لە ئارادانییە: حەقیقەت وەك داهێنان.

رێگەبدە بە کورتی ئاماژەیەك بەوە بکەم، کاتێک سوپای ئەمەریکا لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم دەروازەکانی ڤییەننایان داگیرکردبوو. لەو کاتەدا، سەربازێکی ئەمریکی ئەنتوان ڤێبرن (گەورەترین مۆسیقاژەنی ئەو کاتە بوو) دەکوژێت، بێ ئەوەی بزانێت کێیە. ئەمە واتە رێکەوتێك، هەلومەرجێکی فەلسەفیی رێکەوتی.

دەشێت بڵێین لەنێوان دەسەڵات و حەقیقەت جۆرێك لە مەودا هەیە_ مەودایەك لە نێوان مارسیلۆس و ئەرخەمیدس، مەودایەك کە سەربازێکی مشەخۆر، بەڵام دیسپلینکراو، توانای پەڕینەوە لەو مەودایەی نییە. لێرەدا پەیامی فەلسەفە رۆشنای خستنە سەر ئەم مەودایانەیە. فەلسەفە دەبێت لە مەودایەکی بێ پێوانە، یان لە مەودایەك رابمێنێت، کە پێوانەکەی دەبێت خودی فەلسەفە دابینێت.

بەم چەشنە یەکەمین پێناسەی هەلومەرجی فەلسەفی روونکردنەوەی هەڵبژاردن و بڕیاربوو، دووەمین پێناسەی هەلومەرجی فەلسەفیش: روونکردنەوەی مـەودای نێوان دەسەڵات و حەقیقەتە.

**سێیەمین نموونەشم** فیلمێکە، فیلمێکی سەرنجڕاکیش لە دەرهێنانی یابانی میزۆگۆشییە بەناوی ئاشقە لەخاچدراوەکان (The Crucified Lovers). ئەم فیلمە بێگومان یەکێکە لە جوانترین ئەو فیلمانەی کە لەبارەی ئەڤینەوە بەرهەمهاتووە. چیرۆکی فیلمەکە بە سادەیی دەشێت بەم چەشنە کورت بکرێتەوە: رووداوەکـــە لە سـەردەمـی کلاسیکیی یابان روودەدات، کوالێتە بینراوەکەشی، بەتایبەت لە بایەخدان بە وێنەگرتنی رەش و سپییەکەی، بە تەواو نەکراو دێنەبەرچاو. ژنێکی گەنج لەگەڵ خاوەنی کارگەیەکی بچوك هاوسەرگیری دەکات. پیاوەکە کەسێکی پاك و رەفتار باشە، بەڵام ژنەکەی هیچ ئارەزو و پەیوەندییەکی بەوەوە نییە. بە هاتنی پیاوێکی گەنج کە بۆ مێردەکەی کاردەکات، ژنەکە ئاشقی ئەو پیاوە گەنجە دەبێت. لەم سەردەمە کلاسیکەی یابانیشدا، کە میزۆگۆشی ژنەکانی ئەو سەردەمە بە هۆی ئارامگرتن و بەدبەختییەکانیان ستایش دەکات، سزاکانی زیناکردن مەرگە: تاوانباران دەبێت لە خاچبدرێن. ئەم دوو عاشقەش خۆیان دەگەیەننە ناوچەکانی دەوروبەری گوندێك. ئەو زنجیرەی کە هەڵهاتنیان بۆ جەنگەڵ، جیهانی رێڕەوەکان، کابینەکان، دەریاچە و بەلەمەکان، دەکێشێت بەڕاستی نائاساییە. ئەڤین، کە دیلی دەسەڵاتی خۆیەتی بەسەر ئەم کەپڵە سزاردراو و ماندووکەرەدا، گەمارۆیەکی سروشتیی ئاڵۆزە، لە هەمانکاتیشدا شیعر ئاسایە. لە تەواوی ئەو رۆژانەدا، مێردە رێکوپێکەکەی ژنەکە، بۆ پارێزگاری و شاردنەوەی هەڵهاتنەکە هەوڵەکانی

دەخاتەگەڕ، بەڵام هاوسەرەکان ئەرکی سەرەکییانە زیناکاران ریسوابکەن، لـەوەش دووربکەونەوە، کە بەیارمەتیدانی یەکتر تۆمەتباربکرێن. وێڕای ئەوەش، هاوسەرەکان هەموو هەوڵەکانیان بۆ کڕینی کات بۆ ئەو دوو کەسە دەخەنەگەڕ، ئەمەش ئەو بەڵگەیەیە کە لەراستیدا نیشانیدەدات ئەو پیاوە ژنەکەی عاشقانە و سەرسەختانە خۆش دەوێت. مێردە باش و رێکوپێکەکەی فیلمەکە، لەم چوارچێوەیەدا وا دەردەکەوێت، کە ژنەکەی بۆ بینینی خزمەکانی چووە بۆ شارێکی تر. بە راستی کەسایەتییەکەی ئەو شایەنی ستایشکردنە. وێڕای هەموو ئەو وەسفانە، ئاشقەکان تاوانبار دەکرێن، پاشان دەستگیردەکرێن و ئەشکەنجە دەدرێن.

لە درێژەدا گرتەکانی کۆتایی فیلمەکەیە کە نموونەیەکی تر لە (هەلومەرجێکی فەلسەفی) دەهێنێتەکایەوە. عاشقەکان پشتیان لە یەك دەکرێت و دەبەسترێنەوە. گرتەی وێنەگرتن رادەوەستێت بەتایبەت لەو کاتەی کە دوو عاشقی بەندکراو بەرەو مەرگی بێبەزەییانەی خۆیان دەڕۆن. وا دەردەکەوێت هەردووکیان رازین و دوورن لە هەستێکی بەزەیی پێداهاتنەوە. نیشانەی بزەیەك بەسەر سیمایانەوە بەڕوونی بەرچاودەکەوێت، جۆرێک کشانەوە لە بزەکردندا. وشەی (بزە) لێرەدا دەشێت ئەو دۆخە واقیعییە نیشانبدات. سیماکانی ئەم دوو عاشقە دەریدەخات، کە لە ئەڤینی خۆیاندا بەتەواوی نغرۆبوونە. بیرۆکەی فیلمەکە، کە لە جیاوازییە وردو دیارەکانی ڕەش و سپیی سیماکانەوە بەرجەستەبووە، هیچ پەیوەندییەکی

به بیرۆکەی رۆمانتیکی ئاوێزانبوونی ئەڤین و مەرگدا نییە. ئەم عاشقە لەخاچدراوانە، هیچ کات ئارەزوی مردنیان نییە. بەڕێکەوت ئەم پلانی فیلمە پێچەوانەی ئەمە دەڵێت: ئەو ئەڤینەی کە لەبەرامبەر مەرگ بەرگری لە خۆی دەکات.

لە کۆنفرانسێك لە فمیس، دۆڵۆز بە سوودوەرگرتن لە ئەندرێ ماڵرۆ دەڵێت: (هونەر هاوشێوەی ئەو شتەیە کە لە بەرامبەر مەرگ رادەوەستێت.) لەم گرتە سەرەنجڕاکێشەدا، نەك تەنیا هونەری میزۆگۆشی رووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە، بەڵکو ئێمەش بەم هزرە ئاڕاستە دەکـات، کە ئەڤینیش لە بەرامبەر مەرگ رادەوەستێت، ئەمەش جۆرێك ئاوێزانبوونی نێوان ئەڤین و هونەر دەهێنێتەکایەوە، ئەو پەیوەندییەی بە مانایەك هەمیشە لەگەڵی ئاشنابووین. ئەوەی من لێرەدا بە (بزە)ی عاشقەکان لە قەڵەمیدەدەم (لە نائامادەیی وشەیەکی باشتر) هەلومەرجێکی فەلسەفییە. بۆچی؟ بەهۆی ئەوەی کە ئێمە جارێکی تر رووبەڕووی شتێکی بەراوردنەکراو دەبینەوە_ پەیوەندییەکی بێ پەیوەندی. لە نێوان رووداوی ئەڤین (گۆڕانی بوون) و رێسای ئاسایی ژیان (یاسای شا، یاسای هاوسەرگیری و ....) هیچ پێودانگێکی هاوبەش نییە، کەواتە فەلسەفە دەتوانێت چ شتێکمان پێ بڵێت؟ فەلسەفە پێماندەڵێت کە (دەبێت بیر لەڕووداو بکەینەوە). ئێمە دەبێت لەبارەی ئەم ئاورتەیەوە بیربکەینەوە. دەبێت بزانین کە لەبارەی ئەوەی رێورەسم و ئاسایی نییە دەدوێین. ئێمە دەبێت بیر لە گۆڕانی ژیان بکەینەوە.

**هەنووکە دەتوانین ئەرکەکانی فەلسەفە بە سەرنجدان لە هەلومەرجە باسکراوەکان کۆبەند بکەین:**

**یەکەم:** رۆشنایی خستنەسەر هەڵبژاردنە بنەڕەتییەکانی بیرکردنەوە. بەو چەشنەی کە ئاڵتۆسێر دەیتوانی بیڵێت، لە ساتی کۆتاییدا هەڵبژاردنێکی لەم چەشنە هەمیشە کاروباری پڕبەرژەوەندی و بەدەر لە بەرژهوەندییە.

**دووەم:** رۆشنایی خستنە سەر مەودای نێوان بیرکردنەوە و دەسەڵات، نێوان راستییەکان و دەوڵەت، هەڵسەنگاندنی ئەم مەودایە، زانینی ئەوەی ئەم مەودایە شایەنی تێپەڕبوونە یان نا.

**سێیەم:** رۆشنایی خستنە سەر بەهای ئاوارتە. (the value of exception) ئاشکراکردنی بەهای رووداو و مەودا، ئەنجامی ئەمانە لە بەرامبەرێتیی بەردەوامی ژیان و پارێزگاری کۆمەڵایەتییدا.

ئەمانە (لانیکەم ئەگەر فەلسەفە دەیەوێت لە ژیانماندا شوێنگەیەکی ئـەوتـۆی هەبێت) سێ ئەرکی سەرەکی فەلسەفەن: هەڵبژاردن، دابڕان و ئاوارتە.

پێگەیەکی باڵاتر لە بوارێکی زانکۆیی. لە ئاستێکی قووڵتر، دەتوانین بڵێین فەلسەفە، لە کاتی رووبەڕووبونەوەی هەلومەرجە جـیـاوازەکـان، لە هەوڵی رێکخستنی سێ هەلومەرجی جیاوازدایە: پەیوەندی نێوان هەڵبژاردن، مەودا و ئاورتە. بانگەشەی من ئەمەیە، تێگەیشتنێکی فەلسەفی، بەهەمان ئەو مانایەی کە دۆڵۆز لێیدەدو،ا وەك داهێنان یان

ئافراندنێك وایە، هەمان ئەو شتەیە کە بەردەوام پرسێکی پەیوەست بە هەڵبژاردن (یان بڕیار)، پرسێکی پەیوەست بە مەودا (یان کەلێن) و پرسێکی پەیوەست یان ئاورتە (یان رووداو) بەیەکەوە گرێدەدەن.

قووڵترین چەمکە فەلسەفییەکان شتێکی وەك ئەمەمان پێدەڵێن: (ئەگەر دەتەوێت ژیانتان مانایەکی هەبێت، دەبێت رووداو پەسەند بکەیت، دەبێت لە دەسەڵات دووربکەویتەوە، دەبێت سوربیت لەسەر بڕیارەکانت.) ئەمە ئەو چیرۆکەیە کە فەلسەفە لە کایە جیاوازەکاندا بەردەوام پێماندەڵێت: بوون لە هەلومەرجی ئاورتەیی، لە رووداودا، پاراستنی مەودای خۆی لە دەسەڵات، قبوڵکردنی ئاکامەکانی بڕیارێك، هەر چەندەش کە دوور لە زەین و بیرکردنەوەمان بن. ئەگەر فەلسەفە بەمشێوەیە (تەنیا بەمشێوەیە) وەربگیردرێت، بەڕاستی هەمان ئەو شتەیە کە لە گۆڕانی بوون یارمەتیدەوێت. لە سەردەمی رامبۆوە، هەموان ئەوە دووبـارە دەکەنەوە کە (ژیانی راستەقینەی نائامادە)، بەڵام فەلسەفە ئەگەر بەمچەشنە ئەم بیرۆکەیە بینانەکرێت، کە ژیانی راستەقینە بوونی هەیە، کەمترین بەهای لەدەستداوە. بەسەرنجدان لە هەلومەرجە جیاوازەکاندا، پێویستە بوترێت ژیانی راستەقینە لە هەڵبژاردن، مەودا و رووداودا ئامادەیی هەیە.

سەرەڕای ئەوەش، تا ئەو شوێنەی کە بە هەلومەرج و دۆخە جیاوازەکانەوە پەیوەستدەبێت، لەبارەی هەلومەرجە هەمەچەشنەکان، ناشێت لەم واقیعەتە بێئاگابین کە ناچارین

بۆ دەستگەیشتن بە هزری ژیانێکی ڕاستەقینە دەست بە هەڵبژاردن بکەین، ئەم هەڵبژاردنە (بەو چەشنەی پێشتر وتمان) پشت ئەستوورە بە پێودانگێکی نەپێوراو. ئەو شتەی کە نموونە سێ لایەنەکانمان بەیەکەوە پەیوەستدەکات، ئەو واقیعەتەیە کە ئەوانە لە دەوری پەیوەندی نێوان وشە ناهەماهەنگەکان گردبوونەتەوە: کالیکلیس و سوکرات، سەربازە ڕۆمییەکە و ئەرخەمیدس، ئەو دوو ئاشقە و کۆمەڵگاکانیان.

پەیوەندی فەلسەفیی لەگەڵ هەلومەرجدا، پەیوەندیەکی نەکردە دێنێتەکایەوە، کە شێوەی چیرۆکێك بە خۆیەوە دەگرێت: ئێمە لەبارەی وتووێژی نێوان کالیکلس و سوکرات، لەبارەی کوشتنی ئەرخەمیدس و چیرۆکی ئاشقانی لەخاچدراو شتێکمان باسکرد، بەم چەشنە، گوێ لە چیرۆکەکانی پەیوەندییەك دەگرین. ئەم چیرۆکانە ئەوە دەخەنەڕوو کە ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەك نییە، بەڵکو نەرێنیی پەیوەندیەکەیە. ئەوان دواجار چەندان چیرۆکن لە بارەی دابـڕان_ دابڕان لە کۆتوبەندە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان. وێڕای ئەوەش بەڵگەنەویستە کە بۆ گێڕانەوەی مەودایەك، سەرەتا پێویستە پەیوەندییەك بگێڕدرێتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا_ بەو چەشنەی کە دەبینرێت_ چیرۆك، چیرۆکی دابڕانێکە. مرۆڤ دەبێت لە نێوان کالیکلس و سوکرات یەکێکیان هەڵبژێرێت. دەبێت لە یەکێك لەم دوو کەسە بەشێوەیەکی رەها داببڕێت. بەمجۆرە، ئەگەر ئەرخەمیدس هەڵدەبژێری، ئیتر ناتوانیت رووبکەیتە مارسیلۆس، بەو چەشنەی کە ئاشقەکان تا کۆتایی ڕێگەکەیان

پێکەوە بوون، ئیتر هەرگیز ناتوانیت لە ریزی بەرگریکاران لە رێسای ژیانی هاوسەرگیردا بیت.

بەم چەشنە، دەشێت بڵێین فەلسەفە بریتیی نییە لە هزرێکی پەیوەست بەوەی هەیە، بەڵکو بیرکردنەوەیەکە لەبارەی ئەو شتەی نییە، نەك لەبارەی پەیمانەکان، بەڵکو لەبارەی تێکشاندنی پەیمانەکان. فەلسەفە بریتییە لە بیرکردنەوەیەکی پەیوەستدار سەبارەت بەو پەیوەندییەی کە پەیوەندی نییە.

ئـەو سـاتـەی ئەفلاتون وتـبـووی فەلسەفە جۆرێك بێداربوونەوەیە، ئەو بە تـەواوی ئاگاداربوو لـەوەی کە بێداربوون بە مانای دابڕانێکی دژوار لە خەونە. لای ئەفلاتون بۆ هەمیشە، فەلسەفە رامکردنی بیرکردنەوەیە لەڕووی ئەو شتەی، کە خەونەکانی بیرکردنەوە تێکەڵ و پێکەڵدەکات، بەم چەشنە، دەشێت ئەوە پەسەندبکەین، کە هەموو کاتێک پەیوەندییەکی پارادۆکسیاڵ لە ئارادایە، واتە پەیوەندییەك کە پەیوەندی نییە (هەلومەرجێکی دابڕان) ئەوکات فەلسەفە دەتوانێت بێتەکایەوە.

من پێداگری لەسەر ئەم خاڵە دەکەم: بوونی فەلسەفە نەك بەم هۆیەی کە شتێك لە ئارادایە، فەلسەفە تێڕامان نییە لەبارەی هەموو شتێك (جا هەر شتێك بێت). فەلسەفە هەیە و دەتوانێت هەبێت، لـەبـەرئـەوەی پەیوەندییە پارادۆکسیکاڵەکان، دابڕانەکان، بڕیارەکان، مەوداکان و رووداوەکان هەن.

لەگەڵ ئەو نموونانەی کە ئیتر وەك مەرگی ئەرخەمیدس لە چوارچێوەی ئەفسانەکان لەقەڵەمنادرێن، یان چەند کەسایەتییەکەی ئەدەبی وەك کالیکلس نین، یان وەك ئاشقە یابانییەکان لەچوارچێوەی فیلمە شاعیرانەییەکاندا نین، دەتوانین لەسەر ئەو بانگەشانەی کە وتمان روونکردنەوەی پتر بخەینەڕوو. رێگە بدەن هەندێک نموونەی باش و سادەی پەیوەست بە دۆخی ئێستاتان بۆ بهێنمەوە. نموونەیەکی نەرێنی و نموونەیەکی ئەرێنی.

نموونەی نەرێنی من سادە و ساکارە. ئەم نموونەیە لەم بارەیەوەیە، کە بۆچی فەیلەسوفەکان بەشێوەیەکی گشتی لەبارەی پاڵێوراوەکانی هەڵبژاردن هیچ کارێکی بەرچاو، هیچ قسەیەکی تایبەتییان لە هەگبەدا نییە. ئەو کاتەی کە رووبـــەرووی پاڵێوراوەکانی هەڵبژاردن لە سیستمی پارلەمانی دەبنەوە (ئەگەر هەلومەرجێکی ئاسایی سیستەمی پارلەمانی لەبەرچاوبگریت) بەڕاستی ناتوانن هیچ پێوەرەیەك بخەنەڕوو، کە دەستتێوەردانی فەلسەفە ئاراستەبکات، رەوایەتی پێ ببخەشێت. سەیربکە ... من ناڵێم نابێت بەم هەلومەرجە پەیوەستبێت، بەڵکو تەنیا ئەمە دەڵێم کە هیچ کەس ناتوانێت بە شێوەیەکی فەلسەفی خەریکی چەند هەلومەرجێکی لەمچەشنە بن. ئەو ساتەی کە فەیلەسوفێك بۆچوونەکەی لەبارەی چەند پرسێکی لەم چەشنە دەخاتەڕوو، (لەو کاتەدا) هاووڵاتییەکی ئاساییە، نەك هیچ شتێکی تر.

قسەکانی لەبارەی هەماهەنگی فەلسەفی واقیعی نییە. لەبەرئەوەی ئەمچەشنە پرسانە بەم جۆرەن؟ بە هۆی ئەوەی کە لە سیستەمی پارلەمان ڕێوڕەسم، لە ئەرکە ئاساییەکەیدا، زۆرینە و ئۆپۆزسیۆن بەیەك بەراورددەکرێن. بەڕوونی لە نێوان گرووپی زۆرینە و ئۆپۆزسیۆن پێوەرێکی هاوبەش هەیە، کە بەم مانایەیە لەنێوان ئەم هەلومەرجەدا، پەیوەندییە پارادۆکسیکاڵییەکانت لەدەستداوە. گومانی تێدا نییە کە لەنێوان هەردوو گرووپدا چەندان جیاوازی هەیە، بەڵام ئەم جیاوازییانە نابنە هۆی پەیوەندییەکی پارادۆکسیکاڵ، بەڵکو بەپێچەوانەوە پەیوەندییەکی ئاسایی و یاسایی دێنێتەکایەوە.

هەموان بە ئاسانی لەمە تێگەیشتن، کە درەنگ یان زوو ئۆپۆزسیۆن شوێنی زۆرینە دەگرێتەوە (ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە بە (دەستاودەستکردنی دیموکراتییانە) باسدەکرێت. لە ڕاستیدا بۆ پارلەمانتاریزم پێویستە لە نێوان ئەو دوو گروپەدا شێوەیەکی هاوبەش هەبێت، لەبەرئەوەی ئەگەر شێوە و پێوەرێکی هاوبەشی نەبێت، ئەوکات ناتوانێت پاڵێوراوێك بخاتە جێی پاڵێوراوێکی تر. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەدەبیات و وشەکان لەگەڵ یەکتر شایەنی بەراوردکردن بن، تا ئەو شوێنەی کە لەگەڵ یەکتر بەراورددەکرێن، هەلومەرجێکی پشتئەستور بە ئاورتەیەکی رادیکاڵت نییە.

خاڵێکی تر ئەوەیە کە هەڵبژاردنێکی رادیکاڵت لەدەستدا نییە: بڕیارەکەتان بەوچەشنەی کە خۆشت دەزانیت،

بڕیاری نێوان جیاوازییە زۆر ورد و جیاوازییە لاوەکییەکانە. هەڵبژاردنەکان زۆرجار لەلایەن گروپێکی بچووك لە کەسە لەڕێلادەر (و دوودڵەکان) بەڕێوە دەبردرێت، کە بیروڕای جێگیر و فۆڕمگرتویان نییە_ ئەو کەسانەی کە پاپەندبوونی حەقیقیان هەیە، تـاوەکـو بلۆکە سیاسییە جێگیرەکان پێکبهێنن، بەڵام گروپێکی بچووك لە خەڵکیش هەن، کە بە «گروپی ناوەڕاست» لە قەڵەمدەدرێن، سەردەمانێک بــەرەو ئاراستەیەك دەبزوێن و سەردەمانێکی تر بەرەو لایەنی بەرامبەر. لێرەدا دەبینیت کە بۆچی بڕیاری گروپێك کە تایبتمەندییە سەرەکییەکەی دوودڵییە، بڕیارێکی زۆر تایبەتە. ئەم بڕیارە لەلایەن کەسانی یەکلاییکەرەوە نادرێت، بەڵکو بڕیاری کەسانی دوودڵـە، هەمان ئەو کەسانەی کە بڕیاریان نـەداوە، تەنیا بەگوێرەی دەرفەتە خێراکان یان چەند هۆیەك کە ساتەکانی کۆتایی بڕیاردەدەن. بەمچەشنە ئەرکی هەڵبژاردن لە مانا بەربڵاو و واقیعییەکەی زاڵە. لێرەدا نزیکایەتی و خزمایەتی زاڵە نەك مـەودا. هەڵبژاردنەکان کەلێن درووستناکەن، خودی رێسا و هەلومەرجی بەدیهاتوی رێسا درووستدەکەن. دواجار گریمانەی رووداوێکی حەقیقیت لەدەستچووە، وا هەستناکەیت لایەنی ئاورتەیەکت گرتووە، لەبەرئەوەی لەبەرامبەردا، ئامادەیی و ئەرکی ئاسایی دامەزراوەکە هەستپێناکەیت. ئەوەش روونە کە لەنێوان دامــەزراوە و ئـاورتـەدا گرژییەکی بنەڕەتی هەیە. لەم رووەوەیە کە پرسەکە وەك هەڵبژاردنەکان بۆ فەیلەسوف

پرسێکی جۆریی پەیوەست بە دەنگدان و بڕوایە کە دەشێت بڵێین پەیوەندی بە کاروباری بەراوردنەکراو، هەڵبژاردنی رادیکاڵ، ناوبڕ یان ئاورتە نییە. لە پێگەی دیاردەیەکی پەیوەست بە دەنگدان و بڕوا، هەڵبژاردنەکان هیچ نیشانە و هێمایەکی لە ئافراندنی پرسە نوێیەکاندا نییە، بەڵام نموونە ئەرێنییەکەم ئاماژەیە بە گرنگی دەستوەردان لە پەیوەندی بە جەنگی ئەمەریکا لە عێراقدا. لە پرسی جەنگی ئەمەریکا دژی عێراق، بە پێچەوانەوەی هەڵبژاردنە پارلەمانییەکان، هەموو پێوەرەکانمان (لەبارەی هەلومەرجێکی فەلسەفی) لەگەڵ یەکتر کۆکراونەتەوە.

**یەکەم:** لێرەدا لە مانا سادە و ساکارییەکەیدا، سەروکارمان لەگەڵ شتێکی بەراوردنەکراودا هەیە: لەنێوان دەسەڵاتی ئەمەریکا لە لایەك، دەوڵەتی عێراق لەلایەکەی ترەوە هیچ شێوە و پێوەرێکی هاوبەش نییە. ئەم جەنگە وەك جەنگی فەرەنسا و ئەڵمانیا لە جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵانی 1914-1918دا نییە. لەو جەنگەدا، لە نێوان فەرەنسا و ئەڵمانیا پێوەرێکی هاوبەش هەبوو، رێك بەم هۆیە بوو، کە شاهیدی جەنگی جیهانی بووین، بەڵام لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و عێراقدا، هیچ چەشنە شێوەیەکی هاوبەش نییە. ئەم نەبوونی شێوە هاوبەشە وەك ئەو شتە وایە کە رووداوی «چەکە کۆمەڵکوژەکان» تا ئەو رادەیە گرنگی پێدرابوو. پڕوپاگەندەی ئەمەریکی و بەریتانی بە هۆی خستنەرباسی پرسەکە لەبارەی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە عێراق لە هەوڵی ئەوەدابوون،

تاوەکو خەڵك رازی بکەن کە لەم نێوانەدا شێوە و پێوەرێکی هاوبەش لە نێوان هەردوو لای جەنگدا هەیە. ئەگەر سەدام حوسێن چەکی ئەتۆمیی، کیمیایی و بیۆلۆژیکیی هەبوایە، ئەوکات دەیانتوانی رەوایەتی بە هێرشبردنی خۆیان بۆ عێراق بدەن ئەویش بەگوێرەی هەبوونی شێوەیەکی هاوبەش لە نێوان دەسەڵاتی خۆیان و دەسەڵاتی عێراق، لەم دۆخەدا، ئێمە شاهیدی هێرشی وزەی زۆر بەهێز نەبووین بەرامبەر وزەیەکی زۆر لاواز، بەڵکو سەروکارمان لەگەڵ بەرگری رەوا لەبەرامبەر هەڕەشەی پێوراودا هەبوو. ئەم واقیعەتەی کە لە عێراقدا، هیچ جۆرە چەکێکی کۆمەڵکوژ بوونی نییە، ئەوەی کە هەموو پێشتر دەیانزانی ئاشکراتربوو: لەم پرسەدا هیچ شێوەیەکی هاوبەش نەبوو.

**دووەم:** لەم بابەتەدا لەگەڵ پێویستیی رەهای هەڵبژاردنێك دایت. لەم هەلومەرجەدا، بەڕاستی دیار نییە کە چۆن دەشێت نە نەیار و نە یاری جەنگ بوون. هەر بە هۆی ئەم هەڵبژاردنەوەیە کە خۆپیشاندان و ناڕەزایی دژی ئەم جەنگە هێندە بەرفراوان بووە.

**سێیەم:** لە دەسەڵات دووریت: خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان دژی جەنگ کەلێنێکی سوبێکتیڤی گرنگی بە سەرەنجدان لە دەسەڵاتی هەژموونی ئەمەریکا هێنایە کایەوە.

**چوارەم:** ئێمە شاهیدی دەرکەوتنی هەلومەرجێکی تازەین کە لە تەك زۆرێک لە شتەکانی تر، بە هۆی بایەخی

ئەم خۆپیشاندان و گردبوونەوانە دەستنیشان دەکرێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، توانا تازەکانی تێگەیشتن و کارکردنی هاوبەش لەنێوان فەرەنسا و ئەڵمانیا ئەدگاری ئەم هەلومەرجەیە.

دواجار، بە سەرەنجدان لەوەی روویداوە، دەبێت پێش هەر شتێك بپرسیت: «ئاخۆ پەیوەندییەك هەیە، کە پەیوەندی نەبێت؟ ئاخۆ توخمە بەراوردنەکراوەکان لە ئارادایە؟» ئەگەر وەڵامەکە ئەرێنییە دەبێت ئاکامەکانی دابڕێژی: لێرەدا هەڵبژاردنێك، مەودایەك و ئاورتەیەك هەیە، بەگوێرەی ئەم بنەمایەیە کە دەشێت لە لێکۆڵینەوەی بۆچوونەوە بۆ هەلومەرجێکی فەلسەفیی تێپەر ببێت. لەم هەلومەرجەدا، دەتوانین مانا بە پەیمانی فەلسەفی بدەین. ئەم پەیمانە بە سودوەرگرتن لە پێوەرە فەلسەفییەکاندا، بۆچوونێکی پتەوی تایبەتی خۆی لە سنوری فەلسەفەدا دەئافرێنێت.

من پێداگیرییەکی زۆر لەسەر تاکایەتیی (singularity)[1] پەیمانی فەلسەفی دەکەمەوە. فەلسەفە دەبێت بەشێوەیەکی رەها لە سیاسەت جیابکرێتەوە. هەڵبەت هەندێک پەیمانی سیاسی هەن، کە بە هۆی فەلسەفەوە رووندەبنەوە، یان تەنانەت، دەبێت بوترێت، ئەوە فەلسەفەیە کە زەرورەتیان

---

1- مەبەست لە تاکایەتیی (indiviual) نییە، بەڵکو بەهۆی نەبوونی وشەیەکی پڕ بە پێستی سینگولارێتی، بۆیە بەناچاری وشەی تاکایەتییمان بۆ بە گونجاو زانیوە، هەرچەندە وشەگەلی وەك تاقەنە و تاقەنەییش بوونی هەیە، کە لەگەڵ ماناکانی دۆخی سینگولارێتیدا نایەیتەوە.

جڵەوگیردەکات، بـەڵام فەلسـەفە و سیاسـەت بەتەواوی لەیەکتر جیاوازن. ئامانجی سیاسەت گۆڕینی هەلومەرجە جەمعییەکانە، لە کاتێکدا فەلسەفە لە هەوڵی خستنەڕووی پرسە تازەکانە بۆ هەمووان، گـوزارەی جیاوازی فەلسەفە و سیاسەت لە پەیوەست بە پرسە فەلسەفییە تازەکان، لە بـەراورد بەو فۆرمەی دادوەری، کە لە ململانێی سیاسیی ڕاستەوخۆدا بەکاریدەهێنین، فۆرمێکی تـەواو جیاواز لە دادوەری دەخوڵقێنێت.

هەڵبەت فەلسەفە دەتوانێت بەگوێرەی نیشانە سیاسییەکان کاربکات، پرسەکان بە سودوەرگرتن لەم نیشانانە بخوڵقێنێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، کە ئەم دووانە دەتوانن لەگەڵ یەك تێکەڵبکرێن، بەڵکو بەو مانایە دەگەن، کە لە ساتەوەختی تایبەتدا هەندێک هەلومەرج دەتوانن بۆ سیاسەت زۆر گرنگ بن، بەڵام بۆ فەلسەفە بێ بایەخ بن، بە پێچەوانەشەوە بەم هۆیە، هەندێک کات پەیمانی فەلسەفی دەتوانێت زۆر نەرێنی، تەنانەت پەیپێنەبراو بێتە بەرچاو. پەیمانی ڕاستەقینەی فەلسەفی (لەو جۆرەی کە شایەنی بەراوردکردن نییە، بە هەڵبژاردنی بیرکردنەوە لەقەڵەمدەدرێت) ئاورتە دەهێنێتە سەر شانۆ، مەوداکان دەخوڵقێنێت، بەتایبەت لە فۆرمە هەمەچەشنەکانی دەسەڵات دووردەکەوێتەوە، ئەمەش خۆی پەیمانێکی غەریب و نەرێنییە.

دەقێکی زۆر سەرنجڕاکێشی ئەفلاتون لەم بارەیەوە هەیە، کە دەتوانیت لە کۆتایی کتێبی نۆیەمی نامەی

کۆماردا بیدۆزیتەوە. بەو چەشنەی کە دەزانیت، لە کۆماردا ئەفلاتون جۆرێك یۆتۆپیای سیاسیی دارشتووە، بەم چەشنە، رەنگە بەمجۆرە خەیاڵ بکەین کە لەم نامەیەدا فەلسەفە و سیاسەت زۆر لە یەکەوە نزیکن. لە کۆتایی بەشی نۆیەمدا، سوکرات خەریکی قسەکردن و وتـوویـژە لەگەڵ چەند گەنجێك کە هەندێک لەوانە پێیدەڵێن: «ئەم چیرۆکەی تۆ زۆر سەرەنجراکیشە، بەڵام لە هیچ شوێنێکدا پەیوەست نابێت بە واقیعیەتەوە.» ئەمە واتە رەخنەی یۆتۆپیا، لەو سەردەمەشدا بوونی هەبووە، هەروەها دیسان بە سوکرات دەڵێن: «کۆمارەکەی تۆ لە هیچ شوێنێکدا نایەتەدی.» سوکرات وەڵامدەداتەوە: «بەڵام دەشێت بە هەر شێوەیەك بێت لە شوێنێکی تر، لە دەرەوەی وڵاتەکەمان، بێتەکایەوە.» بە دەربڕینێکی تر، دەڵێت یۆتۆپیا لە شوێنێکی دەرەوەی کۆمەڵگە دێتە کایەوە، لایەنەکان نامۆ و بێهوادەبن. بە دیدی من، ئەمە زۆر گرنگە کە پەیبەوەبەریت پەیمانێکی فەلسەفیی راستەقینە لە هەلومەرجە جیاوازەکاندا جۆرێک غەریبی دەئافرێنێت، بەشێوەیەکی گشتی، بە شتێکی دەرەکی لەقەڵەم دەدرێت. ئەو کاتەی کە ئەم پەیمانە بە شێوەیەکی ئاسایی دەربکەوێت (سەردەمانێك کە ئەم غەریبییەی نەبێت، لە پارادۆکسدا نوقم نەبێت) ئەوکات ئیتر نەك پەیمانێکی فەلسەفی راستەقینە، بەڵکو پەیمانێکی سیاسی و پەیمانێکی ئایدۆلۆژیکی، یان پتر لە پەیمانێکی هاووڵاتی نابێت. پەیمانی فەلسەفی بە غەریبییە ناوەکییەکەی دەستنیشاندەکرێت.

ئـەم وتـوێـژە، شیعرێکی بیر هێنامەوە کـە زۆرم خۆشدەوێت. شیعری شاعیرێکی فەرەنسییە، سەن ژوون پرس_شیعرێکی حەماسی و بێهاوشێوە بە ناوی Anabasis[2] لە کۆتای بەشی پێنجەمی ئەم شیعرەدا هاتووە: بێگانە، داپۆشراوە بە بۆچوونی ناوازەی خۆی، وەك یارانێکی زۆر لە ڕێگەکانی بێدەنگیدا دەدۆزێتەوە. ئەمە بێگومان پێناسەیەکە لە پەیمانی فەلسەفیی. فەیلەسوف هەمیشە بێگانەیەکە لە داپۆشراوێك لە بۆچوونە ناوازەکانی خۆی.

ئەمە بەو مانایەیە کە ئەو بیر و پرسە تازەکان دەخاتەڕوو، دەیخاتە پێشڕەوی هەموویان. ئەو «هێندە یارانێکی زۆر لە ڕێگەکانی بێدەنگی دەدۆزێـتـەوە»، واتـە توانای سەرەنجڕاکیشانی ژمارەیەکی زۆری خەڵکە بۆ ئەم پرسە تازانە، لەبەرئەوەی وایان لێدەکات کە بڕوابکەن ئەم پرسانە یونیڤێرساڵن. خاڵە گرنگەکە ئەمەیە، ئەو کەسانەی گوێ لە گوتاری فەیلەسوف دەگرن، بە هۆی «بێدەنگی بۆچوونەوە» لەگەڵی هاوڕابوونە، نەك بەهۆی «ڕەوانبێژی گوتارەوە».

بەو چەشنەی کە دەیبینیت، ئەم وێناکردنە لە بێگانە، کە بە هزرە تازەکانی دۆستانێك بۆ خۆی دەدۆزێتەوە، زۆرجار دۆستانی بێدەنگ بە تەواوی ئەم بۆچوونەیان هەیە کە لەم نێوانەدا چەند پرسێکی یونیڤێرساڵ لە ئارادایە، ئەو پرسانەی کە گوێدێرەکانی هەموو مرۆڤایەتیین_ بێ هیچ هەڵاوێردرێك.

بەم هۆیە دەمەوێت بۆچوونێکی پێویست بۆ ئەم

---

2- لەشکرکێشییەکی ناسەرکەوتووی کۆرۆشی بچووك لە ساڵانی 400-401پ. ز.

تێڕامانە لەبارەی پەیمانی فەلسەفی زیاد بکەم: تیۆری یونیڤێرساڵیتی (گەردوونگەرایی). دەزانین فەیلەسوف خۆی دواجار لە ژێر پرەنسیپە گشتییەکانی پەیوەست بە پێگەیەکی پارادۆکسیکاڵ دەزانێت. ئەم یونیڤێرساڵیتییە لە خۆگری چییە؟ ئەم پرسیارە بە هەشت تێز لەبارەی یونیڤێرساڵ وەڵامـدەدەمـەوە. رێگەم پێبدەن کەمێک هونەریتر و روونتر درێژە بە قسەکانم بدەم. ئەوەی لە درێژەدا بۆتانی دەخەمەڕوو، شتێکی وەك پوختەیەکە لە فەلسەفەی من. هەڵبەت هیچ کەس ناتوانێت چاوەڕوان بێت، پوختەی فەلسەفەیەك بەم سادەییە وەك کورتەی هەواڵە وەرزشییەکان بێت! تەنانەت ئەگەر فەلسەفە، بەو چەشنەی کە کانت دەیڵێت، کۆمباتە (combat)[3]و بەم چەشنە، وەرزشێکە. ئەوەی لە درێژەدا باسیدەکەم، خاڵ بە خاڵ، پێناسەی منە لە یونیڤێرساڵ.

**تێزی یەکەم: بیرکردنەوە، ئامڕازێکی گونجاوی یونیڤێرساڵە**

مەبەستم لە «بیرکردنەوە» سوبێکتە، تا ئەو کاتەی کە لەڕێگەی پرۆسەیەکەوە هەڵدەهێنجرێت و گشتێتی مەعریفەی بوون تێکدەشکێنێت، یان بەو چەشنەی لاکان دەڵێت تا ئەو کاتەی سوبێکت کونێك لە مەعریفە بێنێتەکایەوە.

3- جۆرە وەرزشێکە لە نێوان دوو کەس یان زیاتر ئەنجامدەدەرێ.

**چەند تێبینیەك**

**ئەلف:** مەبەست لە بیرکردنەوە ئامرازێکی گونجاوی یونیڤێرساڵە، بەو مانایەیە کە هیچ شتێکی نییە بە شێوەی ئۆبێکت، یان شیرازەیەکی ئۆبێکتیڤ دەربکەوێت. یونیڤێرساڵ لە بنەڕەتدا «نائۆبێکتیڤە». یونیڤێرساڵ تەنیا لەڕێگەی بەرهەمهێنان(یان بەرهەمهێنانەوە)ی ڕەوتـی بیرکردنەوە ئـەزمـوون دەکـرێـت. ئـەم ڕەوتـەش دۆخێکی سوبێکتیڤ دروستدەکات (یان نۆژەندەکاتەوە). لەم بارەیەوە دوو نموونەی جۆریم (تیپیکاڵی) لەبەردەستە : نموونەی یەکەمیان بریتییە لەوەی کە یونیڤێرساڵێتی پرسێکی ماتماتیکییە تەنیا بەهۆی داهێنان، یان بەرهەمهێنانەوەی کاریگەریەکەی سەلماندنەوە ئەزموندەکرێت. نموونەی دووەمیان یونیڤێرساڵێتی واقیعی لە گوزارەیەکی سیاسییشدا، تەنیا لەڕێگەی کردەیەکی کێبەرکێییانە کە پراکتیکی دەکات، دەشێت ئەزموون بکرێت.

**ب:** بیرکردنەوە وەك سوبێکتی بیرکردنەوە، لەڕێگەی پرۆسەیەکەوە هەڵدەهێنجرێت، ئەمە بەو مانایەیە کە یونیڤێرساڵ بەهیچ شێوەیەك ئەنجامی پێکهاتن یان بیناکردنێکی ترانسێندنتاڵ (متعالی) نییە، کە سوبێکتێکی بیناکراو گریمانە دەکات. لەبەرامبەردا کرانەوە و توانایی یونیڤێرساڵ، خۆی پێشمەرجی بوونی سوبێکتێکی بیرکردنەوەیە لە ئاستی لۆکاڵییدا. سوبێکت وەك بیرکردنەوە لە خاڵێکی تایبەت لە گۆشەیەك، کە لەرێگەیەوە هەڵدەهێنجرێت، گەمارۆدەدرێت. یونیڤێرساڵ ئەو شتەیە کە هەم خاڵەکانی

خۆی وەك سوبێکتی بیرکردنەوە دەستنیشاندەکات، هەم کۆکردنەوە یان باسکردنی شاراوە و واقیعی ئەم خاڵە. بەم چەشنە، دیالێکتیکی سەرەکیی بەکارهاتوو لە یونیڤێرساڵدا، دیالێکتیکی لۆکاڵی وەك سوبێکت و دیالێکتیکی گلۆباڵ وەك شێوەکی ناکۆتایە. ئەمە دیالێکتیکی خودی بیرکردنەوەیە.

لە ئاکامدا، یونیڤێرساڵێتی گوزارەیی (زنجیرەی ژمارەکانی یەکەم بێ سنورە) بەم هۆیەیە کە ئێمە ڕوومانکردۆتە دووبارەکردنەوە، یان دۆزینەوەی هۆیەکی بێهاوتا لەڕووی ڕەهەندی بیرکردنەوە بۆ ئەم پرسە. لە سەردەمی گریکەوە تا هەنووکە تیۆری ژمـارەکـان هاوشان بە ئیگزۆماتیکی (axiomatic) ژێرخانەکەی پارێزراوە. بە دەربڕینێکی تر، یونیڤێرساڵێتی گوزارەیەکی پراکتیکی «مافی کرێکارانی پەنابەری نایاسایی لە وڵاتێکدا دەبێت لـەلایـەن ئەو وڵاتــەوە بە فەرمی بناسرێت»، لە تــەواوی چەشنەکانی هەنگاوە کێبەرکێکارەکاندا شاردراوەتەوە کە لە ڕێگەیانەوە سوبێکتیڤیی سیاسیی (political subjectivity) چالاکانە دروستدەبێت، هەر بەم چەشنەیە، لە پرۆسەی جیهانیی سیاسەتێکدا، بەگوێرەی ئەوەی لەبارەی دەوڵەت و بڕیارەکان، ڕێسا و یاساکانییەوە وەسفدەکات.

**جیم:** پرۆسەی یونیڤێرساڵ یان حەقیقەت (لەڕاستیدا هەردووکیان یەك شتن) پەیوەندییەکی لاوەکییان لەگەڵ هەموو بوارە هەمەجۆرەکانی مەعریفەدا هەیە، ئەمە بەو مانایەیە کە یونیڤێرساڵ هەمیشە پتر لـەوەی بونیادێکی

وەسفکراوی هەبێت، دەرکەوتنێکی نەژمێردراوە. بە زمان و دەربڕینێکی تر، پێموایە حەقیقەتێك بەرامبەر مەعریفە تێنەپەڕە، تەنانەت لە بنەڕەتدا ناوەڕۆکێکی نەناسراوە. کاتێک حەقیقەت وەك ناهوشیاریانە پێناسە دەکەین، ئەمەش ڕێگەیەکی ترە بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەم.

هەموو ئەوەی لە مەعریفەدا بەهۆی گوزارە وەسفییەکانەوە (descriptive predicates) شایەنی ناسین بێت بە تایبەتێتی (particular) لە قەڵەمی دەدەم، بەڵام هەموو ئەوەی وەك شێوەیەکی باو لە پێگەیەکدا شایەنی دەستنیشانکردنە، بەڵام لە فۆرمی هیچ چەشنە وەسفێکی بەڵگەیی ناگونجێت، بەتاکایەتی (singular) لە قەڵەمیدەدەم. بەمچەشنە، تایبەتمەندییە کولتورییەکانی هەر دانیشتوانێك بە تایبەتێتی لە قەڵەمدەدرێت، بەڵام هەموو ئەوەی بەدرەوشانەوەی ئەم تایبەتمەندییانە و دوورکەوتنەوە لە هەر چەشنە وەسفکردنێکی باو، بەشێوەیەکی یونیڤێرساڵ سوبێکتێکی بیرکردنەوە بە تاکایەتی لەقەڵەمدەدرێت.

## تێزی دووەم: هەموو یونیڤێرساڵێك تاك و تەنیایە، یان تاکایەتییە

دەربارەی تایبەتێتی، هیچ چەشنە پاراستن و بەرزکردنەوەی یونیڤێرساڵی گونجاو نییە. ئەم ڕۆژانە بەشێوەیەکی ئاسایی بانگەشەی ئەوە دەکرێت، کە تەنیا کۆپی یونیڤێرساڵ ڕێزدانانە بۆ تایبەتێتییەکان، بە بڕوای من،

ئەم تێزە لێکدژە. ئەم لێکدژییە خۆی بە ئامڕازی ئەم واقیعەتە زەق دەکاتەوە کە هەر چەشنە هەوڵدانێك بۆ بەگشتیکردنی ئەم تێزە بەردەوام لە بەرامبەر ئەو تایبەتێتییانە رادەوەستێت کە لایەنگرانی یونیڤێرساڵیتیی فۆرماڵ هەمواری ناکەن، راستییەکە ئەمەیە کە خودی پاراستنی رێزی تایبەتێتییەکان پاراستنێکی یونیڤێرساڵە، لەم شێوەیەدا، پێویستە لە سەرەتادا جیاوازی لە نێوان تایبەتێتییە باش و تایبەتێتییە خراپەکان بکەین. بە دەربڕینێکی تر، دەبێت جۆرێك هیرارکییەت لە ناواخنی گوزارە وەسفییەکان بهێنرێتەکایەوە. بۆ نموونە، دەشێت وا بانگەشە بکرێت، کە تایبەتێتییەکی کولتوری (خصوصیە ثقافیە) یان ئاینی، ئەگەر رێزی بۆ تایبەتێتییەکانی تر دانەنا، ئەوا بە تایبەتێتییەکی خراپ لە قەڵەمدەدرێت. بەڵام زۆر روونە کە یونیڤێرساڵی فۆرماڵ لە پێشدا لە تایبەتێتیدا بوونی هەیە. دواجار یونیڤێرساڵیتی رێزدانان بۆ تایبەتێتی هەر هەمان یونیڤێرساڵیتیی یونیڤێرساڵیتیە(universality of universality).

ئەم پێناسەیە لە رادەبەدەر تاوتولۆژیکییە. ئەم لایەنە هاوشێوەی پرۆتۆکۆڵێکە کە دەیەوێت تایبەتێتیی تایبەتەکان (بە دەربرینێکی تر، تایبەتێتییە نەمرەکان) رەش بکاتەوە، لەبەرئەوەیە گوزارەکانی ئەم تایبەتێتییە لە بۆتەی پێکهاتەی شوناسگەرایانەی خۆبەشکردو (self sufficient) بەرەو لەنێوچوون دەبات.

بەم چەشنە، دەبێت بڵێین هەر یونیڤێرساڵێك خۆی نەك وەك رێسامەندکردنی تایبەتێتی یان جیاوازییەکان، بەڵکو وەك

تاکایەتییەك کە گوزارە شوناسییەکانی کەمیانکردووە، دەخاتەڕوو، گەرچی ئەم یونیڤێرساڵێتییە خۆی لەڕێگەی گوزارەگەلی لەم چەشنە دەخاتەڕوو. کەمکردن لە تایبەتێتییەکانەوە پەیدادەبێت کە لە بەرامبەر گریمانەکردندایە، بەڵام ئەگەر تاکایەتی دەتوانێت بە هۆی کەمکردنەوە، بانگەشەی یونیڤێرساڵ بکات، بەم هۆیەیە کە رۆڵ و کردەی گوزارە شوناسگەراکان، یان لۆژیکی ئەو فۆرمانەی مەعریفە کە وەسفی تایبەتێتییەکان دەکەن، رێگری بەردەم هەر چەشنە تواناییەکی پێشبینی یان تێگەیشتن لێیدەبێت.

**تێزی سێیەم: هەموو یونیڤێرساڵێك لەڕووداوێکەوە سەرچاوەدەگرێت، رووداو بەرامبەر تایبەتێتیی رەوشەکە ناگۆڕێت.**

یەکانگیری و پەیوەندی نێوان یونیڤێرساڵ و رووداو پرسێکی سەرەکییە. لە بنەڕەتدا، ئەوە روونە کە پرسی یونیڤێرساڵیزمی سیاسی بەتەواوی پشت ئەستورە بە رژێمێك لە وەفاداری یان خیانەت، هەڵبەت نەك لە بەردەم ئەم یان ئەو دۆکترین و رەوتەدا، بەڵکو وەفاداری یان بێوەفایی بەرامبەر رووداوگەلی وەك شۆڕشی گەورەی فەرەنسا، کۆمۆنی پاریس، یا ئۆکتۆبەری 1917، ململانێی رزگاریبەخشی نەتەوەیی، یان بزوتنەوەی مەی 1968. لە بەرامبەردا، بۆ رەتکردنەوەی یونیڤێرساڵیزمی سیاسی، رەتکردنەوەی سەرباسەکانی ئازادکردن، شتێکی پتر لە پڕوپاگەندەی

کۆنەپەرستیی رووت پێوستە. ئەم لایەنە پێویستی بەو شتەیە کە دەتوانرێت بە ریفیشینیزمی رووداوی (eventual revisionism) لە قەڵەمبدرێت. بۆ نموونە دەشێت بە هەوڵی فورێت لە خستنەڕووی بێهودەیی شۆڕشی فەرەنسادا بیربکەینەوە، یان بیر لەو هەوڵە بێ ئەژمارانە بکەینەوە، کە دەخـوازن تا مەی 1968 بە خۆپیشاندانی خوێندکاران بەرەو ئازادییە سێکسییەکان کورت بکەنەوە. ریفیشینیزمی رووداوی پەیوەندی نێوان یونیڤێرساڵیتی و تاکایەتی دەکاتە ئامانج. بە گوتەی مالارمێ دەبێت بڵێین دەستەواژەی: لە شوێندا هیچ شتێکی جگە لە شوێن روونادات، تەنیا پشت بە روونکردنەوەی رێزمانی و گوزارەیی دەبەستێت، هەموو ئەوەی ئۆبێکتیڤ بێت، هەڵگری بەهای یونیڤێرساڵە. دواجار ئەم پرسە بەم بانگەشەیە ئەنجامدەدرێت، کە هەموو ئەوەی لە میکانیزمەکان و دەسەڵاتی سەرمایە شوێن پێی خۆی قایمدەکات، هاوشان بە گرێنتییە دەوڵەتییەکانی، بەدیهێنەری بەهایەکی یونیڤێرساڵە.

لەم بارەیەوە، چارەنووسی ئاژەڵی مرۆیی (human animal) بە هۆی پەیوەندی نێوان تایبەتێتیی گوزارەیی و گشتیبوونی یاسا ئاراستە دەکرێت _چارەنوسێکی ئاژەڵ ئاسایانە. لێرەوە رووداوی لایەنێکی کرداریی لە یونیڤێرساڵیزم دەستپێبکات، سوبێکتیش لە رەوتی ئەم لایەنە دێتەکایەوە، لە بەستانەوەی پۆزەتیڤیستیی تایبەتێتی و گشتێتی لە بەرامبەر یەکدایە.

لەمەوە دەشێت ئاماژە بە پرسی گرنگی جیاوازییە سێکسواڵییەکان بکرێت. تایبەتێتییە گوزارەییەکان، کە پێگەکانی پیاو و ژن لە کۆمەڵگەیەکی تایبەت دەخەنەڕوو، دەشێت بەشێوەیەکی ئەبستراکت لێی تێبگەین. پرەنسیپێکی گشتی شایەن بە روونکردنەوە، دەشێت ئەمە بێت کە ماف، شوێنەکان، تایبەتمەندییەکان و هیرارکیەتەکانی پەیوەست بەم پێگانە، دەبێت پەیڕەوی رێسایەکی یەکسانخوازانەی هەڵێنجراو لە یاسا بێت. هەموو ئەمانە باش و قەشەنگن، بەڵام ناتوانێت زەمینەی هیچ چەشنە یونیڤێرساڵێتیەك تا ئەو شوێنەی کە دابەشکردنی گوزارەیی رۆڵەکانی سێکسواڵێتی خرابێتەڕوو، فەراهەمبکات. بۆ بەدیهاتنی ئەم واقیعە، دەبێت شاهێدی دەرکەوتنی لەخۆڕای تایبەتێتی رووبەڕووبوونەوەیەك یان راگەیاندنێك بین، ئەو راگەیاندنەی کە سوبێکتێك وا لێدەکات کە دەرکەوتنی رێك وەك کەمکردنی ئەزموونەکەی لە جیاوازی سێکسواڵییدا. سوبێکتێکی لەم چەشنە، بە هۆی رووبەڕووبونەوەیەکی عاشقانە دەخرێتە ڕوو، رووبەڕووبونەوەیەك کە تێیدا سەنتێزی جیابوونەوەی پێگە بە سێکسواڵێتیکراوەکان روودەدات. بەمچەشنە، پانتایی عاشقانە تەنیا پانتاییەکی راستەقینەیە، کە تێیدا تاکایەتیی یونیڤێرساڵی پەیوەست بە دوو جێندەرە (دواجار پەیوەست بە جیاوازی لەم چەشنە) رادەگەیەنرێت. لێرەوەیە ئەزمونێکی سوبێکتیڤی

دابەشنەکراو لە جیاوازی رەهـا روودەدات. هەمووان دەزانـن کە وەختی خستنەڕووی پەیوەندی نێوان دوو جێندەر، تاکەکان بەردەوام بەرەو چیرۆکە عاشقانییەکان دەڕۆن، ئەم راکێشانە نالەبارە بە رێگرییە جیاوازی و تایبەتییەکان، کە وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پووچی خۆشەویستی بەکاردەهێنرێن. لەم بارەیەوە تەواو روونە کە سەرنجڕاکێشانی هەڵێنجراو لە یونیڤێرساڵ رێك لەم واقیعەتەدا شاردراوەتەوە، کە یونیڤێرساڵ وەك تاکایەتیەکی ناکۆمەڵایەتی، خۆی لە گوزارەکانی مەعریفە کورتدەکاتەوە (یان هەوڵدەدات کورتیبکاتەوە).

بەم چەشنە بە پێداگرییەوە دەبێت بڵێین، یونیڤێرساڵ هاوشێوەی تاکایەتییەك دەردەکەوێت و ئەوەی ئێمە دەبێت لێیەوە دەستپێبکەین، سەربارێکی ریسك ئامێزە، کە هەموو تواناکەی پشت ئەستورە بەمەی، کە هیچ گوزارەیەك لە بەردەستدا نییە بۆئەوەی بتوانێت بیخاتە ژێر کاریگەری مەعریفەوە.

بـەم چەشنە پرسیارەکە ئەمەیە: چ نموونەیەکی مـاددی، چ کاریگەرییەکی دابەشنەکراو لە ئامادەیی، زەمینە بۆ لایەنێکی سوبێکتسازی (supjectivating)، کە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی پەیوەستییە بە یونیڤێرساڵ، فەراهەمششدەکات؟

**تێزی چوارەم: یونیڤێرساڵێك، پێش هەر شتێك، وەك بڕیارێك بەرامبەر بڕیارنەدان دەخرێتەڕوو**

ئەم خاڵە پێویستی بە روونکردنەوەی زیاترە.

من ئینسکلۆپیدیا بە سیستمێکی گشتیی مەعریفەی گشتیی لە ناخی رەوشێك لە قەڵەمدەدەم. لەو جۆرەی کە هەموان لەبارەی سیاسەت، جیاوازییە سێکسواڵەکان، کولتور، هونەر، تەکنەلۆژیا و هتد دەیزانن، بەڵام هەندێک شتی دیاریکراو، رستەکان، یان رێکخستن یان فراگمێنتی گوتاریی هەن، کە بەهاکەیان ناشێت بە پشتبەستن بە ئینسکلۆپیدیا دەستنیشانبکرێت، هاوێزیی نادیاریکراو، نـاڕوون و نەناسراوە، زۆرجـار لە پەراوێزەکانی ئینسکلۆپیدیا جێی خویان خۆشدەکەن. ئەمەش هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، کە ڕەوشەکەیان لە رووی بونیادییەوە بەدڵنیاییەوە نامێنێتەوە، ئەو شتانەی کە (رەنگە بەڵێیەك، یان رەنگیشە نەخێرێك)ی بەدوادا بێت، بە دەستەواژەیەکی تر، هەموو ئەو شتانەی کە پێگەکەیان دەتوانێت تا ئەبەد بەگوێرەی رێسایەکی بێ بڕیار باسبکرێت (رێسایەك کە خۆی ئینسکلۆپیدیاییە)- هەموو ئەو شتانەی کە مەعریفە بـەرەو بڕیارنەدانمان دەبات. بۆ نموونە، ئەمڕۆ مەعریفەمان بەرەو بڕیارنەدان لەبارەی بوونی خودا دەبات. پێویستە بڵێین رەنگە شتێک هەبێت، رەنگیشە نەبێت، لە راستیدا ئێمە لە کۆمەڵگەیەك دەژێین کە هیچ بەهایەك بۆ خودا دانانرێت، کۆمەڵگەیەك کە بە مەعنەویەتێکی ئاڵۆزەوە وابەستەیە. بە رێگەیەکی

هاوشێوە، مەعریفەمان بــەرەو بــڕیــارنــەدان لەبارەی بوونی ئەگەری سیاسەتێکی ترمان دەبات: لەم بارەیەوە، هەڵبەت قسە دەکرێت، بەڵام ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووە. نموونەیەکی تر، ئایا ئەو گرووپە لە کرێکاران کە ڕێگەپێدانی نیشتەجێبوونیان نییە، بەڵام لێرە کاردەکەن، بەشێکن لە کۆمەڵگەی فەرەنسی؟ ئایا بە فەرەنساوە پەیوەستن؟ (ڕەنگە بەڵێ، لەبەرئەوەی لێرە کار دەکەن و دەژین) یان (ڕەنگە نەخێر، چونکە بەڵگەی پێویستیان نییە بۆئەوەی بیسەلمێنن، فەرەنسیین یان بەڵگەیان نییە بۆئەوەی بە چەشنێکی یاسایی لێرە بژێن). وشەی کۆچبەری نایاسایی «‹illegal immigrant›»، نەپچڕانی بەها، یان بێ بەهابوون بە باشی دەخــاتــەڕوو. ئەم دەستەواژەیە بەو کەسانە دەوترێت، کە لێرە دەژێن، بەڵام بە ئێرەوە پەیوەستنین، دەشێت لە وڵات دەربکرێن، ئەو کەسانەی کە ناتوانرێت بنەڕەتێك بۆ ئامادەییان لێرە وەك کرێکار بخرێتەڕوو.

لە بنەڕەتدا ڕووداوێــك ئەو شتەیە کە لەبارەی سنورە نەزانراوەکانی ئینسکلۆپیدیایەك دەقەومێت. بە گوزارشتێکی وردتر، ئەرکێکی دەربڕینی و زارەکی بۆ ئەم نموونەیە بوونی هەیە:

E→ d (Ƹ)i

کە بەم چەشنە دەخوێنرێتەوە: هەر سوبێکتسازییەکی واقیعی کە بەهۆی ڕووداوێکەوە دەقەومێت (ئەو ڕووداوەی کە لەساتی دەرکەوتنیدا دیار نامێنێت) پشت ئەستورە بەوەی

که لەبارەی (ع) که لە ناخی خودی رەوشێکی بڕیارلێنەدراوە، بڕیاردراوە. ئەمە هەمان ئەو پرسەیە، کە ئەو وەختە خۆی دەخاتەڕوو، کرێکارانی کۆچبەری نایاسایی کڵێسای سەنت بێرنارد لە پاریس سەرقاڵی بوو. ئەوان بەم هۆیە بایەخی ئەوەی بایەخەکەی لەدەستدابوو بە ئاشکرا راگەیەندراون. بەم چەشنە بڕیاریاندا یان ڕایانگەیاند کە لەبەرئەوەی لێرەن، کەواتە پەیوەستن بە ئێرەوە، ئیدی وا لە خەڵك لێدەکەن تا دەستەواژەی (کۆچبەری نایاسایی) بەکا نەهێنن.

من(ع) بەگوزارەیەکی رووداویی لەقەڵەمدەدەم. بەگوێرەی رێسای لۆژیکیی (جوداسازی) دەبینین، کە رەتکردنەوەی رووداو (کە هەموو بوونەکەی لە نادیاربووندایە) گوزارەی رووداویی (ع) کە خودی رووداو ئاماژەی پێدەکات، بەجێدەهێڵێت، بەو چەشنەی کە:

1. رەوشێکی واقیعیە (لەبەرئەوەی پێشتربوونی هەبووە)،

2. بەڵام ئەو شتەی کە بەهاکەی هەڵگری گۆڕانێکی رادیکاڵە، لەبەرئەوەی بڕیارلێنەدراو بووە، بەڵام لەمەڕ ئەوەی بڕیاری لێدراوە. گوزارەی رووداویی ئەو شتەیە کە بەهای نەبووە، بەڵام هەنووکە بەهای هەیە.

لە ئەنجامدا پێموایە ماددەی بەرایی هەر چەشنە تاکایەتییەکی یونیڤێرساڵ گوزارەیەکی رووداوییـە. ئەم گوزارەیەی ئێستا بۆ سوبێکتی بیرکردنەوە، کە یونیڤێرساڵ لە ناوەوەیدا دێتەکایەوە، جێگیردەکات. ئەمە هەمان ئەو

پرسەیە کە لە دیدارێکی عاشقانەدا ڕوودەدات، کە ئامادەیی سوبێکتیڤەکەی بەشێوەیەك بە گـوزارەی (خۆشمدەوێی) جێگیردەبێت، تەنانەت ئەگەر هەلومەرجی دیـداری ڕەشکرابێتەوە.

بـەم چەشنە سەنتێزێکی دابڕانیی بڕیارلێنەدراو شوێنکەوتەی بڕیاردەبێت، کردنەوە یان کرانەوەی سوبێکت بەڕووی گوزارە ڕووداوییەکان گرێدەدرێت.

تەماشاکەن هەر چەشنە گوزارەیەکی ڕووداویـی، بونیادێکی ڕاگەیاندنی ئاسایی هەیە، بێئەوەی تەماشابکرێت ئەم گوزارەیە چ فۆڕمێکی هەیە، جا چ پرسێك بێت، چ کار و بەرهەمێك بێت، چ لە دەستەی ئیگزیۆمێك یان بنەچەی بابەتەکە دەربکەوێت. گوزارەی ڕووداویی بەهۆی دەرکەوتن-دەرنەکەوتنی ڕووداو دەرفەتی دەربڕینی دەبێت، ڕادەگەیەنرێت کە لەبارەی دۆزێکی بڕیارلێنەدراو بڕیاردراوە، یان ئەو شتەی کە بەهای لەدەستداوە، هەنوکە بەهاکەی بەدەستهێناوەتەوە. سوبێکتی بیناکراو بەدوای ئەم ڕاگەیاندنەوە ڕوودەدات و فەزایەکی گونجاو بۆ یونیڤێرساڵ ئامادەدەکات.

بەم چەشنە، بۆ ئاشکراکردنی یونیڤێرساڵ ئەوەندە بەسە تەواوی ئەو ئاکامانەی کە گوزارەی ڕووداویی لە ناوەوەی ڕەوشەکە بەجێیدەهیڵێت، نەخشەڕێژبکرێت.

## تێزی پێنچەم: یونیڤێرساڵ فۆرمێکی سەپێنراوی هەیە

نارەزایی گشتیی بەرامبەر ئایدیای یونیڤێرساڵیتی ئەوەیە، کە هەموو ئەوەی هەیە یان دەردەکەوێت، بە هەلومەرجێکی تایبەت و راڤەگەلی کاریگەر لە تەوژم و هۆگرییە فرەییەکانەوە پەیوەستە. بۆ نموونە هەندێک کەس پێیانوایە نەکردەیە بتوانرێت بگەینە تێگەیشتنێکی یونیڤێرساڵ لە جیاوازی، چونکە قووڵایی مەودای نێوان ئەو شێوازانەی، کە لەو جیاوازییەوە دەرکدەکرێت، بەم خاڵەوە بەستراوەتەوە کە تاك کام لە پێگەکانی ژن و پیاوبوون وەردەگرێت. هێشتا هەندێک کەس پێداگریدەکەن، هیچ دەرچەیەکی هاوبەش لەبارەی ئەوەی گرووپە کولتورییە جیاوازەکان کە بە چالاکی هونەری لەقەڵەمدەدرێت نییە، تەنانەت هیچ پرسێکی ماتماتیکیی نییە، کە لەخۆیدا یونیڤێرساڵ بێت، لەبەرئەوەی ئیعتباری هەر پرسێك بەتەواوی بەو ئیگزیۆمانەوە پەیوەستە کە بەرگری لێدەکەن.

ئەوەی ئەم ئاسۆگەرایی هێرمنوتیکییە (hermeneutic perspectivalism) لێی بێئاگایە ئەم پرسەیە کە هەر تاکایەتییەکی یونیڤێرساڵ وەك تۆڕێك لە ئاکامەکان دەخرێتەڕوو، کە بەرهەمی بڕیارێکی رووداوییە. هەر چەشنە یونیڤێرساڵێك بەردەوام بەم چەشنە دەبێت:

$$\varepsilon \rightarrow \pi$$

کە تێیدا گوزارەیەکی رووداویــی و $\pi$ ئاکامێك یان وەفادارییەکە. پێویستی بە گوتن نییە، ئەگەر کەسێك لە

بڕیاردان لەبارەی ج هەوڵبدات، یان بەشێوەیەکی سەپێنەر لەسەر کورتبوونەوەی بۆ رەوشــی بڕیارلێنەدراوەکەی پێداگرییکات، یــان پێیوابێت ئــەوەی بەهای هەبێت بەهەمانشێوە بێ بەهاش دەبێت، ئەوکات ئیدی فۆڕمی سەپێنەریی یونیڤێرساڵ ئەو بەرەو پەسەندکردنی بایەخی ئاکامەکان π نابات. وێڕای ئەوەش، تەنانەت ئەوانیش دەبێت بەیونیڤێرساڵیتیی فۆڕمی سەپێنەر -بەمانای وردی وشەکە- رابگەیەنن. بە دەربڕینێکی تر، تەنانەت لەم دۆخەشدا، دەبێت ئەوە قبووڵ بکەین، کە ئەگەر رووداو لەسەر بینای گوزارەکەی سوبێکتمەند بکرێت، هەر چەشنە ئاکامێك کە دابهێنرێت وەك ئەنجامی رووداو پێویست دەبێت.

لەم بارەیەوە، ئەرگومێنتی ئەفلاتون لە دیالۆگی مینۆ (Meno) بە هەمانشێوە شایەنی رەتکردنەوە نییە. ئەگەر کۆیلەیەك هیچ شتێك لەبارەی بنەڕەتە رووداوییەکانی جیۆمەتری (geometry) نەزانێت، لە پەیبردن بە بایەخی درووستکردنی چوارگۆشەیەك دەستەوەستان دەبێت، هەنوکە بەو چەشنەی کەسێك داتا بنەڕەتییەکانی بۆ فەراهمبکات و ئەویش ئامادەبێت ئەوانە لەبەربکات، ئەوکات دەتوانێت ئەم بیناکردنە دەرکبکات. بەم چەشنە، ئەو سەپاندنەی کە ئەم بیناکردنە لە هەنوکەدا جێگیری دەکات. لە هەڵێنجانی جیۆمەتری یۆنانییەوە تا ئێستا، بە شێوەیەکی گشتیی بەبایەخە.

دەشێت کەسێك بەمچەشنە نارەزایی دەرببڕێت: (تۆ هەموو شتێک بۆ خۆت بەڕێگەی سوودوەرگرتن لە ئوتۆرێتی و بایەخیی هەڵهێنجراوە ماتماتیکییەکان ئاساندەکەیت)، بەڵام ئەم نارەزاییە ناڕاستە. هەر چەشنە لایەنێکی یونیڤێرساڵکراو سەپێنەرە. ئەم لایەنە هەموو ئاکامەکانی گوزارەی رووداوی، کە رووداوی شاردراوە پاڵپشتیی دەکات وەك نیشانەیەك. ئەگەر پرۆتۆکۆڵی سوبێکتبوون لەژێر سێبەری ئەم گوزارەیە جێبەجێبکرێت، ئەوکات توانای داهێنان و دامەزراندنی کۆمەڵێك لە ئاکامە گشتییەکانی شایەنی ناسین دەبێت.

ئەوەی لە بەرامبەردا، رووداو بە نەکردە دەزانێت، بەو چەشنەی کە لەم وتەیەوە دەرکەوتووە کە «هەموو شتێك جگە لە شوێن دەقەومێت» پێدەچێت تاکە شێوەیە، کە دەیەوێت تاکایەتییەکی یونیڤێرساڵ لاواز و سست بکات. ئەم شێوەیە، ناسینی ئاکامەکانی رووداو دەخاتەلاوە، هەر ئامادەبوونێك وەك لایەنێکی رووداوی، بێبەها دەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت ئەم روانگەیەی تریش ناتوانێت یونیڤێرساڵیتی سەپێنەر بەمانای وردی وشەکە لەنێو بەرێت. بۆ نموونە، شۆڕشی فەرەنسا، کە رووداوێکی رادیکاڵی خولقاند. لە ساڵی ١٧٩٢ بە دواوە بەئاشکرا راگەیەنرا، کە شۆڕش ئیدی گاتیگورییەکی سیاسییە، بە هەڵە ناچین، ئەگەر بانگەشە بکەین هاوڵاتی تەنیا لە رێگەی دیالێکتیکی فەزیلەت و تیرۆر دەتوانێت بینا بکرێت. بۆ نموونە، ئەم سەپاندنە لە

نوسینەکانی سەن ژۆست، هەم شایەنی رەتکردنەوە نییە و هەم بەشێوەیەکی گشتیی شایەنی گواستنەوە نییە. ئەوە روونە ئەگەر کەسێك وێنابکات هیچ شۆڕشێك لە ئارادا نەبووە، ئیدی فەزیلەت وەك دۆخێکی سوبێکتیڤ بوونی نابێت، هەموو ئەوەی دەمێنێتەوە، تیرۆر وەك تەقینەوەیەکی شێتانە دەبێت، کە پابەندی مەحکومیەتی ئاکارییە. وێڕای ئەوەش، تەنانەت ئەگەر سیاسەتیش لەنێوبچێت، یونیڤێرساڵیتی سەپێنەر کە کاریگەری بەسەرییەوە هەیە، دەمێنێتەوە.

ویستێکی ئەوتۆ نییە لێرەدا باسی ململانێی نێوان راڤەکان بکەین. پوختەی تێزی شەشەم بەم چەشنەی خوارەوەیە:

### تێزی شەشەم: یونیڤێرساڵ تاك دەنگە

تا ئەو شوێنەی کە سوبێکتبوون لە رێگەی ئاکامەکانی رووداوەوە رووبـدات، جۆرێ لۆژیکی تاك دەنگیی لەباری وەفـاداری بوونی دەبێت کە تاکایەتییەکی یونیڤێرساڵ بینادەکات.

لێرەوە دەبێت بۆ گــوزارەی رووداوی (eventual statement) بگەڕێینەوە. بیرتانە کە گوزارە لە رەوشێکی وەك دۆزێکی بڕیارلێنەدراو لە سوڕانەوەدایە، کە هەم لەبارەی بوونی گوزارەیی کۆدەنگی هەیە، هەم لەبارەی بڕیارنەدانەکانی. لە گۆشەنیگای ئۆنتۆلۆجییەوە، ئەمە یەکێکە لەو فرەییانەی کە رەوشەکە دروستدەکات لە گۆشەنیگای لۆژیکییەوە، بەهاکەی بەرتەسك یان بڕیارلێنەدراوە. ئەوەی

بەهۆی رووداوەوە دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەو بوونەی کە رووداو توشی مەترسی دەکات کاردەکات، ئەوەش نەك بەمانای گوزارەی رووداویی.

ئەم پرسە بەم واقیعەوە پەیوەستە، کە لەگەڵ ئەوەی پێش ئەم گوزارە رووداوییە بڕیار لێنەدرابوو. لەمە بەدوا ئیدی بڕیارلێدراو دەبێت، یان وەك گوزارەیەکی حەقیقی لەبارەیەوە بڕیاری لێدەدرێت. پێش ئەمە، گەرچی گوزارەی رووداوی بایەخی لەدەستدابوو، هەنوکە بەهایەکی دەگمەنی هەیە. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە لەبارەی کرێکارانی کۆچبەری نایاسایی روودەدات، کە بوونیان بە کڵێسای سەنت بێرناردەوە پەیوەستە.

بەدەربڕینێکی تر، ئەوەی کاریگەری لەسەر گوزارە بەجێدەهێڵێت، تا ئەو شوێنەی کە گوزارە بەشێوەیەکی سەپێنەرانە پشت ئەستور بێت بە رووداوە، پتر شوێنکەوتەی لۆژیکی کردەیە تا لۆژیکی بوون یان مانا. رێك ئەم جێگیرکردنی کردەیە تاکدەنگانەیە. بەم چەشنە ئەوەی روویداوە ئەمەیە کە لەبارەی گوزارە بڕیاری لێنەدراوە، ئەم بڕیارەش لە هەموو راڤەکان کەمی کردووە. ئەم پرسە بە وتنی بەڵێ یا نەخێرەوە پەیوەستە نەك فرەیی چندلایەنەی مانا.

ئەوەی لێرە لێیدەدوێین، کردەیەکی لۆژیکییە، یان بەوتەی ئارسەر رامبۆ شۆڕشێکی لۆژیکییە. رووداو بە قازانجی حەقیقەت، یان بەها باڵاکەی بڕیاردەدات - ئەو شتەی کە

لۆژیکی پێشوو بە سنوری بڕیارنەدان و بێبەها دەزانێت، بەڵام بۆ لەباربوونی ئەمە، کردەی تاکدەنگ کە ئیعتیباری یەکێک لە دانەرانی ڕەوشەکە دەگۆڕێت، ریفۆرمی دەکات دەبێت پلە بە پلە دەستبکات بە گۆڕانی لۆژیکی ڕەوشەکە لە گشتێتییەکەیدا. گەرچی بوون-فرەیی ڕەوشێکی بێ گۆڕانە، بەڵام لۆژیکی دەرکەوتنی (هەمان ئەو سیستمەی، کە هەموو فرەییەکانی پەیوەست بە ڕەوشەکە هەڵدەسەنگێنێت، بە یەکەوەی دەبەستێتەوە) توشی گۆڕان و وەرچەرخانێکی قووڵدەبێتەوە. ڕەوتــی ئـەم لایەنە یونیڤێرساڵبووەی ئینسکلۆپیدیا پێکدەهێنێت.

تێزی نادیار یان ئاڵۆزی یونیڤێرساڵ، تاکایەتیی یونیڤێرساڵ بە کاروباری گشتییەوە پەیوەستدەکات کە یاساکەیان پشتئەستورە بە تایبەتێتییەکان (particularities). ئەم تێزە ناتوانێت ئەو کردە لۆژیکییەی کە وەرچەرخانی یونیڤێرساڵ و تاکدەنگ لە تەواوی بونیادی دەرکەوتن خستۆتییەڕوو، تێبگات.

هەر تاکایەتییەکی یونیڤێرساڵ دەشێت بەم چەشنە پێناسەبکرێت، ئەو کردەیەی کە سوبێکتی بیرکردنەوە بەهۆی پەیوەستی پێی، توانای دەستپیکردنی ڕەوتێکی هەیە کە لە لۆژیکی ڕەوش و هەموو ئەوەی دەردەکەوێت گۆڕانێکی رادیکاڵ دێتەکایەوە.

بەڵگەنەویستە ئەم گوڕان و راستکردنەوانە لە ڕەوشەکەدا،

هەرگیز بەشێوەی کامڵ و تەواو بەدینایەت، لەبەرئەوەی کردەی تاکدەنگیی پێشەنگ (کە بـەردەوام وابەستەیە بە ناوەند و شوێنێکی دیاریکراوەوە) سەرەتای وەفادارییەکە، واتە کۆمەڵێک لە ئاکامەکان دادەهێنێت، کە هاوشێوەی خودی رەوشی بێسنور و بێکۆتایە. ئیدی کاتی تێزی حەوتەمە:

## تێزی حەوتەم: هەموو یونیڤێرساڵێك ناتەواو یان کراوە دەبێت

تەنیا ئەو راڤەیەی کە بۆ ئەمە پێویستە، بەشێوەیەك پەیوەست دەبێت، کە سوبێکت (لۆکاڵیکردنی تاکایەتیی یونیڤێرساڵ) هاوبەندی بێسنور و بێکۆتا دەبێت. هاوبەند بە یاسای ئۆنتۆلۆجیای بوون-فرەیی. لەم بابەتە تایبەتەدا دەشێت بخرێتەڕوو، کە لە لایەنێکی هاودەستی و هاوبەشی راستەقینەی نێوان «فەلسەفەی ناکۆتا finitude» لە ئارادایە، لەلایەکی ترەوە رێژەبڕوایی یان رەتکردنەوەی یونیڤێرساڵ، بێبەهاکردنی چەمکی حەقیقەت. رێگەبدەن با ئەم بابەتە لە بۆتەی بنەچەیەکی یونیڤێرساڵ دابنێم: توندوتیژی شاراوە یان غروری خۆبەزلزانیی زگماك کە بەشێکی دانەبڕاوی چەمکی ئەمڕۆیی مافی مرۆڤە لەم حەقیقەتە سەرچاوە دەگرێت کە ئەم حەقیقەتە مافی ناکۆتا و سەرئەنجام _ بەو چەشنەی کە لە کۆمەڵگەی دیموکراسی جەخت لەسەر ئاسان مەرگی دەکاتەوە_ مافی مەرگن. بە پێچەوانەی ئەمەوە، تێگەیشتنی رووداوی لە تاکایەتییە یونیڤێرساڵەکان - بەوچەشنەی

ژان فرانسوا لیوتارد لە کتێبی جیاوازی (the differend) دەیخاتەڕوو- پێویستی بەوەیە کە تەماشای مافی مرۆڤ بکات وەك ناکۆتایەك. دەشێت بەم چەشنەش بڵێین: مافی ڕەزامەندی نواندنی بێ سنور و ناکۆتا، تەنانەت لەمەش وردتر، مافی جینریکی (the rights of the generic).

**تێزی هەشتەم: یونیڤێرساڵێتی شتێکی ئەوتۆ نییە جگە لە بیناکردنێکی وەفادارانەی فرەیی جینریکی بێ سنور**

مەبەست لە فرەیی جینریکی چییە؟ زۆر بە سادەیی، کۆمەڵێك لە ڕەوشێك کە لەلایەن هیچ یەك لە گوزارەکانی مەعریفە ئینسکلۆپیدیایەکی دیارینەکراوبێت. بە دەربڕینێکی تر، ئەو فرەییەی کە لە کۆمەڵەی ڕەوشەکەدایەو ئاکامەکانی کە هەڵگری شوناس، یان تایبەتمەندی لاوەکی بێت، نییە. ئەگەر یونیڤێرساڵ شوناس بێت، ئەوکات کارەساتەکە بە مانای وردی وشەکە لەو ڕووەوەیە، کە ناواخنە حەقیقییەکەی پێکدەهێنێت و هەڵگری هیچ جەبرێکی تایبەت نییە.

دەربــارەی گردبوونەوە سیاسییەکانیش باسەکە بەم چەشنەیە: ئەو بــوارەی کە یونیڤێرساڵیتی ئەوانە بەهۆی هاوشێوەبوونیان بەرامبەر بە خاسیەتە کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، سێکسواڵی یان نەوەکانەوەیە، بەتایبەت هاوسەرگیریی ئاشقانە، یونیڤێرساڵیتییەکەش بەم هۆیەیە کە حەقیقەتێکی بەڵگەنەویست لەبارەی جیاوازی نێوان پێگە سێکسواڵییەکان دروستدەکات. لە ڕەهەندی تیۆریی زانستییەوە تا ئەو شوێنەی بە یونیڤێرساڵیتەوە پەیوەستین، کە تیۆری هەر چەشنە

ڕەتکردنەوەیەك لە سەرچاوە و بنەچەی خۆی لە بونیادییدا دروستببێت. ئەم پرسە لەبارەی ئەو بەرهەمە هونەرییانەی، کە سوبێکتەکانیانیش وەك بەرهەمەکانیان هەر ڕاستە. لەم بارەیەوە مالارمێ دەڵێت تایبەتێتی نوسەر لەم بەرهەمانەوە لەنێو چووە: تا ئەو شوێنەی کە لە بەرهەمەکانی وەك ئیلیاد و ئۆدیسە، دەشێت بڵێین ناوێکی حەقیقی کە هۆمر بۆیانی داهێناوە، دواجار جگە لەمە نییە، کە هەم ئاماژە بە شتێك ناکەن، هەم هەموو شتێك لە خۆدەگرن.

بەم چەشنە یونیڤێرساڵ بەگوێرەی بەخت و چانسەوە زەقدەبێتەوە، لە پشت ئەوەشەوە گوزارەیەکی لەبەریەکهەڵوەشاوی سادە، وەك نیشانەی دەرنەکەوتنی ئەو ڕووداوەی کە لێیەوە سەرچاوەی گرتووە، بەجێدەمێنێت. یونیڤێرساڵ لایەنی خۆی لە کردەیەکی تاکدەنگەوە دەستپێدەکات، کە لە ڕێگەیەوە لەبارەی بایەخی ئەو شتەی کە بەتاڵبووە لە هەر بایەخ و بەهایەك، بڕیاردەدات. یونیڤێرساڵ (وەفادارانە و فرەیی جینریکی ناکۆتا دەخوڵقێنێت، کە هەڵگری کرانەوەیەکی پەتییە، هاوشێوەی ئەو شتەی کە توسیدید مێژووی نوسراوی خۆی لە جەنگی پلوپۆنزی بە پێچەوانەی تایبەتێتیی مێژوویی ئەم جەنگە بەو چەشنە ناویدەنێت (سامانی ئەبەدی) «Ktema es aiei».

بە کۆتایی کارەکە گەیشتین. هەنوکە ئەگەر ئەم هەشت تێزە لەبارەی یونیڤێرساڵ، پێناسەی ڕەوشە پارادۆکسیکاڵەکان تێکەڵبکەیت، چەندان ئامڕازت بۆ وەڵامدانەوەی پرسی ڕاسپاردەی فەیلەسوفان لەم سەردەمە لە بەردەستدا دەبێت.

# بەشی دووەم
# فەلسەفە دیالۆگ نییە

سلاڤۆی ژیژەك

ئێمە (ژیژەك و بادیۆ) بە زەحمەت دەتوانین بانگەشەی دیالۆگ بکەین، لەبەرئەوەی بەرێژەیەکی زۆر لەگەڵ یەك هاودەنگین، بەڵام ئاخۆ نیشانەی فەلسەفەیەکی راستەقینە ئەمەیە، کە بە گوڕ و تینەوە دەستپێبکرێت؟ منیش بە جەختکردنەوەی بادیۆ_هاوشان بە ئەفلاتون (بەتایبەت ئەگزیۆماتیکبوونی فەلسەفە و فەلسەفەی حەقیقی بەڕاستی دەشێت بناسرێت) هاوڕام. گریمان بکە لە کافێییەك دانیشتوویت، کەسێکی تر بەمچەشنە توشی کێشەت دەکات کە: «باشە، رێگەبدە باسێکی قووڵ دەستپێبکەین» فەیلەسوف

بێ دەستەوەستان دەڵێت: «بەداخەوەم، من کاتم نییە» هەوڵدەدات هەرچی زووە کافێکە بەجێبێڵێت.

من هەمیشە لەو بڕوایەدام کە دیالۆگە درەنگوەختەکانی ئەفلاتون، بەمانای حەقیقی وشەکە، بە دیالۆگە فەلسەفییەکانی ئەو لە قەڵەم دەدرێن. لەم دیالۆگانەدا، کەسێك بێ راوەستان دەدوێت. بۆ نموونە، لە سۆفیستدا نەیارییەکانی ئەوانیتر نیو لاپەرەش نابێت. زۆربەی وەڵامەکان بۆ نموونە بەمچەشنەیە: «بەڵێ، تەواو راست دەفەرمویت» «بەتەواوی روونە...» یان «بەمچەشنەیە»، بەڵام بۆچی بەم چەشنە نەبێت؟ فەلسەفە دیالۆگ نییە. بوارێك لە دیالۆگی فەلسەفی سەرکەوتووم پێبناسێنن، کە هەڵەتێگەیشتنێکی دڕندانەی تیانەبێت. ئەمە ئەو شتەیە کە لەبارەی ناسراوترین فەیلەسوفەکانیش هەر راستە. ئەرستۆ بە راستی لە ئەفلاتون تێنەگیشت، هێگڵ کە پێدەچێت لەم واقیعەتە خۆشحاڵ بێت، کانت تێنەگیشت، هایدیگەر لە بنەڕەتدا لە هیچ کەس تێنەگەیشت. بەم چەشنە دیالۆگێك لە ئارادانییە، بەڵام رێگە بدەن با درێژەی پێبدەم.

هەوڵدەدەم بەشێوەیەکی باو بەم پرسەوە سەرقاڵبم. ئـەوەش راستە کە ئەمڕۆ ئێمەی فەیلەسوفە دیارەکان، پرسیارمان لێدەکرێت، چاوەڕوانمان بکەن بەشداریبکەین لەکایەی گشتی ئەوروپا چـالاك بین و ... هتد، هەنوکە ئێمە چۆن دەتوانین ئەم ویستانە وەڵامبدەینەوە؟ نەخێر بە شێوەیەکی تەواو جیاواز، هەڵبەتە نەك بەشێوەیەکی تەواو یەکسان، دەروونشیکاریش هەر بەم چەشنە وەڵامی

نەخۆشەکانی دەداتــەوە، لەبەرئەوەی نەخۆشیش شتێك دەڵێت، بـەڵام ژن یان پیاوی نەخۆش بە دڵنیاییەوە بە تـەواوی ویستەکانی دەگـات. ئەوانە ویستە درۆینەکانن، ئاماژە بە پرسێکی واقیعی دەکەن، کە هاوکات بە نادیاری دەمێننەوە. ڕێگەبدەن ناواخنێکی بەراوردنەکراوی ئالان بادیۆ بە کۆمەك وەربگرم. لە وتارێکی نائاسایی و ناوازەی لە بارەی 11ی سێپتەمبەر، چەمکی دۆڵۆزی (سەنتێزی دابڕانی) بە کاردەهێنێت. ئەگەر کەسـێك شتێك لە ئێمەی فەیلەسوفەکان بپرسێت، وەڵامەکەمان بەشێوەیەکی گشتیی شتێکی پتر لە رادەربڕینێکی گشتی، بە جۆرێك لایەنگیری لە پێگە پرۆبلەماتیکەکان دەبێت. بۆ نموونە، ئەمڕۆ ئـێمە لە جەنگی دژە تیرۆردایـن، ئەمەش ئێمە رووبەڕووی پرسە بێ ئەنجام و غەمناکەکان دەکاتەوە: ئاخۆ دەبێت ئێمە ئازادیمان لە پای ئاسایشدا بکەینە قوربانی؟ ئاخۆ دەبێت ئێمە کرانەوەیی لیبراڵ بە کۆتا بگەیەنین _تەنانەت ئەگەر ئەمەش بە مانای بـڕینی رەگەکانمان، یان لە دەستدانی شوناسمان بێت_ یان دەبێت بەهێزتر پێداگری لەسەر شوناسمان بکەینەوە؟ راگەیاندنی ئەوەی کە ئەو چەندان ئەلتەرناتیڤەی ئێمە لێرەدا بەشێوەیەکی جەمعی لەگەڵیان رووبەڕوودەبینەوە، سەنتێزێکی دابڕانی دروستدەکەن، لەم رووەوە، ئەلتەرناتیڤگەلی درۆینەن، دەبێت یەکەمین نیشانەی فەیلەسوفەکان بێت. فەیلەسوف دەبێت خودی چەمکە جێ مشتومڕەکان بگوڕێت. بە بڕوای من، ئەم مشتومڕانە ڕێك لە بەرامبەر بە شتێکدایە کە ئالان

بادیۆ بە «هەڵبژاردنی رادیکاڵ» ناودێری کردووە. ئەمەش بە چەشنێکی نێگەتیڤ، بەو مانایەیە کە «لیبرالیزم» «جەنگ دژی تیرۆر» و بەدەستەواژەی «تیرۆریزمیی فەندەمێنتالیزمانە»_ هەر هەموومان_چەند سەنتێزێکی دابڕانین، هیچ یەکێکیان هەڵبژاردنی لیبراڵ نین. ئێمە دەبێت چەمکە جێ مشتومڕەکانمان بگۆڕین. لێبگەڕێ نموونەیەکی تر بهێنمەوە: لە هاوینی ساڵی 2003 فەیلەسوفە گەورەکانی ئەوروپا وەك درێدا و هابرماس هاوشان بە ژمارەیەکی تر، کە تەنانەت هەندێکیان ئەمەریکیی بوون، بەشێوەیەکی شەرەفمەندانە لەکایەی گشتی بەشداریانکرد، خوازیاری ئەوروپایەکی تازەبوون. ئاخۆ ئەمە بەڕوونی دەرخەری هەڵوێستە فەلسەفییەکانیان نییە؟ خاڵەکە هەمیشە هەر ئەمەیە: رێککەوتنی سیاسیی لە نێو فەیلەسوفەکان شتێك لەبارەی فەلسەفەکەیان هەڵدەماڵێت. ریچارد رۆرتی لەبەرچاو بگرە، هەرچەندە من لەڕووی فەلسەفییەوە لەگەڵیدا هاودەنگ نیم، بەڵام بە لیبراڵێکی بەهۆشی دەزانم، کە لە دەربڕینی فاکتی روون و ئاشکرا ناترسێت _ ئەو کارەی کە لیبراڵە تەسکبینتر، بەڵام بێتواناکان بۆ ئەنجامدانی بەردەوام لەڕادەبەدەر وزە بەفیڕۆدەدەن. ئەو پێماندەڵێت چی روودەدات کاتێک کەسێکی وەك ئەو، درێدا، هابرماس و دانیێل دینیت لە مشتومڕە فەلسەفییەکان بەشداریبکەن. بە تێڕوانینێکی گشتگیر لە هەڵوێستە سیاسییەکانیان وێناکردنێکی تر ئاشکرا دەبێت: بێ لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستە سیاسییەکانیان، ئەم

فەیلەسوفانە کەمێک مەیلییان بەلای چەپیی میانڕەوی دیموکراتیك هەیە. بەتایبەت دیموکراسییەت، ڕەنگە تەنانەت کەمێک پتر، دەرئەنجامی پراگماتیکی لە جۆری ڕۆرتی هەیە، کە دەرخەری بێ بایەخیبوونی فەلسەفەیە. ئاخۆ بەڕاستی چیرۆکەکە بەمچەشنەیە؟ ڕێگە بدەن کۆدەنگیی سیاسی هابرماس و درێدا وەك بوارێکی پارادایمی لەبەرچاوبگرین: ئاخۆ ئەم دۆزە دەتوانێت ئەدگاری ئەم واقیعەتە بێت، کە هەڵوێستە فەلسەفییەکانی درێدا و هابرماس بەڕاستی شایەنی بەراوردکردن نین، تەنانەت بەرامبەرێتی و نەیاریشیان لەگەڵ یەکتر سەنتێزێکی دابڕانییە.

با وردتر لە بونیادی بیرکردنەوەیان بڕوانین، پشتگیری لەم گریمانەیە دەکرێت، کە هەم درێدا و هەم هابرماس لەبنەڕەتدا بەشێوەیەکی یەکسان سەروکاریان لەگەڵ پرسی پەیوەندی (کۆمۆنیکاسیۆن) هەیە، یاخود ئەگەر بمانەوێت وردتـر بدوێین، بەو پەیوەندییەی کە بـەڕووی ئەویتردا کراوەتەوە، بەفەرمی دەیناسێت، لە باتی زیانگەیاندن بە ئەو، بە لایەنی کەمەوە ئەویترێتییەکەی بۆ دەمێنێتەوە. پێموایە ئێمە لێرەدا سەروکارمان لەگەڵ دوو شێوەی تەواوکەردا هەیە، تەنانەت ئەگەر هابرماس بانگەشەی پەیوەندییەکی لادەر بکات لەگەڵ ئەویتر، ڕێساکانی خۆی، درێداش جەخت لە گۆشەی نەیاریی ڕوانگەی هابرماس بکاتەوە، ئەوەش بریتییە لەوەی کە ئێمە تێدەگەین زەینی خۆمان بەڕووی پێشبینینەکردنی ڕادیکاڵی ئەویترەوە بکەینەوە. لەبەرامبەر

ئەم هەڵوێستوەرگرتنە تەواوکەرانەی یەکتر، خزمەتی گەورەی ئالان بادیۆ گۆڕانی تەواوی کایەکەیە لەگەڵ (ئیتیکی) خۆی. پرسەکە نەك ئەویترێتییە، بەڵکو هاوشێوەبوونە. بە بڕوای من، ئەوکات فەیلەسوف رووبەرووی هێرشەکانی چاوەڕوانی و ویستەکان دەبێتەوە. ئەمە دەبێت یەکەمین نیشانەی ئەو بێت. بۆ نمونە، لە زەمینەی گۆڕانی چەمکەکانی دیبەیتەکە، واقیعەتی پراکتیکی و راستەقینە بۆتە مۆدی رۆژ. ئێمە لە جیهانێکدا دەژێین: ئاخۆ پەیوەندیمان بە واقیعەتی پەتیی لەدەستداوە؟ ئاخۆ خۆمان بەتەواوی بێگانە کردووە؟ لێرەدا دووبارە رووبەرووی سەنتێزە دابڕانییەکان دەبینەوە. لەلایەك ئەو پۆست مۆدێرنیستانەمان هەیە، کە پێیانوایە سوبێکتیڤی چادرنشینی تایبەت بەوان دەتوانێت لە واقیعەتێکی درۆینەوە بۆ واقیعەتێکی تر بگۆڕدرێن، لە لایەکی ترەوە، کۆنزەرڤاتیزمی نۆستالیژیکی و کۆنزەرڤاتیزمی چەپ بوونیان هەیە، کە شەرم لەم واقیعەتە دەکەنەوە، لەم بڕوایەن کە دەبێت بۆ ئەزموونە گونجاو و پشتپێبەستراوەکان بگەڕێنەوە. ئێمە دەبێت رێگەیەکی جیاواز هەڵبژێرین، بەو مانایەی کە دەبێت چەمکەکانی دیبەیتەکە رەت بکەینەوە، بانگەشەی ئەوە بکەین، کە پرسەکە نەك واقیعەتی مەجازی و راستەقینە بەڵکو واقیعەتی پرسی مەجازییە، بەڵام چۆناوچۆن؟

مەبەستم ئەوەیە واقیعیەتی مەجازی _ بەو چەشنەی بادیۆ لە شوێنێکدا نوسیویەتی_ ئایدیایەکی تاڕادەیەك هیچ و پووچ و بێ بایەخە. واقیعەتی مەجازی ئامرازێك

بۆ بیرکردنەوە نییە، بەڵکو بەو مانایەیە: «تەماشا بکە چۆن دەتوانین بە سودوەرگرتن لە ئامرازە تەکنەلۆژیەکانمان دیاردەیەك دابهێنین کە لە کۆتاییدا بڕوا بە واقیعیبوونەکەی دەکەین». بە دیدی من، واقیعەتی پرسی مەجازی هەڵبژاردنێکی سەرەنجڕاکێشە بۆ بیرکردنەوە. پرسی مەجازی هەموو شتێکی تایبەت لە خۆدەگرێت، بەڵام نەك شتێکی تەواو. پرسی مەجازی بەرهەمی بەکردەوەی دۆزی واقیعیە. پرسە سەرەکییەکە هەر ئەمەیە.

ڕێگەبدەن باسەکەی دواتر تاوتوێبکەین کە هاندەری جۆرنالیزمە: ئەویش لەززەتگەراییە. دەبێت چی بکرێت، کاتێک بەها کۆنەکان بە رابردو دەسپێردرێت، مرۆڤەکان بڕواکانیان لەدەستدەدەن. خۆخوازی گەشەپێدەدەن، ژیانیان بە گەڕان بە دوای لەززەتەوە سنوردار دەبێت؟ جارێکی تر مەیدانەکە بۆ دوو ئـۆردوگا دابەشدەبێت: لەلایەك ئەم بڕوایەیە کە هەر تێڕوانینێکی ئەخلاقیی پایەدار و جێگیر، توندوتیژی لە خۆیدا شاردۆتەوە، تێڕوانێکی تاڕادەیەك پۆست مۆدێرن، کە جۆدیت باتلەر لە دوایـن کتێبیدا نوێنەرایەتی دەکات (ئەو کتێبەی تەنیا کۆپییە ئەڵمانییەکەی لەبەردەستدایە (ڕەخنەی توندوتیژیی ئەخلاقیی) (Zur Kritik der ethischen Gewalt) و ئەنجامەکەشی ئەمەیە، کە دەبێت نەرم و ... بین. کە دووبـارە لەبەردەم پرسی سوبێکتیڤیی چادرنیشن و بەدەوی داماندەنێت. وەڵامەکەی ئەو پێچەوانەی ئەمەیە کە وڵات پێویستی بە بەها و

پەیوەندییە جێگیر و پایەدارەکانە. هەڵبەت ئێمە لێرەشدا دەبێت جارێکی تر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەم پرسەوە سەرقاڵ بین، چەمکە جێ مشتومڕەکانی وەك چەمکی نامۆبوونی برێخت (Brecht) بخەینە ژێر پرسیارەوە، لە ئاکامدا، خودی شتەکە بۆمان بێگانە و نامۆ دەبێت: «بەڵام ساتێك ئارامبە؟ ئێمە دەمانەوێت لەبارەی چی بدوێین؟» لەبارەی لەززەتگەرایی لە کۆمەڵگەیەکی بەرخۆر، کە تایبەتمەندییە سەرەکییەکەی قەدەغەکاری رادیکاڵە: بە خێرایی چێژ وەربگرە. بەردەوام ئاراستە دەکرێت کە «هەڵبەتە دەبێت چیژ وەربگرێت، بەڵام بۆ ئەوەی کە بەڕاستی توانای چێژوەرگرتنی هەبێت، پێش هەموو شتێك، دەبێت بە هەنگاوی نەرم و هێدی دەستپێبکەی، بەگوێرەی بەرنامە بەرەوپێش بڕوات و نابێت لەڕووی سێکسییەوە ئازاری کەس بدات». لە کۆتاییدا، تۆ دیلی دیسپلینی گشتی خۆتی لەسەر جەستەتک، بەڵام لێگەڕێن بۆ ئەم بڕوا کلێشەییە بگەڕێمەوە، کە ئێمە ئەمڕۆ باوەڕمان لەدەستداوە، هەڵبەتە ئەمەش شتێکی پتر لە جۆری مشتومڕ نییە: ئەمڕۆ ئێمە پتر لە هەر شتێك بڕوامان بە کاتێکی تر هەیە، بەو چەشنەی کە ڕۆبێرت فالەر خستویەتییەڕوو، پرسەکە هەر ئەمەیە. بەم چەشنە، چەمکە جێ مشتومڕەکان ئیتر یەکسان نین، بەڵام بەداخەوە زۆربەی فەیلەسوفەکان لە ئاستێکی ئاوا باڵادا سەرقاڵی ئەم قەیرانانە نابن، بەمچەشنە، ئێمە بە وەڵامە هەڵەکان دەخەڵەتێنرێین.

هەڵبەتە خراپترین وەڵامەکان بۆ ستایلی هیولایی و درندەیی چاخی تازە دەخرێنەڕوو کە شایستە نییە بە فەلسەفە لەقەڵەمبدرێن. ئێمە دەتوانین لێرەداو لەم چوارچێوەیەدا، چەندان نموونەی سەرەنجراکێش بهێنینەوە. ئەگەر ئێوەش وەك من چوونە تەمەنەوە، هەوڵبدەن کتێبفرۆشییەکانی پەیوەست بە زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانی ئەمڕۆ لەگەڵ کتێبفرۆشەکانی بیست و پێنج ساڵی رابردو بەراورد بکەن. بەداخەوە، ئەمڕۆ سێ لەسەر چوار زیاتریان لەبارەی حیکمەت، رۆشنگەری و چاخی تازە دەدوێـن، بەهەمان ئەندازەش کەمتر لەبارەی فەلسەفە دەدوێن. زۆربەی کات بە یەکەمین پرسیاری ناڕاستەوە سەرقاڵم _کە هەڵبەتە پێشتریش خەریکی بوومە_. بۆ من دوو وەڵامی درۆینەی تر بەرامبەر بە وەڵامی یەکەم پڕکێشەترن. کامەیان؟ دەخوازم جارێکی تر بۆ بادیۆ بگەڕێمەوە. بادیۆ پێداگریدەکات کە فەلسەفە و سیاسەت ناشێت لەگەڵ یەکتر تێکەڵبکرێن. ئەو لە یەکێک لە دەقەکانی خۆیدا لەبارەی کۆتایی کۆمۆنیزم بانگەشەی ئـەوە دەکـات، کە پرسی تۆتالیتاریزم هەر ئەمەیە ئێمە هێشتا تیۆری کۆمەڵایەتی_سیاسی گونجاومان نییە تاوەکو بتوانین بە هۆیەوە، دیاردە بێزارکەرەکانی وەك نازیزم و ستالینیزم بە مانا تایبەتییەکەیان_ وەك پرۆژەیەکی سیاسی_ شی بکەینەوە. ئەمە وەڵامێکی فاستفودیی فەلسەفییە کە خۆی وەك شیکردنەوەیەکی قوڵ دەنەخشێنێت، لە کاتێکدا ئەوە ئەلتەرناتیڤێکە رێگەمان پێدەدات لە بیرکردنەوە دوور

بکەوینەوە، خراپترین شتێک کە فەیلەسوفێك دەتوانێت لێرە ئەنجامی بدات، بەداخەوە زۆربەی جار، هەر بەمچەشنە بووە. رەنگە ببێتە هۆی تورەبوونی ئێوە، (بەڵام رێزی قوڵم بەرامبەر ئادۆرنۆ رێگر نابێت لە گوتنی ئەم واقیعەتە) کە گرفتی «دیالێکتیکی رۆشنگەری» هەر ئەمەیە. لە باتی شیکردنەوەیەکی ئەبستراکت، سەروکارمان لەگەڵ نموونەیەکی باڵا لە سەرگەردانی فەلسەفی (بەمانای وردی وشەکە)دا هەیە، جۆرێک پەیوەندی کورتی سیاسی_ئۆنتۆلۆجی، واتە کاتیگۆری نیمچەترانسێندنتاڵیی (پرۆژەی رۆشنگەری) دەیەوێت بە چەشنێکی راستەوخۆ دیاردەی تۆتالیتاریزم روونبکاتەوە. کۆپی درەنگوەختەی ئەم نیشانە فەلسەفییە قەڵب و درۆینەیە، کە فەلسەفەکەی لە بیرکردنەوەمان دووردەخاتەوە، پەیوەندییەکی کورتی پۆست مۆدێرن لەنێوان تۆتالیتاریزمی سیاسی و چەمکی فەلسەفی تۆتالیتی جێگیر دەکات: لێرەدا ئاشکراکردنی ئۆنتۆلۆجیی وەك روونکردنەوەیەکی راستەوخۆ و تارادەیەك ترانسێدنتاڵی دیاردە سیاسییە ئەبستراکتەکان لەپێشچاو دەگیردرێت. فەلسەفەی پۆستمۆدێرن خرایەروو، شێوەی بیرکردنەوە نیشاندەدات تا حەقیقەتی هەر رووداوێك بێ بایەخ بکات _رووداو بەمانا بادیۆییەکەی کە بە دابرانی نوێ لە قەڵەمیدەدات_. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە بە درێژایی دە، یان پانزە ساڵی رابردوو بە سەرەنجدان لە هۆلۆکۆست و فۆرمە وێنانەکراوە رادیکاڵەکان شایەنی وێناکردن نەبووە، واتە رێگری شیکردنەوەی ئەم دیاردانە

_بەم بەهانەیەی کە هەر چەشنە روونکردنەوەیەك پێش هەموو شتێك خیانەتە بەرامبەر قوربانییەکان، ئەرکی ئێمە تەنیا پاڵپشتیکردنی قوربانییەکانە.

بە دیدی من، ئەم ئایدیایە پشت ئەستورە بەو بنەڕەتەی کە ئێمە ناچارین بە ژیان لە جیهانێکی ناتەواو و نەویستراو، هەر چەشنە ئەڵتەرناتیڤێکی رادیکاڵ زوو یان درەنگ دەبێتە هۆی گولاگ (Gulag). لە چوارچێوەی هەر چەشنە گۆڕانێکی بنەڕەتی ئاگادارماندەکەنەوە. لەڕاستیدا، تەواوی گوتارەکەی کرانـەوەی خۆی لەبەرامبەر ئەویتری رادیکاڵ ئاگادارە بەرامبەر گۆڕانی رادیکاڵ! ئەمە ئایدلۆژیای فەلسەفی پۆست مۆدێرنە. لە تەك ئەم تێڕوانینە، ئێمە شتێك بەهەمان ئەندازە سەرەنجڕاکێش دەدۆزینەوە: چەشنێک کانتگەرایی تازە. لە فەرەنسا ئەم کانتگەراییە تازەیە لە لای ئالان رینۆ و لۆك فری کە لە ئێستادا وەزیری پەروەردەیە، نوێنەرایەتی دەکرێت، لە ئەڵمانیاش هابرماسە کە _چ بمانەوێت یان نا_ ئەمڕۆ، بەو چەشنەی کە هەموان دەیزانن، وەك فەیلەسوفێکی دەوڵەتی کار دەکات. ئەو شتەی کە زۆربەی جار بەڕاشکاوی ئاماژەی پێکراوە، لەلایەن ئەزنار (Aznar) بە ئاشکرا پاڵپشتی لێکراوە، ئەو پێگەیەی کە پێشنیار بکرێت هابرماس وەك فەیلەسوفی فەرمی دەوڵەتی ئیسپانیا جێگیر بکرێت. ئەمە چۆن دەکرێت؟

پێموایە ئەم پرسەمان بەچەشنێکی سەرکەوتوو چارەسەر کـردووە. چەشنێک لە کانتگەرایی تـازە لەگەڵ پێناسەی

فەلسەفەی دەوڵەتی بەتەواوی تەبایە (کە ئەمە دەڵێم خۆشەویستییەکی زۆرم بۆ کانت هەیە). ئەرکی سەرەکی فەلسەفەی دەوڵەتی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی دینامیکی ئەمڕۆ چییە؟ ئەم ئەرکە دەبێت پشتیوانی پێویستییەکانی سەرمایەداری واتە پەرەسەندن، زانستی تازە، تەکنەلۆژیا و بازرگانی بێت، بەڵام لە هەمان باردا، دەبێت پشتیگری لە ئاکامە ئاکاری و کۆمەڵایەتییە رادیکاڵییەکانیان بکرێت، ئەمەش رێك هەمان ئەو شتەیە، کە هابرماس لانیکەم لە بەشداریکردنی لە مشتومڕەکان لەبارەی پرسی بایۆژنتیك ئەنجامیداوە. ئەو چارەسەرێکی نیوکانتیمان بۆ دەخاتەڕوو: ئێوە لە زاستەکاندا دەتوانن هەرچیتان بوێت ئەنجامی بـدەن، بەڵام ئەوەش فەرامۆشمەکەن کە ئێمە تەنیا سەروکارمان لەگەڵ کایەی سنورداری دیاردە مەعریفییەکاندا هەیە. مرۆڤ وەك سوبێکتی ئاکاریی خودخواز، شتێکی ترە، لەم کایەیەدا، دەبێت بەرگری لە هەر چەشنە هەڕەشەیەك بکات. هاوشانیان هەموو ئەو پرسە درۆینانە دەردەکەون: تا چ ئەندازەیەك دەرفەتم هەیە لە بایۆژەنتیك باڵاتر بڕۆم؟ ئاخۆ بایۆژنتیك هەڕەشەیەکە بۆ ئازادی و سەربەخۆیمان؟ بە دیدی من، ئەم پرسیارانە بە هەڵە خراونەتەڕوو، لەبەرئەوەی بە هەربارێک چەند پرسیارێکی فەلسەفیی واقیعی نین. تەنیا پرسیاری فەلسەفی واقیعی لەم زەمینەیەدا ئەمەیە، کە ئاخۆ لە دەرئەنجامە بایۆژەنتیکەکان چ شتێك هەیە، کە بە پێناسەکردنەوەی چییەتی مرۆڤ و شێوەی ئۆنتۆلۆجیی مرۆییمان قەرزداربکات؟

بەڕاستی غەمناکە کە دەبینین چۆن هابرماس هەوڵدەدات دەرئەنجامە تۆقێنەر و ئینفیجارییەکانی بایۆژەنتیك کۆنترۆڵ و ئاکامە فەلسەفییەکانی سنوردار دەکات. تەواوی بەشداری هابرماس دەرخەری ئەم ترسەیهە کە شتێک دەتوانێت بەچەشنێکی بنەڕەتی بگۆڕێت، ترس لە رەهەندێکی تازەی مرۆڤ کە دەتوانێت دەریبخات، لەم میانەدا ئایدیایەکی کۆن لەبارەی پلەوپایە و ئازادیی مرۆڤ بپارێزێت. لەم چوارچێوەیەدا، بەرپەرچدانەوە توندڕەوییەکانی هابرماس قیبلەنمان. بۆنموونە لە وشەکانی سلۆتەردایك لەبارەی بایۆژەنتیك، کە قەرزدارمان دەکات بە شێوەبەندی رێسا تازەکانی ئەخلاق، زایەڵەی چاکسازیی نەژادیی ناسیۆنال سۆشیالیست دەبیستێت. ئەم تێڕوانینە بەرامبەر پێشکەوتنی زانستی «وەسوەسەی وەسوەسەیە» (بەرگریکردن) بەدوای خۆیدا دەهێنێت. وەسوەسەیەك کە دەبێت ئێمە لەبەرامبەرییدا بەرگری بکەین، تێڕوانینێکی نیمچە ئەخلاقگەرایانەیە کە دۆزینەوە زانستییەکان وەك وەسوەسەیەك دەردەخات، کە رێگەمان پێدەدات لە کایە قەدەغەکراوەکانی دەستکارکردنیی بایۆژهنتیك و تا دوایی باڵاتر بڕۆین، لە ئاکامدا بنەڕەتی قووڵی بوونی خۆمان توشی مەترسی دەکەینەوە.

ئەو قەیرانە ئەخلاقییەی دواجار بایۆژەنتیك ورووژاندویەتی، لەڕاستیدا لە ویستی فەلسەفەیەکدا بە لوتکە دەگاتە کە ئێمە بەشێوەیەکی تەواو بە شەپۆلی «فەلسەفەی

دەوڵەتی» لەقەڵەمیدەدەین: فەلسەفەیەك كە لەلایەك بەشێوەیەكی نادیار لەگەڵ پێشكەوتنی تەكنیكی و زانستی لێبوردەیە، لە لایەكی ترەوە، هەوڵدەدات كاریگەریەكانی لەسەر سیستمی رەمزی و كۆمەڵایەتیمان كۆنترۆڵبكات، بەگوزارشتێكی تر، هەوڵدەدات بەربەست لەبەردەم گۆڕانی وێناكردنی جیهانی ئەخلاقی_ئیلاهیاتی بوون بكات. لەم رووەوە سەیرنییە كە نیوكانتییەكان لەم پەیوەندیەدا بەرەو پێش دەڕۆن. خودی كانت رووبەڕووی ئەم پرسە ببۆوە، كە چۆن دەتوانێت زانستی نیوتنی روونبكاتەوە، لە هەمانكاتدا بوونی سنورێكی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی لەدەرەوەی سنوری زانست دابینبكات. كانت پانتایی جێ بڕوای زانست بە مەبەستی هێنانەكایەوەی فەزایەك بۆ ئیمان و ئەخلاق سنورداربكرێت. ئاخۆ فەیلەسوفە دەوڵەتییە هاوچەرخەكان رووبـەڕرووی ئەركێكی ئاوا نەبوونەتەوە؟ ئاخۆ هەوڵەكانیان پەیوەست بەم پرسەوە نییە، كە چۆن لەڕێگەی فۆرمە جیاوازەكانی تێڕامانی ترانسێندنتاڵ دەشێت زانست بە ئاسۆی مانایی جێگیر سنورداربكات، ئاكامەكانی وەك شتێكی پەسەندنەكراو لە كایەی دینی_ئەخلاقی ناڕەوا ناپەسەند بكرێت؟ سەیرە، لێرەدا، تەنانەت پێشنیاری سلۆتەردایك پشت ئەستورە بە سەنتێزێكی «هیومانیستی» لە راستییە زانستییە تازەكان، ئاسۆی كۆنی مانا، تەنانەت ئەگەر ئەوە بە گونجاوتر و گوماناویی/ گاڵتەئامێز لە «فەلسەفەی دەوڵەتی» هاب‌رماس بزانین، دواجار بە هۆی سنوربەندییەكی نەسەلمێنراو لێیجیادەبێتەوە. بە دەبڕینێكی

تر، پێشنیاری سلۆتەردایك لەنێوان ئاشتی هابرماسی و هیولایی چاخی تازە لە هەڵبەز و دابەزدایە.

لەو کاتەی ئێمە لەدۆخی قسەکردنین لەبارەی فەلسەفە و سیاسەت، پێموایە لێرەدا روونکردنەوەیەکی گشتی بۆ مەرگی قوتابخانەی فرانکفۆرتیش شاردراوەتەوە. ئەنجامی قوتابخانەی فرانکفۆرت چییە؟ دەشێت چۆن بچەمکێنرێت؟ خستنەڕوویەکی بنەڕەتی کتێبی دیالێکتیکی رۆشنگەرییە: ئەم ئایدیایەی کە پرۆژەی مۆدێرن کەموکوڕییەکی بونیادی هەیە. هەموو ئەو شتە دڕندانەی وەك تۆتالیتاریزم و ...هتد، نەك پاشماوەکانی رابردو، بەڵکو ئێمە بەرهەمە لۆژیکییەکەیین. رێگە بدەن ئەم جارە وەك ساویلکەیەك باسی ئەم پرسە بکەم. لەم فۆرمەدا، دەمەوێت بڵێم کە کۆمۆنیزمی ستالینیستی دەبێت نموونەیەکی باڵای ئەم دۆزە بێت، لەبەر ئەوەی (ئەگەر سود لە چەمکە سادە و گەمژە کراوەکان وەربگرین) فاشیزم رەنگدانەوەیەکی کۆنزەرڤاتیزمانە بوو. کەسانی پشت ئەم پرسە بوون، کە مەبەستی ئەنجامدانی شەڕێکی نائاساییان هەبوو، لە راستیدا پراکتیکییان کرد (چەندە سەیرە!)، بەڵام تروما و شۆکی واقیعی ستالینیزمە. پرۆژەی کۆمۆنیستی_ هیوادارم کۆك بن لەگەڵم_ بە خەیاڵی رزگاری بەزەبری دەستپێکردن، پاشان بە لاڕێدا برابوو. ئەمە ترومای دیالێکتیکی رۆشنگەرییە، بەڵام لە تیۆری رەخنەییدا، هیچ یەك لەم بوارانە نادۆزرێتەوە. کتێبی فرانتس نویمان بە ناونیشانی بەیموت (Behemoth) خراپترین جۆری کۆمەڵناسیی جۆرنالیستییە، کە دەشێت

وێنابکرێت. کتێبی پشت ئەستور بە ئایدیای مۆدی رۆژی هەمەگەرایی، کە بە گوێرەی ئەو پرۆژە ئابورییەی سەردەمی نوێی رۆزڤێلت، ئایدیاڵەکانی ئەڵمانیی نازی و بەرنامەکانی یەکێتی سۆڤێت، مەبەستی بەدیهێنانی کۆمەڵگەی رێکخراوی یەکسانیان هەبوو. مارکسیزمی سۆڤێتی مارکۆزە لە بەرچاو بگرە: کتێبێکی نائاسایی کە هەڵوێستی نووسەریش بە وردی روونناکاتەوە، پاشان هەندێک لەلایەنگرانی هابرماس وەك ئەدرێۆ ئارسەر دەبینرێن، کە ئایدیای کۆمەڵگەی مەدەنی وەك فەزایەکی ژیان لە بەرامبەر دەسەڵاتی کۆمۆنیستی تۆتالیتاریستی دەخەنەڕوو. ئێمە تەنانەت لێرەشدا، هیچ چەشنە تیۆرێك کە لە روونکردنەوەی کۆمۆنیزمی ستالینیستی کۆمەکمان بکات نییە. پێموایە تیۆری کۆمەڵگەی مەدەنی بەتەواوی لە هەڵەدایە. دەبێت بڵێم کە لە رووخانی یۆگسلاڤیا، وەك زۆربەی مشتومڕەکانی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت، من لایەنگیری دەوڵەت بووم. کۆمەڵگەی مەدەنی بە مانای بەرهەڵستیی دیموکراتیك بوو، بەڵام بەمانای ناسیۆنالیزمی توندوتیژخوازیش بوو. فۆرمەلەکەی میلۆسۆڤیچ ئەم ئامێزە ورووژێنەری و تەقینەوەییەی کۆمەڵگەی مەدەنی ناسیۆنالیست و نۆمینکلاتۆرای حزب (party nomenclature) بە باشی دەکێشێت. نەیارانی نێوان نۆمینکلاتۆرای حزب و کۆمەڵگەی مەدەنی دیالۆگێکییان دەویست، میلۆسۆڤیچ بەڕاستی ئەم کارەی ئەنجامداوە. با بگەڕێینەوە بۆ هابرماس. ئاخۆ خوێندنەوەی کتێبەکانی ئەم واقیعیەتە هەڵدەماڵێت، کە

نیوەی کۆمەڵگەی ئەڵمانیا، سەرزەمینی دایکی، سۆشیالیستی بوونە؟ نەخێر، لە بنەڕەتدا مۆدێلی ئاوەا واقیعیەتێکی بوونی دەرەکی نەبووە. بە دیدی من، ئەمە بە مانای مۆدی رۆژ، جۆرێك کەلێنی سیمپتۆماتیکە، شوێنێکی بەتاڵ_ بۆشاییەك.

لێرە بەدواوە باسەکانم بە کورتی دەخەمەڕوو. دەمەوێت بە تێبینییەك لەبارەی رۆڵی فەلسەفە لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆمان ئەنجامگیری بکەم. کۆمەڵێک هەڵوێستگەلی فەلسەفیی هەڵە بوونی هەیە:

فەلسەفەی دەوڵەتی نیوکانتی، نیو سۆفیزمی پۆست مۆدێرن و هتد. خراپترین رێکەوتن، بەئاکاریکردنی دەرەکی فەلسەفەیە، ئەو لۆژیکەی کە بەم شێوەیەیە کار دەکات: «من فەیلەسوفم، بەمچەشنە، سیستمگەلێکی میتافیزیکی گەورە دادەڕێژم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، مرۆڤێکی باشم، لەبارەی کۆی کارەساتەکانی ئەم جیهانە نیگەرانم. دەبێت لەدژی ئەم کارەساتانە بجەنگین ...». درێدا ئەو کاتەی لە ناوەڕاستەکانی کتێبی تارماییەکانی مارکس کارەساتی زاڵ بەسەر ئەم جیهانە لە دە بواردا ناواخن دەکات، بە قووڵی نافەلسەفییە. جێی باوەڕپێکردن نییە! کاتێک ئەوەم خوێندەوە، ئەو شتەی بەرچاوم کەوت بڕوام پێینەکرد، بەڵام ئەو شتانە هەبوون، ئەو دە بوارەی کە بەدەر لە نەبوونی توندی فیکرن: بێکاری، پەراوێزنشینانی بێ پارە لە شارەکاندا، کارتێلەکانی (cartels) مادەی هۆشبەر، دەسەڵاتی مۆنۆپۆلیی راگەیاندنەکان و هتد. لێرەوە دەردەکەوێت درێدا دەیەوێت، نەك وەك

فەیلەسوفێکی مەزن، بەڵکو پتر وەك کەسێکی میهرەبان و خۆشەویست دەربکەوێت. بمبەخشن، بەڵام لێرەدا تەنیا پێودانگێکی تاڕادەیەك وێرانکەر بە مێشکمدا دێت: لە کۆتایی بەرهەمی ئەدەبیاتی رەشۆك وەسفێکی کورت لەبارەی نوسەر هەیە _ بۆئەوەی بەرنامەکانیان کەمۆکەك بەرجەستە بکەن، ئەمەش بۆ بەرهەمەکەیان زیاددەکەن: «ئەو ئێستاش لە باشوری فەرەنسا دەژێت. ژمارەیەك پشیلە لە دەوریەتی و کاتەکانی بۆ شێوەکاری تەرخاندەکات» ئەمە هەمان ئەو شتەیە، کە کەم تا زۆر سەروکارمان لەگەڵیدا هەیە. ئەمە هانماندەدات تاوەکو ئەم بابەتە شەیتانانەتر لە کتێبەکەی دواترم باسبکەم، کە «ئەو لە ژیانی تایبەتییەکەی سەگەکان ئەشکەنجە دەدات و جاڵجاڵۆکەکان دەکوژێت» تاوەکو ئەم نەریتە بێمانا و پووچە بخەمەڕوو، یان کۆتاییپێبهێنم. دەمەوێت درێژەی پێبدەم: ئەگەر لە ئێمەی فەیلەسوفەکان پرسیاری بۆچوون و دیدمان بکەن، ئەو شتەی کە زۆرجار لێماندەخوازن، بەڕاستی ئەمەیە کە خۆمان بناسێنین. بەمچەشنە، مەعریفەمان جۆرێك سەرچاوە و ژێدەری ئاڵۆز و تەڵخە کە ئۆتۆرەتی بە بیروڕاکانمان دەدات. لێرەدا وەك ئەمەیە کە کەسێ لە نوسەرێکی گەورە بپرسێت حەزت لە چ خواردنێکە، لەوانەیە بڵێت شێفێکی ئیتالی باشترە لە شێفێکی چینی. ئەمەیە دەبێت ئێمە تەنیا بەوەی بە فەلسەفەوە پەیوەستە، خەریك بین.

هەنوکە رۆڵی فەلسەفە چییە؟ لێرەدا رووبەڕووی

پارادۆکسێك دەبینەوە: فەلسەفە هەرگیز، بە تایبەت لە سەردەمەکانی داهێنانییدا، رۆڵێکی نۆرماڵ بەو مانایەی کە فەلسەفەیە، ناگێڕێت. لێرەدا چەند واقیعیەتێکی بێ پەیوەست بەیەك بوونی هەیە. لە چاخی نۆزدە، ئەدەبیات لەنێو هەندێک لە نەتەوەکان وەك هەنگاریا و پۆڵەندە زۆرجار رۆڵی فەلسەفە دەگێڕێت. بۆ نموونە ئەو رەوتە ئایدۆلۆژیکی یان فەلسەفییانەی کە لە بنیادەکانی بزوتنەوەی نەتەوەییدا هەن. بە رێژەیەکی زۆر لە ئەدەبیات درووستدەبن. لە نەتەوە یەککگرتووەکانیش بۆ نموونە ٩٩ لە سەدی بوارەکانی ئێوە فەلسەفەی کیشوەریی (continental philosophy) لە پەیمانگاکانی فەلسەفە نادۆزیتەوە (لەڕاستیدا دەبێت بڵێین: لە نێو چوار هەزار ئەنجومەن و پەیمانگای فەلسەفە لە ئەمەریکا تەنیا پانزە تا بیست لەو پەیمانگا و ئەنجومەنانە نوێنەری واقیعی فەلسەفەی قارەیین.) لەباتی ئەوە، فەلسەفە لە توێژینەوە کولتورییەکانیی دیپارتمانی زمانی ئینگلیزی، فەرەنسی و ئەڵمانی دەدۆزینەوە. ئەگەر کەسێک بیەوێت دیراسەی هێگڵ و بادیۆ بکات، دەبێت بە شێوەیەکی پارادۆکسیکاڵ بوارەکانی ئەدەبیاتی پراکتیکی لە فەرەنسا و ئەڵمانیا بخوێنێت. لەلایەکی ترەوە، ئەگەر کەسێک مێشکی مشکەکان دیراسە بکات، یان تاقیکردنەوە لەسەر ئاژەڵەکان بکات، دەبێت بچێتە پەیمانگەکانی فەلسەفە، بەڵام نائاسایی نییە کە فەلسەفە، جێی شتێکی تر بگرێت: بۆ نموونە ئەو

کاتەی کۆمۆنیزم لەبەریەکهەڵوەشا، فەلسەفە بووە یەکەمین شوێن بۆ دروستبوونی نەیاری. فەلسەفە سەرئەنجام لەم سەردەمەدا، پتر لە هەر پێگەیەکی تر دۆخێکی سیاسیی بە خۆیەوە گرتووە، وێڕای ئەوەش، دەشێت کەسێک نارازی بێت کە فەلسەفەی مەزنی ئەڵمانی شتێك نییە جگە لە فەلسەفە. بە رەهایی بەم چەشنە نییە! لە پێشدا بە گەڕانەوە بۆ هاینە نەك مارکس، ئەوەم زانیووە فەلسەفە، بەدیلێکی ئەڵمانیی بوو بۆ شۆڕش. گرفتەکە ئەوەیە، ناتوانیت هەردووکیانت هەبێت. هەڵەیە بانگەشەبکرێت فەرەنسییەکان دەتوانن فەلسەفەیان هەبێت، ئەگەر بەڕادەیەکی تەواو بەهۆش بن. بە پێچەوانەوە، نائامادەیی شۆڕش، مەرجی فەلسەفەی ئەڵمانی بوو. روانگەی من هەنوکە بەم چەشنەیە: رەنگە لەم خەونە راچڵەکێین کە فەلسەفەی نۆرماڵ بوونی هەیە. رەنگە فەلسەفە جۆرێك بێ نۆرمی و ناڕێکوپێکی بێت تا لوتکە. بەم چەشنە تیۆری بادیۆ دەخوێنمەوە. (من و بادیۆ بەیەکەوە هاودەنگ و کۆدەنیگن، بەڵام لەڕاستیدا نەفرەت لە یەك دەکەین. نوکتە و گاڵتەی ئاسایی ئێمە ئەمەیە: ئەگەر من دەسەڵاتم هەبێت بادیۆ دەنێرمە کەمپ، بەڵام ئەمە حیکایەتێکی ترە)، هەروەها من بە ئاشکرا تیۆرەکەی لەبارەی مەرجەکانی فەلسەفە رەتدەکەمەوە: فەلسەفە لە پێناسەکردندا، جۆرێك سنوربەزاندنە، فەلسەفە بەڕاستی تەنیا لە پەیوەندی نانۆرماڵ و بێ سنور بە رەوش و مەرجی

دەرەکی، کە هەڵگری چییەتی عاشقانە، سیاسی، زانستیی یان هونەرییە بوونی هەیە.

دواجار ڕەخنەیەکی تر، تەنانەت ئەگەر ئەم ڕەخنەیە زۆر دۆستانەش بێت، ئەمەیە کە هەڵسەنگاندنە جیاوازەکانمان لە کانت، دەتوانێت جیاوازییەکانمان بخاتەڕوو. لێرەدا دەمەوێت لە تۆ بپرسم (ڕەنگە تەنیا بەشێوەیەکی ریتۆریك) کە بە هەبوونی شتانێکی زۆر نیگەرانکەر، کە من بە جۆرێکی تایبەت لە نیوکانتگەرایی وا دەڵێم، ئایا لەگەڵ من هاوڕانیت کە شتێکی بەهادار لە کانت دا هەیەو دەبێت بپارێزرێت؟ کە من بە فەلسەفەی باڵاتر لە هەر شتێکی تر پەیوەست دەکات، ئەوە ساتێکی نامۆبوونە کە بادیۆ ئاماژەی پێکرد. ئایا نامۆبوون لە سەرەتای فەلسەفەدا نییە؟ فەیلەسوفانی سروشتی ئایۆنی لە هەمان ئەو شوێنە دەرکەوتن، کە ئەمڕۆ بەشی ئاسیای تورکیایە، ناوچەیەك کە شاهێدی پەرەسەندنی بەرهەمهێنانی کاڵاکانە. لێرەدا نامەوێت بەم تەریبییە بە مارکسیزمی عەوامی و بازاڕییەوە (vulgar-Marxist) پەیوەستبم، کە بەرهەمهێنانی کاڵا بە مانایەکی رووتە، ئەبستراکتکردنی کاڵا لە بنیادی ئەبستراکتی فەلسەفیی شاردراوەتەوە. دەمەوێت سەرنجی تۆ بەمشێوە نامۆبوونە رابکێشم، کە لە راگوزەری دەستاودەستکردنەوە روودەدات، ئەوەی کە فەلسەفە (هەمان ئەو شتەیە کە هایدیگەر دەیەوێت پێمانبڵێت) لە ساتەوەختی سەرەتاوە، گوتاری کەسانێک بوو، کە لە ماڵی

خۆیانەوە بەرامبەر بە بوون هەست،، بە یەقین دەکەن. ئەمەش هەمیشە پێویستی لانیکەم لە دابڕانی کۆمەڵگەی ئۆرگانیکە. لە سوکرات بە دواوە، هەمیشە جار دوای جار، رووبــەڕووی ئەم ئەویترێتییە و ئەو کون و کەلەبەرانە بووینەتەوە، زۆر جێی سەرنجە کە بێگانەیی دەتوانین لە دیکارتیشدا بدۆزینەوە، بە پاشەملەش بیخەینەڕوو. لە بەشی دووەمی کتێبی گوتار لە میتۆدا، پارچەیەکی بەناوبانگ لەم بارەیەوە هەیە کە چۆن ئەو لەڕێگەی سەفەرەوە نەك تەنیا نامۆبوونی ئاداب و رێوڕەسمی ئەوانی تری دۆزییەوە، بەڵکو تێگەیشت وردەکولتوری هەر تاکێك، کەمتر لە کولتورەکانی تر سەیروسەمەرە نییە، ئەگەر کەسێک ئەوە لە نیگایەکی ترەوە ببینێت، تەنانەت جێی پێکەنینە. بە دیدی من، ئەمە خاڵی سفری فەلسەفەیە. هەموو فەیلەسوفێك ئەم شوێنگۆڕینەی لەبەردەستدایە.

هەنوکە پرسیارەکەی من لە تۆ ئەمەیە: وەسوەسەم هەیە لێرە چەمکی کانتیی کۆمەڵگەی مەدەنیی کۆزمۆپۆلیتیان (جیهاننیشتیمان) کە زۆرجار جێی بەزەیی و زۆر سادەبین بووە، دووبارە بیخەمەڕوو. بە دیدی من، ئەم چەمکە دەبێت بە هەڵوەشانەوەی بەکارهێنانی گشتی و تایبەتێتیی عەقڵ پەیوەستبکرێت، کە تایبەتمەندییە دیارەکەی جوڵانە بە پێچەوانەی ئەم بەڵگەنەویستییەوە. ئەوەی کانت پێیدەڵێت بەکارهێنانی تایبەتیی عەقڵ، تایبەتە بە کاری کارمەندان لە

دەزگای دەوڵەتییدا. کانت مشتومڕە فیکرییەکانی تەنانەت ئەگەر بەشێوەی تایبەتی درووستببێت، بە بەکارهێنانی گشتیی عەقڵی دەزانێت. مەبەستی کانت چییە؟ بە دیدی من، دۆزی تایبەتێتی بۆ کانت لەبواری یەکەمدا کۆمەڵایەتیی تایبەتە، کە ڕەگ و ریشەی لە شوێنێکدا هەیە. وێڕای ئەمەش، ئایدیای کانت ئەمەیە: ئێمە وەك بیریار دەبێت لە هەڵوێستی یونیڤێرساڵیی تاك و تەنیا دابین، بە دەربڕینێکی تر، ئەو تاکایەتییەی کە بە شێوەیەکی بێئەملاولا لە یونیڤێرساڵیتیدا بەشداری دەکات، لەبەرئەوەی لە ئایدیای نەزمی تایبەتدا تێوەدەگلێت. تۆ دەتوانیت بێئەملاولا مرۆڤ بیت، بێ ئەوەی سەرەتا ئەڵمانی، فەرەنسی، یان بەریتانیی و هتد بیت. ئەم میراتەی کانت ئەمرۆ پتر لە هەمیشە، بە ڕەوشی ئێمەوە پەیوەستە. ئایدیای مشتومڕێکی فیکری کە بەسەر نەزمی تایبەتییەوە زاڵە، دۆکترینێکی کۆنزەرڤاتیزمانە زەقدەکاتەوە، کە بەگوێرەی ئەو دۆکترینە تەنیا لەڕێگەی شوناسێکی تەواو بە ڕەگ و ریشەکانی خودەوە کە مرۆڤ _بەمانای وردی وشەکە_ دەبێتە مرۆڤ. تۆ بەتەواوی مرۆڤیت، تەنیا ئەو کاتەی کە بەتەواوی نەمساویی، سۆلۆڤینیی، فەرەنسیی و هتد بیت، بەڵام پەیامی بنەڕەتیی فەلسەفە ئەمەیە کە تۆ دەتوانیت بێئەملاولا لە یونیڤێرساڵێتیدا، باڵاتر لە شوناسە تایبەتەکاندا، بەشداری بکەیت.

# بەشی سێیەم
# مشتومڕی نێوان
# بادیۆ & ژیژەك

ئالان بادیۆ: پێش هەر شتێك، دەمەوێت ئاماژە بەم خاڵە بکەم، کە مەبەستم لە رەخنەی کانت، بەڕاستی رەخنەگرتنە لەو شتەی کە تۆ بە نیو کانتگەرایی «neo-Kantianism» لەقەڵەمتداوە: واتە رەخنەی شێوەیەك لە کانتی ئەکادیم،ی کە بە درێژایی دە یان پانزە ساڵی رابردو وەك شێوەیەك لە فەلسەفەی فەرمی ناسێنراوە. بە دیدی من، تا ئەو شوێنەی بە کانتەوە پەیوەستە، دەشێت دوو بوار لە تێبینییەکانت بەیەکەوە ببەسترێتەوە. تێبینی یەکەم: فەلسەفە بەڕاستی پێویستی بە پەیبردن بەم واقیعەیە، کە لە حەقیقەت و پرسە تازەکاندا شتێک هەیە بۆ هیچ ئایدیایەکی پێشگریمانکراو

لەبارەی چییەتی مرۆڤ شایەنی کورتکردنەوە نییە. پێموایە ئەم خاڵە زۆر گرنگە: ئەوەی فەیلەسوفەکان پێیەوە خەریکن شتێکی نامرۆیی تیایە. دەتوانین چەندان ناو بخەینە پاڵ ئەم شتە. بۆ ماوەیەکی زۆر، ناوی ئەو شتەی کە باڵاتر لە مرۆڤایەتی ئەهێنرا وەك «خودا»، «ناکۆتا»، «مەعقولیەت»، «رەهــا» و ... هتد بــوو. دەتوانین ئەم ناوانە بگۆڕین، تێگەیشتنمان بگۆڕین، بەڵام بە دیدی من، ئەوەی فەلسەفە خەریکی دەبێت، شتانێکە شایەنی کورتبوونەوە بۆ مرۆڤ نییە، بەڵکو شتێکی نامرۆییە. لەمەوپێش فوکۆ ئەوەی خستبووەڕوو، کە «مرۆڤ» بونیادنراوێکی تیۆرییە، هەڵگری مێژووی خۆیەتی، دەشێت ئەوە بخەینەڕوو، کە مرۆڤ یان هیومانیزم کەی دەستیپێکردووە. هەروەها فوکۆ ئەوەشی بۆ زیاددەکات کە سەردەمی کۆتایی مرۆڤیش دەبینین. ئەمە یەکەم تێبینی منە. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە لە فەرەنسا بە ئەنتی هیومانیزمی تیۆریی (theoretical anti-humanism) لە قەڵەمدەدرێت، ئەمە هەڵوێستی فوکۆ، ئاڵتوسێر و زۆر کەسی تریش بوو. ئەو کاتەی دەڵێیت «پرسی حەقیقی، ئاگاییە لە بوونی فۆرمەکانی گۆڕانی رادیکاڵیی ئەو شتەی کە ئێمە بە مرۆڤایەتی لە قەڵەمی دەدەین»، ئەوا پرسێکی زۆر قووڵ و سروشتیت خستۆتەڕوو، چونکە مرۆڤ بونیادنراوێکی مێژوویی و ئایدۆلۆژیکییە. هیچ بەڵگەیەکی روونییە بۆئەوەی پێمانوابێت، کە فەلسەفە دەبێت هەمیشە بۆ ئاڕاستەکردنی ئەم بونیادنراوە بەکاربهێنرێت.

بە دیدی من، لە ئەفلاتون بەدواوە، فەلسەفە رووبەڕووی واقعێکی نامرۆیی بۆتەوە، پەیامی فەلسەفەش هەر ئەمەیە. هەر کاتێک فەلسەفە خۆی بە مرۆڤایەتی (بەو چەشنەی کە بەشێوەیەکی مێژوویی درووستبووە، پێناسەکراوە) سنوردار بکات، خۆی کورت بکاتەوە، ئەوا دواجار چەپێنراوە. فەلسەفە خۆی دەچەپێنێت: لەبەرئەوە تەنیا لەڕێگەی بەکارهێنانییەوە بۆ پاراستن، بەرفراوانکردن و ئاڕاستەکردنی مۆدێلی جێگیری مرۆڤایەتی دەگۆڕدرێت. تێبینی دووەم، کە بەم خاڵەوە پەیوەستە، وەك ئەوەی تۆ دەڵێیت لە فەلسەفەی کانتدا ناوەڕۆکێکی تاکایەتیی یونیڤێرساڵ ئەدۆزینەوە. رێك وا دەڵێیت، رەنگەش شتێکی پتر لە راست: لەبەرئەوەی لە هەر فەیلەسوفێکی مەزندا، ناوەڕۆکی بەشداری راستەوخۆی تاکایەتی لە یونیڤێرساڵیتییدا، بێلادان لە رێگەی تایبەتێتییەکان، کولتورەکان، نەتەوەکان، جیاوازییە جێندەرییەکان بوونی هەیە. لە هەر فەیلەسوفێکی مەزندا، پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان تاکایەتیی بیرکردنەوە و تایبەتێتییەکانییدا هەیە. ئەمڕۆ بەردەوام دەڵێین تایبەتێتی گرنگە و رێزدانان بۆ تاکایەتی بنەڕەتییە. لەگەڵ تۆ هاودەنگم کە دەبێت لەسەر ئەم دوورەپەرێزییە کۆنەپەرستەی تایبەتێتییە کولتورییەکان بجەنگین، بەڵام دەبێت لەهەمانکاتیشدا، ئەوە بڵێین کە پەیوەندی راستەوخۆی نێوان تاکایەتی و یونیڤێرساڵیتی گریمانە کراوە، کە شتێکی نامرۆیی لە یونیڤێرساڵێتیدا هەیە. ئەگەر یونیڤێرساڵیتی بۆ داتایەکی مرۆیی ئاسایی کورت

بکەینەوە، ئەم هەڵوێستەی تر شایەنی بەرگری نییە. بە دیدی من لای کانت، ئەم جۆرە لە پەیوەندی راستەوخۆی نێوان تاکایەتی و یونیڤێرساڵێتی بە ساتەوەختێك بەستراوەتەوە، کە تێیدا کانت مرۆڤ بە هۆی شتێکەوە پێناسە دەکات کە لە مرۆڤایەتی باڵاتر دەڕوات. گەورەیی کانت لە بنەڕەتدا بڕیار نییە لە تیۆری بەربەستەکانی عەقڵ-بەربەستە مرۆییەکانی عەقڵ- بدۆزرێتەوە. ئەم لایەنە لای کانت هەیە، بەڵام ئەمڕۆ بەدەرە لە هەر چەشنە تەوژمێکی راستەقینە. گەورەیی کانت تێکەڵکردنی ئایدیای بەربەستەکانی عەقڵ، لەگەڵ ئایدیای نەیارییدایە: ئایدیای لەڕادەبەدەریی مرۆڤایەتی لە پەیوەست بە خۆی کە بە تایبەت لە خەسڵەتی ناکۆتایی عەقڵی پراکتیکیدا دیاریکراوە. ئاخۆ چارەنوسی مرۆڤ سنوردارکراوە. وەك سنورداریێتیی خودی مرۆڤایەتی، سنورداریێتیی مرۆڤایەتی وەك مرۆڤایەتییەکی سنوردارکراو، یان لە باتی ئەوەشدا، توانای ناکۆتابوون بوونی هەیە؟ بە گوزارشتێکی تر، توانایەك بۆ واقیعی نامرۆیی، کە دواجار هەمان ئەو شتەیە کە فەلسەفە دڵەڕاوکێی لەبارەوە هەیە. پرسی واقیعی هەر ئەمەیە، لەم گۆشەنیگایەوە، وەڵامەکەم ئەرێنییە. ئێمە دەتوانین ئەم دوو تێبینییەی تۆ لە تەك یەك دابنێین. لەلایەك سەبارەت بە پەیوەندی نێوان تاکایەتی و یونیڤێرساڵیتی، لەلایەکی تر زەرورەتی زاڵبوون بەسەر هیومانیزم، پۆزش دەهێنمەوە کە لێرە جارێکی تر لەگەڵ هاوڕێم سلاڤۆی ژیژەك هاودەنگم.

**سلاڤۆی ژیـژەك:** بەداخەوە دەبێت منیش لەگەڵ تۆ هاودەنگ بم. مارکس لە کتێبی ململانێیە چینایەتییەکان لە فەرەنسا پەراگرافێکی زۆر جوانی هەیە کە داینەمیکی سیاسیی 1848 رووندەکاتەوە: دوو بەرەی دەسەڵاتخوازی بۆربۆنەکان و ئۆرلیایستەکان لە حزبی کۆماریخواز یەك دەگرن. مارکس دەڵێت تەنیا بەهۆی پشتڕاستکردنی پادشاییەکی بێ ناوی کۆماریخوازەوە بوو. لەم مانایەدا بەتەواوی لەگەڵ تۆ یەکدەنگم. دۆزی مرۆیی تەنیا لە دۆزی نامرۆیی دەردەکەوێت- دۆزی نامرۆیی وەك تەنیا شێوەی مرۆڤبوون بەشێوەیەکی بێ هۆ، بە مانایەکی گشتی، بەڵام بۆچی بەم چەشنە بیردەکەمەوە؟ لێرەدا بۆ کانت دەگەڕێمەوە. پێموایە کانت ئامڕازێکی کۆنسێپتواڵیمان دەخاتە بەردەست، کە رێگەمان پێدەدات لەم بارەیەوە بیربکەینەوە- لەڕێگەی جیاکارییەکی فەلسەفیی بەڕواڵەت لاوەکی کە بە دیدی من، بۆ تێگەیشتن لە کانت پڕ بایەخە.

کانت لـە کتێبی رەخـنـەی عەقڵی پەتی جـیـاوازی لەنێوان دادوەریـی نێگەتیڤ و دادوەریـی بێکۆتا دەکات. بە دەربڕینێکی سادە، دادوەریـی نێگەتیڤ پێشبینییەکی رێپێنەدراو لەبابەتەکە دەکات. مەبەستی کانت لە دادوەریی ناکۆتا جۆرێك لە دادوەرییە، کە پێشبینیەکی نێگەتیڤ بە بابەتەکەوە دەبەستێتەوە. بۆ نموونە دادوەریی نێگەتیڤ ئەو ساتەوەختەیە کە دەڵێت: «روح، نەمر نییە». هەنوکە ئەنجامی ئەم جیاکارییە چییە؟ لێرەدا رۆمانە خەیاڵییەکان دەتوانن

یارمەتیمانبدەن. ئەگەر ڕێگە بدەیت نهێنییەك بە ستیڤان کینگ بڵێم، ئەو کەسەی لای من بۆ هەموو وەرزەکانە. ئێمە هەمووومان چەمکی نەمردو دەناسین. ئەم چەمکە بەڕاستی بەمانای چییە؟ مردوو، مردووە، ئەگەر کەسێك نەمردووە کەواتە زیندووە، بەڵام ئەو کاتەی دەڵێین کەسێك نەمردووە، بەو چەشنەی کە لە ئەدەبیاتی ترسدا دەگوترێت، ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەو هێشتا زیندووە: ئەو مردووە، بەڵام نەك بەمانا ئاساییەکەی: لەڕاستیدا ئەو مردویەکی زیندووە. دەبینین لێرەوە پانتاییەکی تر دێتە پێشەوە، بە دیدی من، ئەم نەمردووە هەمان ئەو سوبێکتە ترانسێندنتاڵە کانتییە، ڕێك بەم مانایە نامرۆییە. نامرۆیی نەك بەمانا ئاژەڵیبوونییەکەی، بەڵکو وەك لایەنێکی بێ رادە و سنور لە خودی مرۆڤدا. ئەگەر بەم چەشنە، تەماشایبکەین، لە هەمان ئەو شتەدا هەیە کە کانت ئەوە بە لایەنێکی ترانسێندنتاڵ لە قەڵەمدەدات.

چەند رۆژ لەمەوپێش یەکێك لە هاوڕێیانم لە تۆکیۆ، بۆی نووسیم کە (ئەو لە پەیوەندی من بەرامبەر بە شتە سەیروسەمەرەکان ئـاگـادارە) هەنوکە لە یابان هەموو کەسێک دەتوانێت تەنیا بە ٨٥ دۆلار تەلەفونێك بکڕێت کە بەشێوەیەکی زۆر سەیر کاردەکات: تۆش دەتوانیت دەنگی پەیوەندیکەر بە روونی ببیستی، بەڵام هیچ زەنگێك نییە: تەنیا دیسکێکی بچوك دەبێت لە کەللەی سەرتی ببەستیتەوە، بە ئاسانی دەنگی ئەو لایەنە بەشێوەی راستەوخۆ بگاتە بەرگوێت. لە ئەنجامدا دەنگی ئەویتر دەبیستیت، بەڵام

باشترین دۆخ، تێگەیشتنی دەنگ ئەو کاتەیە، کە گوێیەکانت دادەخەیت. لێرەوە، سەرووکارمان لەگەڵ دۆخێکی دەگمەندا هەیە: تێگەیشتنێکی راستەوخۆ، کە گەیاندنە هەستەکییەکان بەدەوریدا دەسوڕێتەوە. ئەگەر وردیلەیەك بەرەو پێشتر بڕۆین، دەتوانین بیر لە تاقیکردنەوە جێ سەرنجەکان لە کایەی توێژینەوە مێشکییەکان بکەینەوە کە پشت بەم ئایدیا دەبەستن، هەستی ئارەزو یان ئازار دەتوانێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ بە جوڵاندنی شادەمار، بێ رووبەڕووبونەوەی هەستە پێنچ لایەنەکە، بەرهەمبهێنرێت. هەنوکە با تەماشابکەین ئەم واقیعە چ پەیوەندییەکی بە کانتەوە هەیە؟ تۆ بە تیۆری شیماتیزم (schematism) ئاشنایت: بۆئەوەی شتێک بەڕاستی بوونی هەبێت دەبێت بە وتەزاگەلی سەرەکییەوە تەبا بکرێت. ئایا لێرەوە سەروکارمان لەگەڵ جۆرێك لە ئازار نییە، کە ئەبستراکت و ناشیماتیزە- نەك ئەم ئازارە یا ئەو ئازارە، بەڵکو ئازارێکی بێ رادە و سنور؟

لێبگەڕێ لێرەوە کەوانەیەکی تەنزئامێز بکەمەوە، ئەم بابەتە کەمێک هاوشێوەی یەکەمین پارەی باوی سلۆڤانیا پاش سەربەخۆیی لە سالآنی ١٩٩٠ -١٩٩١ــە. من ئەم پارەیەم خۆشدەوێت، نەك بە هۆی شانازی بەرامبەر ئەوەی پارەی خۆمان هەیە، بەڵکو بەم هۆیەی کە خەڵك سەرنجی ئەوەیان نەداوە شتێکی گوماناوی لە ئارادایە. پاش ئەوەی دیناری یوگسلاڤیمان رەتکردەوە، بۆ ماوەی دوو ساڵ پارەکەمان بە پێنچ یەکەیی، دە یەکەیی دەسوڕایەوە، بەڵام هیچ کەس

سەرنجی نەدا، کە ئەم پارەیە هیچ ناوێکی نییە: تۆ تەنیا ٥٠٠ یەکەت هەبوو، بەڵام ٥٠٠ یەکەی چیی؟ نە دۆلاری نە شلینگی و .... کانت ئەم بوارەی بۆ کردینەوە. بەم مانایە لاکانیش لە بەرامبەر پۆست مۆدێرنیزم راست دەڵێت کە زانست گەمەیەکی زمانەوانی نییە، زانست سەروکاری لەگەڵ دۆزێکی واقعی ناشیماتیزە هەیە.

**ئالان بادیۆ:** بە دیدی من پرسی راسپاردنی فەلسەفی ئەمەیە کە زۆرجار، پێش هەر شتێك، بە رەخنەیی دەزانن، پتر پێگەکانی فەلسەفە و رەخنە یەکسان دەکرێن. وێڕای ئەم گریمانەیە، راسپاردنی فەلسەفی دواجار بە مانای ئەمەیە کە بڵێین شەڕ چییە، ئازار چییە، چ شتێک شایەنی قبوڵکردن نییە، یان چ شتێك هەڵەیە. کاری فەلسەفە لە بنەڕەتدا نەرێنی دەبێت: تێڕامانی گوماناوی، بە رووحێکی رەخنەیی و ... هتد، بەڵام زاتی دەستتێوەردانی فەلسەفیی لەڕاستیدا پشتڕاستکردنەوەیە. بۆچی پشتڕاستکردنەوە؟ چونکە ئەگەر لە پێگەیەکی پێکدژ بەشداربیت، یان لە پەیوەندییەك کە پەیوەندی نییە بەشداریبکەیت، ناچاریت چوارچێوەیەکی فیکری تازە پێشنیازبکەیت، دووبـارە ناچاردەبیت توانای بیرکردنەوە بە پێگەیەکی پێکدژ پشتڕاستبکەیتەوە- بەمەرجێک ژمارەیەکی دیاریکراو لە پارامیترەکان بخەینەلاوە، ژمارەیەکی دیاریکراو لە کاروباری نوێ و داهێنراو بێنە پێشەوە. پاش لەبەرچاوگرتنی هەموو لایەنەکان تەنیا

دەرخەری ئەمە بریتییە لە شێوەیەکی تازە بۆ بیرکردنەوە، ئەویش بە دۆخێکی پارادۆکسیکاڵ دەخرێتەڕوو. لە ئاکامدا دانەری دیاریکەری بەشداریی فەلسەفی، یا پشتراستکراوەیە یا ئەرێنییە- خاڵێك کە لەبارەیەوە لەگەڵ دۆلۆز هاودەنگم. ئەو کاتەی کە دۆلۆز دەڵێت فەلسەفە لە بنەڕەتدا دروستکردنی چەمکەکانە، مەبەستی ئەم رەهەندە داهێنەرانە، ئەرێنی و بێ متمانەیەییە بە کورتنەبـوونەوەی فەلسەفە بۆ نیگەتیڤ، رەخنە لەسەر حەقە. کاتێک دەڵێی دەبێت نامرۆیی وەك شتێکی رووتیی نیگەتیڤ تێبگەین، دووبارەش دەبێت بڵێین ئێمە بەداخەوە بە هەمانشێوە، لەگەڵ یەك هاودەنگین، ئەمەش خۆی دەردەخـات کە ئێمە سەرووکارمان لەگەڵ پشتڕاستکردنەوە و رازیبوون هەیە، نەك لەگەڵ نیگەتیڤ. دۆزی «نامرۆیی» دەبێت وەك ئەو توخمە کۆنسێپتواڵیەی رازیبوون بگونجێنرێت، کە لە ناوەوەیڕا دەستاودەستی مرۆیی بیری لێ بکرێتەوە. پێشگریمانەی ئەم «دەستاودەستکردنە مرۆییە» بەردەوام ئەمەیە، کە تێبگەین یەکانگیری سەرەتایی، هەر هەمان پەیوەندی نێوان مرۆیی و نامرۆییە، نەك جاویدانیی مرۆڤ بە مانای وردی وشەکە.

رێگە بدەن نموونەیەکی ئایدۆلۆژیکی لەبەرچاو بگرین. لە فەرەنسا لە کۆتایی دەیەی ١٩٧٠ شاهێدی دەرکەوتنی ئەو شتە بووین، کە بە فەلسەفەی تازە لە قەڵەمدەدرا. داهێنەری واقیعی فەلسەفەی تـازە لە فەرەنسای ئەو سەردەمە ئەندرێ گلۆکسمان بوو کە رێك رۆژێـك پێشتر

ماویست بوو- ئاوەژووبوونەوە مێژووییەکان بەم چەشنەن. تێزی سەرەکی گلۆکسمان کە ئەمڕۆش پێیەوە پاپەندین (بەرگریکردن لە ئەمەریکا و هێرشەکەی بۆ عێراق) ئەمەیە. ئەو شەڕ و ئازار دەستنیشان دەکات، ئەگەر پێویستیش بێت پێشنیازدەکات کە بۆ گەڕانەوە بۆ رەوشی ئاسایی کاروبارەکان دەبێت پرۆتۆکۆڵێك بەکاربهێنێت. بۆ نموونە بە سەرنجدان لەوەی سەدام حسێن دیکتاتۆرێکی ترسناکە، دەبێت لە دژی چەند میتۆدێکی دەرمانی بنجبڕ بەکاربهێنرێت ،-ئەو شتەی کە سودی لێوەرگیراوە، تا ئەمڕۆ، بۆتە هۆی گیانلەدەستدانی سەدان هەزار عێراقی. سوپای ئەمەریکا ئیشی کوشتنی برینداره، بەڵام تۆ دەبێت ئەو کارەی پێویستە ئەنجامیبدەیت. گلۆکسمان خۆشحاڵە. ئەو بە تەواوی لەگەڵ خەیاڵێکی یەکلایەنەی رەخنەیی بەشداری فەلسەفی هاودەنگە.

بە دیدی من، داکۆکی لە تێگەیشتنێکی تەواو جیاواز لە بەشداری فەلسەفی پێویستە. بێ هۆ نییە کە ئایدیای ئەفلاتونی بۆ چاکە، یەکەمین ئایدیای مەزنی فەلسەفیی بوو. ئەفلاتون زۆرباش لەوە گەیشتبوو کە لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا، ئەمە توخمی پشتڕاستکردنەوەی نامرۆییە کە دیاریکەرە، ئەو توخمەی کە هەڵبژاردنێکی رادیکاڵ دەهێنێتە پێشەوە. ئەگەر ئەمشەو ئێوە لێرە شاهێدی دیدارێکی واقیعی نین، بەم هۆیەیە کە من و ژیژەك لە چوارچێوەی ئەم خاڵە گرنگە لە لایەکین، ململانێیەکی سەرەکی لە نێوانماندا نییە.

**سلاڤۆی ژیژەك:** وەڵامی پارانویایی من ئەمەیە: چیدەبێت ئەگەر تۆ درۆزن بیت، تەنیا بە رواڵەت هاودەنگم بیت؟ هەر چەند زیاتر لەگەڵم هاودەنگ بیت، پتر لەبەردەم مەترسییدایت. بە چەشنێکی پێکدڕ، لێرەدا ئێمە بە رەشبینیی رەخنەی پۆست مۆدێرن بە جەختکردنەوە لەسەر دۆزی نامرۆیی پشکداردەبین. لە ئایدۆلۆژیای پۆستمۆدێرنی مرۆیی، نامرۆیی لە رادەبەدەرییەکی ترسناك،ە کە دەبێت بەشێوەیەکی رەها لێیدووربخرێتەوە. ئەم ئایدۆلۆژیایە تەنانەت دەتوانێت لایەنێك لە لاکـان قەرزبکات. ئەم میسۆلۆژییە ترسناکە لە هەموو شوێنێك ئامادەیە: نابێت زۆر لە ئاگر نزیك بیتەوە، دەبێت مەودای گونجاو بپارێزیت. ئەم ئایدیایە، بەم چەشنەیە کە ئێمە هاوشێوەی کەسایەتییەکانی ئادگار ئالان پۆ لە جیهانێکدا دەژین، کە لە لێواری دۆزەخە، پرسەکە لێرەوە تەنیا پاراستنی مەودای گونجاوە- نەك بە مەبەستی ئەوەی بەم چەشنە کاربکەیت، کە گوایە هیچ شەڕێکی رادیکاڵ بوونی نییە، بەڵکو بۆ دڵنیابوون لەمەیە، کە نەکەویتە ناو ئەو دۆزەخەوە. هەڵبەت ئەمە گۆشەی نەیاری ئەو شتەیە، کە ئێمە وەك دۆزی نامرۆیی پەرەی پێدەدەین: دۆزی نامرۆیی وەك فەزایەك بۆ دووبارە پێناسەکردن.

لێرەوە دەمەوێت بە کورتی بۆ ریچارد رۆرتی بگەڕێمەوە بەو چەشنەی پێشتریش گوتومە، ستایشی دەکەم ئەویش بەهۆی رادیکاڵبوونە راستەقینەکەی. پرسەکە ئەمەیە کە دوا

حەقیقەت بۆ رۆرتی حەقیقەتی ئازارچەشتنی تاکە کەسە، هەریەك لە ئێمە، دەبێت بتوانێت ئەزموونی تایبەتیی ئازاری خۆی دەرببڕێت. پێموایە ئەمەش بەرەو جۆرێکی درۆینە لە پێودانگ نەکردنمان دەبات. لەبونیادی کۆنسێپتواڵیی رۆرتییدا، گەڕانەوە بۆ تایبەتێتیگەرایی (particularism) شاردراوەتەوە، ئەو شتەی پێشتر لە کتێبی (ئاکار: نامەیەك لە بارەی تێگەیشتن لە شەڕ)ی خۆتدا کارەساتەکانیت خستبووە بەر رەخنەوە. ئەمە کۆپیەکە لە شەفافیەتی سیاسی: تەنیا دایکێکی هۆمۆسێکسواڵیی رەشپێست، دەرك بە ئازاری تەنیای هۆمۆسێکسواڵی رەشپێست دەکات و تا دوایی. دۆڵۆز پێشتر بە توندی دژی ئەم جۆرە گەڕانەوەیە بۆ تایبەتێتیگەرایی هەڵوێستی وەرگرتبوو، لەبەرئەوە بە دیدی ئەو، ئەم جۆرە لە گەڕانەوە، هەمیشە یەکسانە بە رەوشێکی پەرچەکرداری _ تەنانەت ئەو کاتەی کە لە کورتەماوەیەکی رزگاربەخشیش دەریبخات. بەم چەشنە، تێگەیشتنی رۆرتی لە گێڕانەوەی چیرۆکی ئازار پشت ئەستورە بەو ئیتیکەی، کە فەزایەك دەکاتەوە تێیدا هەموو کەسێك دەتوانێت چیرۆکەکەی بگێڕێتەوە. بەمشێوەیە ئێمە هەر چەشنە دڵەڕاوکێیەکی جدی حەقیقەت لەدەستدەدەین. تەنیا شتی خراپ زەبروزەنگیی مۆراڵییە: بۆ نموونە، من تێگەیشتنەکانم بەسەر ئەوانیتر زاڵبکەم. ئەم چەمکە کارەساتە. بەشی زۆری تێڕوانینی سیاسیی رۆرتی لای من پەسەندە، تەنانەت

گەرچی ئەو زۆرجار بەرامبەر زۆربەی هەڵوەشانەوەگەرایی پیشەیی ئەمەریکی پێشکەوتوترە، دووبارەش تێگەیشتنی ئەو کارەساتە. دەبێت ئەوەش بڵێم: رەنگە ئەم تێگەیشتنە ئەمڕۆ تەنانەت کارەساتێکی مۆراڵی حەقیقی بێت، لەبەرئەوە رێگریکردنی ئەو شتەیە، کە بە هەڵبژاردنی رادیکاڵ و شەفاف لە قەڵەمدەدرێت.

**تەنیا تێبینییەکی تر:** بە مەبەستی پاڵپشتی تۆ بەتایبەت ئەوەی لەبارەی تێڕوانینی نێگەتیڤەوە دەیڵێیت، ناچارم دووبـاره بۆ قوتابخانەی فرانکفۆرت بگەڕێمەوە. لێرەدا تێدەگەین، کە هەڵەی ئەم تێڕوانینە لە کوێدابووە. ئەو شتەی کە لە هەموان زیاتر لە رووبەڕووبونەوە لەگەڵ هۆرکهایمەر توشی شۆکم دەکات (بۆ من هۆرکهایمەر لە ئادۆرنۆ زیاتر گوناهکارێکی واقیعییە) ناتەبای دیاریی دوو تێڕوانینە، لەلایەك ئەو نوێنەری تێگەیشتنێکی رەشبینانەی دیالێکتیکی رۆشنگەرییە، کە تێیدا هەموو مێژووی رۆژئاوا بە جیهانی بەڕێوەبردراو کۆتایی پێدێت_ جیهانی رێکخراوی مرۆڤی تاکڕەهەندی لە کۆمەڵگەیەکی تەکنەلۆژی، کە هیچ شوێنێك بۆ رەخنە ناهێڵێتەوە. هەموو شتێك دەستکاری دەکرێت، کۆپییەك لە کارەسات کە ئەو لە دوایین کتێبە مەزنەکەیدا بەناوی رەخنەی عەقڵی ئامڕازی باسیدەکات، بەڵام هەر کات، ئەم هۆرکهایمەرە رووبـەڕووی بڕیارێکی سیاسیی

بووبێتەوە، بڕیاری داکۆکیکردن لەم کۆمەڵگە لێوانلێوە لە کارەساتەی داوە، دژی هەر چەشنە ئەڵتەرناتیڤێك دەدوا. لەم پەیوەندییەدا، ئەو تەواو ڕووڕاست بوو. بۆ نموونە لە هیچ یەك لە ناڕەزاییەکانی دژی جەنگی ڤێتنام نەیدەویست بەشداریبکات و لە باتی ئەوە دەیوت: «بەشداری سەربازانی ئەمەریکی لە هەر شوێنێکدا، ئازادی بەدوای خۆیدا دێنێت، من بەرگری لێدەکەم.» ئادۆرنۆش نەیدەویست بەشداری لەو ناڕەزایەتییانەدا بکات، کە دژی جەنگی ڤێتنام رێکدەخرا. جیاوازی ئەو تەنیا ئەمەبوو کە وتنی ئەم بابەتە بۆ ئەو دژوار بوو. ئەو لە باتی قسەکردن، بەهانە دێنێتەوە، بۆ نموونە، جارێك بە ناڕەزایەتیکەرانی وتبوو، کە خۆشحاڵە بەشداریبکات، بەڵام یەکجار زۆر قەڵەو و پیرە. لە هەر شێوەیەکدا، تەنانەت ئەگەر بهاتبایەش خەڵك پێی پێدەکەنین_ ئادۆرنۆی کلاسیك.

دەمەوێت سەرنجتان بۆ ئەم پارادۆکسە رابکێشم: وێناکردنێکی سارد و بێ رووح لە کۆمەڵگەیەکی توشبوو بە کارەسات نەخشەڕێژ دەکات، هاوکات هەر ئەڵتەرناتیڤێك بۆ ئەوە زۆر بە خراپتر دەزانرێت. هۆرکهایمەر لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ شپیگڵ، کە پاش مردنی بڵاوبۆوە، بە تێروتەسەلی لەبارەی کۆمەڵگەی بەڕێوەبردراو دەدوێـت، بەم چەشنە درێــژەی پــێــدەدات: وێــڕای ئــەوەش، ئێمە _کۆمەڵگەی خۆرئاوایی پەرەسەندو_ دوورگــەی ئازادیین کە دەبێت لەبەرامبەر بەربەریزم داکۆکی لێبکرێت. بە دیدی من، ئێمە دەتوانین لەم دۆزەوە، وانەیەکی فەلسەفەیی بێزارکەر

هەڵبهێنجین، کە مەحکومکردنی رادیکاڵی شەڕ دەتوانێت ئەرکی بەربەستکردنی هەر چەشنە ئەڵتەرناتیڤێك بدۆزێتەوە، ئەمەش هەمان ئەو پارادۆکسەی بیرکردنەوەی نێگەتیڤە کە تۆ ئاماژەت پێکرد.

**ئالان بادیۆ:** دەمەوێت تەنیا ئاماژە بەوە بکەم، کە دەشێت بەشێوەیەکی جیاواز لەبارەی ئەم پارادۆکسەوە بدوێین. ئەمڕۆ کۆمەڵێکی تەواو لە ئەدەبیاتی سیاسی هەیە، کە سەرقاڵی رەخنەگرتنە لە رادیکاڵی نەزمی ئابوری، بەڵام بەرگرییەکی رادیکاڵ لە شێوەی سیاسیی دیاریکراو دەکات. ئەمەش بەڕەهایی باوە. ئەمڕۆ خەڵکانێکی بێ ئەژمار دژی سەرمایەدارین. سەرمایەداری ترسناکە، دڕندەیی ئابورییە، بەڵام ئەم تاکانەش لایەنگیری سەرسەختی دیموکراسیین، هەمان ئەو دیموکراسییەی کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە. لەڕاستیدا ئێمە دەرگیری هەمان ئەو پارادۆکسییەین کە تۆش ئاماژەت پێکردبوو: تاك لە هەمان دۆخدا، هەڵگری گەورەی دیموکراسیین، شێوەیەك لە رەخنەی رادیکاڵی ئۆبێکت لە فۆرمی ئابوری بڵاودەبێتەوە.

رستەیەکی رۆرتی هەیە بەڕاستی شۆکی کردوم، رستەیەکی زۆر گرنگ کە دەڵێت «دیموکراسی دواجار زۆر گرنگتر لە فەلسەفەیە». ئەم گوزارەیە گاڵتەجاڕانە بەرچاودەکەوێت، بەڵام ناواخنی پڕوپاگەندەییەکەی بەڕاستی شایەنی تێبینیکردنە. ئاخۆ فەیلەسوفێك دەتوانێت پاڵپشتی ئەمە بکات، کە فۆرمێکی

سیاسیی گرنگتر لە چالاکی خودی ئەوە؟ بە دیدی من، ئەم گوزارە سەیرە، ناواخنێکی چەپێنەری هەیە. ئەم گوزارەیەی فەلسەفە لە خستنەڕووی ئەم پرسیارەوە زەقدەبێتەوە، کە چییەتی واقیعی ئەو شتەی کە ئەمڕۆ بە ناوی دیموکراسی بوونی هەیە، چییە. من ئاراستەیەکی نەریتیی رەخنە بەتەواوی پێچەوانە دەکەمەوە. پرسی گەورەی ئەمڕۆ، رەخنەی سەرمایەداری نییە_ کە ئەمڕۆ تەواوی جیهان کەم تا زۆر بە سەرنجدان لەو نادادپەروەرییە مادییە ترسناکە کۆدەنگن لەسەری. شتانێکی وەك مەرگی سی میلیۆن کەس لە ئەفەریکیا بە هۆی تێنەگەیشتنی یارمەتییە پزیشکییەکان، هەبوونی نایەکسانی زاڵمانە، دەشێت بۆ سەرمایەداری بگەڕێتەوە، ئەوەش لە ئارەزویەکی سەرمایەداری باشتر، سەرمایەداریەکی مامناوەندیتر، بەڵام بێ زەڕەیەك پێشکەوتن. پرسە واقیعیەکەی لێرە نییە، پرسی واقیعی لە رەخنەی نێگەتیڤ و زارەکیی سەرمایەداری شاراوە نییە، پرسی واقیعی، پرسی گوزارەیەکی پۆزەتیڤە لەبارەی دیموکراسیی، دیموکراسی وەك شتێکی جگە لە کۆدەنگیی لە فۆرمی پارلەمانیی سیاسەتدا. ئەمە هەمان ئەو شتەیە، کە پارادۆکسی ئاماژەپێکراوی پەرەسەندنێك لە شاردنەوەییدا هەیە. بە دەربڕینێکی تر، سەپاندنی فەلسەفیی ریسك ئامێز، کە بەڕاستی بۆ بیرکردنەوەی پرسەکە دێتەکایەوە، رەخنەی فۆرمی دیموکراتیکە بەو شێوەیەی کە دەیناسین. ئەمە دڵی پرسەکەیە، هێندە دژوارە لە راگەیاندنی_هاودەنگ لەگەڵ ئەوانیتر_ بە رێژەی نادادپەروەری سەرمایەداری.

**سلاڤۆی ژیژەك:** ئێستا پێموایە ئێمە بەڕاستی بە خاڵێکی هەستیاری هاوەدەنگی دەگەین_ خودای من، باسێکی تر هەیە کە زۆر ماندوکەرە. گوتم هەستیار، چونکە ئەو هاوەدەنگییە زۆر گران لەسەرم دەکەوێت. ئایا دەزانیت کتێبەکەم لەبارەی لینین چ زیانێکی بۆ من هەبوو. من دوو سێ لە دۆستەکانم بەم هۆیەوە لەدەستدا. تۆ دەتوانیت بێ هیچ گرفتێك ئاماژە بە مارکس بکەیت، بۆ نموونە دەڵێیت کتێبی «سەرمایە» چ وەسفێکی درەخشان لە دینامیکی سەرمایەداری، تایبەتمەندی بەبتبوونی کاڵا، نامۆبوون دەخاتەڕوو، بەڵام ئاماژەدان بە لینین، چیرۆکێکی تر دەگێڕێتەوە، چیرۆکێکی تەواو جیاواز. جێی بڕوا نییە، کە چۆن هەموان پاش ئەوە پێیانوتم کە کتێبێکی شەیتاناوی بێبەها بووە. ببەخشە، بەڵام ئەو کاتەی کە سەرقاڵی بەرنامەڕێژی کۆنفراسێك بووم، بەو چەشنەی کە پاشان تێگەیشتم، هەواڵگری ئەڵمانیا دەرکەوتبوو، پرسیبوویان کە خەریکی چ کارێکین. دەبینیت، لەگەڵ ئەو شتانەشدا کە بەرچاودەکەوێت، هێندە لێبوردە نابێت. ئەمە پارادۆکسی پێگەی ئەمڕۆیە کە بەگوێرەی ئایدۆلۆژیای فەرمی، هەموو شتێك رێگەپێدراوە، هیچ شتێك سانسۆر ناکرێت، هەموو شتێك لە کاتی ئامادەکردنییدا دەردەکەوێت، بەڵام نابێت فریو بخۆین.

دەمەوێت نموونەیەك بخەمەڕوو. نموونەیەکی گەمژانە، بەڵام واقیعی کە قیبلەنمای سەردەمەکەمانە. بیستومە لە هەندێک جڤاتە رادیکاڵەکان لە ئەمەریکا _ لێرەدا رادیکاڵ

وەك تانە بەکاردەهێنم، بە مانای شەفافیەتی سیاسی کە لە راستیدا نیمچەرادیکاڵە_ ئەم ئایدیایە بە جدیەکی زۆرەوە باسدەکرێت، کە مافی مردوگەرایان چیدەبێت؟ بۆچی ئـەوان بێبەزەییانە لە گەمەی سێکسی لەگەڵ جەستەکان یاساخدەکرێن؟ بەمچەشنە، ئەو پێشنیازەی دەخرێتەڕوو بریتییە لە: هەندێک لە ئێمە لەو ساتانەی کە مەرگ چاوەڕواننەکراو روودەدات، رازیدەبین بەشێك لە ئەندامەکانی جەستەمان ببەخشینە چالاکییە پزیشکییەکان، بۆچی لەمەرگی چاوەڕواننەکراوماندا، جەستەی مردومان بۆ گەمەی سێکسی بە مردووگەراکان نەبەخشین؟ ئەم پرسە زۆر رادیکاڵ دەردەکەوێت، بەڵام بەڕاستی پتر لە نموونەیەك چەشنێک لەو شتەی کیرکەگۆرد بەڕاستی دەریبڕیوە نییە: تەنیا جیرانی حەقیقی جیرانی مردووە، لانیکەم لە کۆپییەکی ئایدۆلۆژیکیدا «لە جیرانەکەتەوە خۆشەویستی فێربە». ئەمڕۆ کاتێک لە گۆشەی تەندروست، یان شەفافیەتی سیاسی بە جیرانەوە خەریکدەبین. مەبەستمان بەڕاستی هەر ئەمەیە. ئەو باشترە مردو بێت. ئەمەش بۆ من باشترین میتافۆرە بۆ تەندروستیی سیاسی. بۆچی؟ رێگە بدەن لە خۆمان بپرسین ئەم شێوەیە لە لێبوردەیی کە لە کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان جێبەجێدەکرێت، بەڕاستی بە چ مانایەکە؟ ماناکەی رێك پێچەوانەی ئەو شتەیە، کە بیری لێدەکەینەوە. لێبوردەیی، واتـە دروستنەکردنی هەراسانی. هەراسانی وشەیەکی سەرەکییە. بە چەشنێکی بنەڕەتی بەو مانایەیە، کە ئارەزوی

خۆت بشاریتەوە، لە من زیاتر نزیك نەبیتەوە. بەو چەشنەی کە من لە ئەمەریکا ئەزمووممکردووە. ئەمەش بەو مانایەیە ئەگەر زۆر تەماشای کەسێک بکەیت _ تەماشاکردنی ژن یان هەر کەسێکی تر_ ئەمە شێوەیەکە لە هەراسانی چاوی، ئەگەر قسەی ناشرین بکەیت، ئەمە جۆرێکە لە تێپەڕاندنی زارەکیی. ئەمەش پێمان نیشاندەدات کە لێبوردەیی لەم بوارەدا جۆرێکە لە نالێبوردەیی، نالێبوردەیی بۆ نزیکیی ئەویتر.

دەمەوێت جارێکی تر بۆ بابەتە واقیعییەکەم بگەڕێمەوە. بەو چەشنەی بینیمان هەر چەشنە لەڕادەبەدەرییەك وەك رێگەپێدراو دێتەبەرچاو. تەنیا یەکجار هەوڵبدەیت لە بتی دیموکراسیی نزیکبیتەوە، ئەوکات دەبینیت چی روودەدات. من لەگەڵ تۆ هاودەنگم کە ئەمڕۆ دەبێت لانیکەم ئێمە بە سێ هۆ ئەم کارە ئەنجامبدەین: یەکەم، دەبێت لە خۆمان بپرسین، کە ئەمڕۆ دیموکراسی بەڕاستی بە چ مانایەکە؟ چۆن کاردەکات؟ بۆ نموونە، ئەوەی ئێمە ناتوانین لەبەرچاوی نەگرین، ئەمە نییە کە دیموکراسی لە لای خەڵك، بۆ خەڵکە، بەڵکو ئەمەیە: ئەو یاسا دیاریکراوەی کە شوێنی کەوتووین قبوڵبکەین_هەنوکە ئەنجامەکە هەرچی بێت. بە دیدی من، سەرکەوتنی هەڵبژاردنی بوش لە ساڵی ٢٠٠٠_ ئەگەر شتێکی ئاوها روویدابێت_ لوتکەی دیموکراسی بوو. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی هیچ دیموکراتێک لە هیچ ساتێک تەنانەت بیری لە پەسەندنەکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، ناڕەزایی دەربڕین نەکردەوە_ لەگەڵ ئەوەی هەمومان دەزانین لە فلۆریدا

خروقاتکراوە. ئەوە روونبوو کە بە هەبوونی دەستکاری، یاسایەك هەبوو کە دەبێت بەهەر شێوەیەك بپارێزرێت، جا هەرچی ویستبێت. بەم چەشنە دیموکراسی لە سەرەتادا، تەنانەت لەمەڕ نادادپەروەرییە باوەکان، بەو چەشنەی کە بە رواڵەت گۆتە وتبووی، بە مانای «نادادپەروەری لە بری بێ نەزمییە». ئەمە یەکەمین مانای دیموکراسی، یەکەمین هۆ بوو بۆ دەستکێشانەوە لێی. هۆی دووەم: من لە واقیعدا دەبینم کە جۆرێک دەرفەتخوازی لە دیموکراسییەتدا هەیە، دەرفەتخوازی بەمانای هەڵهاتن لە پراکتیك. لێرەوە دەمەوێت بە رێزەوە بۆ تیۆرەسازی ئەڵمانیی کۆمەڵگەی ریسك، ئۆلڕێش بێك، بگەڕێمەوە. بێك تێماندەگەیەنێت ئەو ریسکانەی کە کۆمەڵگەی ئێمە ئەمڕۆ رووبەڕووی بۆتەوە، مەترسیگەلی رادیکاڵن. لە پرسی کەمکردنی کاریگەری سەرمایەدارانی گەورە، کە بەرپرسی وێرانکردنی ژینگەن، بە کارگێریی پسپۆران بۆ بڕیاردان راست نییە، ئێمە هەموومان بە چەشنێکی بەردەوام، رووبەڕووی هەڵبژاردن دەبینەوە کە لەدوو توێیدا دەبێت بێهۆ بڕیاربدەین. زۆرجار نوێنەرانی دیموکراتیك تەنیا لە بتی دیموکراسی دەدوێن. شێوەیەك بۆ دوورکەوتنەوە لە ریسکی بڕیاردان، سەنگەرگرتن لە پشت دەنگدەرانەوە: ئەمە بڕیاری من نییە، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسەش بم، کە رەوایەتی یاسایی پێدەدەم، هێشتا هەموومان لە یەك بەلەمداین... بەم چەشنە، ئامانجی دووەم، خاڵی رەخنەیی من لەڕاستیدا ئەمەیە، کە دیموکراسی وەك پرۆسەی

بڕیاردان شێوەی شاردنەوەی بڕیارەکانە: «من ئەو کەسە نیم، کە بەڕاستی بڕیاردەدەم، من تەنیا پێشنیازدەکەم، ئەوە ئێوەی خەڵکن بڕیاردەدەن.» لێرەوە دەشێت پەیڕەوی لاکان بکەین، کە لە کردەی سیاسییدا هەموو کەسێک دەبێت بەرپرسیارێتی بڕیارەکەی خۆی بەشێوەیەکی تەواو لە ئەستۆ بگرێت.

بەڵام لە پەیوەست بە سێیەمین هۆ: مارکس لە کتێبی مانیڤێستی پارتی کۆمۆنیستدا دەنوسێت کۆمۆنیزم بەمە تۆمەتبارە، کە خاوەندارێتی کەسیی ناهێڵێت، بەڵام خودی سەرمایەداریش ئەم کارەی ئەنجامداوە. پێموایە ئەمڕۆ لە پەیوەست بە دیموکراسییەت سەروکارمان لەگەڵ شتێکی هاوشێوەی ئەمەدا هەیە. زنجیرەیەکی تەواو لە ئەدگارەکانی سیمپتۆماتیك لە پەیوەستییدا هەیە، لەچەشنی ناوبانگی دووبـارە زیندووبۆوەی راڵف دارنـدۆرف یان لیۆ شتراوس. چیرۆکە باوەکە رێك شتێکی وەك ئەمەیە: دیموکراسییەت؟ بەڵێ، بەڵام تەنیا بۆ ئەو خەڵکانەی کە بە رادەیەکی تەواو بە دیموکراسییەت گەیشتوونە. هەنوکە هەمومان دەزانین کە ئەمەریکا لە عێراقدا توشی چ بنبەستێك بووە. ئەگەر ئەوان دیموکراسییەت لەگەڵ خۆیان دێنن_ مەبەستم لە دیموکراسییەت فۆرمە راستەقینەکەی نییە، بەڵکو مەبەستم دیموکراسییەتی فـرە حزبی گەندەڵی جوانی ئێمەیە_ لەوانەیە ئەمە بە مانای سەرکەوتنی هەڵبژاردنی شیعەکانی عێراقە. لەم چوارچێوەیەدا، دەبێت بایەخ بە «رەنگدانەوە» باوەکان بدەین. رەنگدانەوە چەمکێکی سەرەکییە. هەندێک

له فەیلەسوفە ئەمەریکییەکان، بۆ نموونە ئالان دێرشۆیتز پێیانوایە ئێمە دەبێت مافی مرۆڤ بخەینە ژێر ڕەنگدانەوە، ئـەوەش تاڕادەیەك بگۆڕین کە لەبوارە دیاریکراوەکاندا ئەشکەنجە ڕێگەپێدراوبێت. لێرەدا تەنیا پرسەکە ئەمە نییە، کە ئایا دیموکراسیی بێت یان نەبێت، پرسەکە ئەمەیە کە بزانین بەڕاستی لە دیموکراسییەتدا چ شتێك لە ئارادایە. ئەگەر 11ی سێپتەمبەر مانایەکی ڕەمزی هەیە (هەر چەندە من لەم ئایدیا بەدوورم)، وا دێتەبەرچاو ئەم مانایە لە پەیوەست بە مێژووی 1989 لێی بگەڕێین. بەدیدی من، 1989 نە کۆتایی یۆتۆپیایە، ئەو شتەی کە بەگشتی بانگەشەی بۆ دەکرێت، نە کۆتایی کۆمۆنیزمە، بەڵکو ڕزگارکردنی یۆتۆپیای گەورەی سەرمایەداری لیبراڵ بوو، کە بە «کۆتایی مێژوو»ی فۆکۆیاما شێوە و ناوەڕۆکی وەرگـرت و، 11ی سێپتەمبەر وەڵامێك بوو بۆی، ئەگەر لە بنەڕەتدا 11ی سێپتەمبەر مانایەکی هەبێت، ئەمە بوو کە یۆتۆپیای سەرمایەداری لیبراڵی ئەمڕۆ مـردووە. پێموایە قورساییەکەی کەوتۆتە سەرشانی ئەمەریکییەکان. تەماشای سیاسەتی ئەمەریکی بکە، ئەم سیاسەتە بەتەواوی گۆڕدراوە. ئێمە ئیدی ناچارنین بڕوا بە وشەکانیان لەبارەی دیموکراسییەوە بکەین. ئەوان دەیانەوێت جیهان و دەسەڵاتیان بە شێوەیەکی تازە لە گۆشەگیرگەرایی (isolationism) و دیوارە تازەکاندا تێکەڵکێشبکەن، تاوەکو بتوانن هێزی سەربازی ببەنە هەر شوێنێکی جیهان کە بیانەوێت. لە پرۆسەیەکی ئاوەادا کە دیموکراسی بەشێوەیەکی

تەواو بنەڕەتی و تازە پێناسەکراوە، تەنیا ناوێکی لێبەجێماوە. شتێکی وەك ئەم رووداوە لە ئابوریدا روویـداوە، واتە بە شێوەیەکی تایبەت لە WTO و IMF. لێرەدا من تاڕادەیەك لەگەڵ کتێبی ئیمپراتۆریەتی نیگری و هارت هاوەدەنگم، ئەو کتێبەی کە لە ناوەڕۆکدا لە بنەڕەتدا رەتدەکەمەوە. کەسانێکی وەك لاڤۆنتین لە ئەڵمانیا ئەگەر پێیانوایە کە بڕیارەکان لە ئاستی ئابوری دەتوانێت دیموکراتیزە بکرێت، خۆی توشی حەماقەت کردووە. چۆن سیستمی بانکداری دیموکراتیزە دەکرێت؟ ئەمەش بە چەند هۆکارێکی بونیادی نەکردەیە. ئایا دەبێت بۆ نموونە 4/5 ملیارد کەس دەستەی چاودێری IMF هەڵبژێرێت؟ دەبێت ئەنجامگیری بکەین، کە گەشەسەندنی ئابوری و پرۆسە جیهانییە سەرمایەدارییەکان لـەڕووی بونیادییەوە پێشگیری لە دیموکراسییەت دەکەن، تەنانەت لەو فۆرمەی کە خودی سەرمایەداری پێدەبەستێتەوە.

کاتێک دەمانەوێت دژ دیموکراسییەت بڕیاربدەین، دەبێت هەموو ئەمانەمان لە بیربێت. لێرەوە دەمەوێت سود لە لۆکاچ وەربگرم، ئەو کەسەی لە کتێبی مێژوو، هوشیاری چینایەتی پێیوابوو پرسەکە لێرەدا تێبینی تاکتیکییە. هەندێک کات، شتە گەورەکان بەشێوەیەکی دیموکراتییانە شایەنی دەستپێگەیشتنن: بۆ نموونە ئەو کاتەی کە ئەنجامێکی پێشبینینەکراو لە هەڵبژاردنەکان دەخرێتەڕوو. ئەمە بۆ من ساتێکی باڵا و جوانە، کە ئێمەی چەپگەراکان بەرگری لە یەك شتی باش دەکەین، بەڵام لە ناوەڕۆکدا پێمانوایە

خەڵك زۆرجـار سودیان لێوەردەگرن، سەرباری ئـەوەش، دواجار شتێکی وەك موعجیزە روودەدات، هەموو شتێک راست دەبێت، بەڵام پرسەکە بۆ من شتێکی ترە: من ئامادەم بەشێوەیەکی دیموکراتییانە بەرگری لە روانگەکانم بکەم، بەڵام ئەوانی تر رێگە نادەن بەشێوەیەکی دیموکراتییانە بڕیاربدەن، کە روانگەکانم چ شتێك بێت _لێرەدا پاڵپشتی لە خۆبەگەورەزانییە فەلسەفییەکەم دەکەم.

**پرسیاری ئامادەبووان:** بەڕێز بادیۆ ئەگەر کەسێک هەمان رەخنەی تۆ لە دیموکراسی بگرێت، دەتوانێت چ پەیوەندییەکی بە سیاسەتەوە هەبێت؟ بۆ نموونە چ شتێك سەرەنجت لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماری فەرەنسا رادەکێشێت؟

**ئالان بادیۆ:** ئەوەی منی بە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماری فەرەنسا لە ساڵی ٢٠٠٢ پەیوەستکرد، پاڵێوراوی هەڵبژاردنی نەبوو. پرسەکە، زانینی ئەمەش نەبوو، کە ئاخۆ دەبێ دەنگ بە شیراك یان ژۆسپین بدەی، یان لە دەورەی دووەم دەبێت چ کارێك بکرێت. پێموایە پرسێکی ئاوەها بە میکانیزمەکانی دەنگ و عەقیدەوە پەیوەستە. ئەوەی بەم هەڵبژاردنەوە پەیوەستیکردم، ئەو بزوتنەوە ناباوە بوو کە لەدوای خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکان دەرکـەوت_ ئەو کاتەی لۆپن لە سـەرووی ژۆسپین بـوو. پێگەی فەلسەفی نەك خودی هەڵبژاردنەکان، بەڵکو فەزایەکی لێوانلێو لە

مشتومڕە گشتییەکان زۆر زیندوو، پڕ هەستبوو کە لە دوای هەڵبژاردنەکان هاتەکایەوە. ئەوەی فەیلەسوفێك بەم پرسەوە پەیوەستدەکات، هەمدیس شێوەی پارادۆکسێك بەخۆیەوە دەگـرێـت: هەلومەرجی هەڵبژاردنی دەبێتە پێگەیەکی تەواوجیاواز: خۆپیشاندانەکان، توندوتیژی، شوڕش و نارەزایەتییە بەرفراوانەکان. ئەمە هەمان ئەو لایەنەیە کە منی بە خۆیەوە پەیوەست کرد. بەمانایەکی گشتی تر، کاتێک فەلسەفە لەبارەی پێگەیەك دەدوێـت، کە بەرەهایی لەگەڵ ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت، جیاوازە، لە رۆژنامەگەری زیاتر نییە. بەم هۆیە من لە «پەیوەندییەك کە پەیوەندی نییە» دەدوێم. بە دیدی من، هەمیشە لە نێوان بوون و دەرکەوتن، لە پارادۆکسی نێوان پەیوەندی و ناپەیوەندیدایە، کە بەشداری فەلسەفی بوونی دەبێت. لەبارەی کۆی رووداوەکـە، زانینی ئەوەی دەبێت چ دەنگێك بخرێتە سندوقەوە، ئەوە باسێکی ترە. ئەگەر بمەوێت لەبارەی خۆم بدوێم: من لە ئایاری(1968)ەوە دەنگمنەداوە، سەردەمانێکە ئیدی من دەنگدەرنیم.

**پرسیاری ئامادەبووان:** پرسیارێکی شەیتانانە: لە کتێبی سوبێکتی ختوکەدانی، ژیژەك هەندێک لە چەمکەکانی بادیۆ بۆ تیۆرەکەی خۆی بەکاردەهێنێت. بەڕێز بادیۆ ئایا پێتوایە ژیژەك بەشێوەیەکی راست سودی لە چەمکەکانت وەرگرتووە، یان ژیژەك لێی تێنەگەیشتووە، بەو چەشنەی هایدیگەر لە هیچ کەس تێنەگەیشتووە؟

**ئـالان بـاديـۆ:** سلاڤۆی ژیـژەك وتویەتی كانت هیچ شتێك لـەبـارەی دیـكـارت تێنەگەیشتووە، هێگڵیش لە كانت نەگەیشتووە، سەرئەنجام هایدیگەر لە هیچ كەس نەگەیشتووە. باشە وەك ئـەوەی ئێمە دیكارت و كانت بین، بە دڵنیاییەوە، هیچ یەكێكمان لەیەكتر تێنەگەیشتووە! خوشبەختانە ئێمە لێرە لە راسپاردە و ئاكامەكانی فەلسەفە دواویین، نەك دەزگای چەمكە فەلسەفییەكان، بەم چەشنە، تا ئەو شوێنەی كە رێك نەهاتبێتینە نێو خودی بونیادی فەلسەفییەوە، سازان و كۆدەنگی زیاتر دەبێت، بەدیاریكراوی چەندان جیاوازی گەورە لە نێوانماندا هەیە، ئەمە باسێكی ترە. من پێموایە رەنگە چەند جیاوازییەك لە نێوانماندا لە تێگەیشتنی چەمكەكانی رووداو و ریاڵ، ئەركی خەیاڵ و سەرەنجام تێگەیشتنی سیاسەت نەك وەك بڕیار، بەڵكو وەك پرۆسە هەیە. هەر یەك لەم بوارانە، دەتوانن باسگەلی گرنگ بن، بەڵام سەروكارمان بە پرسی هەنوكەوە هەیە و پرسی هەنوكە ئەمەیە: «فۆرمە سەرەكییەكانی راسپاردەی فەلسەفی چییە؟» لەم چوارچێوەیەدا، بەو چەشنەی كە ماوەیەكە دەزانین، ئێمە لەگەڵ یەكتر هاودەنگین. ئەگەر ئەم وشەیە باری رابـردووە سەنگینەكەی لە ئەستۆ نەگرین، تەنانەت دەتوانم بڵێم: ئێمە لە هاوڕێ و هاوكارانی حزبین.

**سڵاڤۆی ژیژەك:** دەخوازم خاڵێكی تری بۆ زیاد بكەم. ئەمە راستە كە من بە چەشنێكی بەردەوام دەرگیرم لەگەڵ

بادیۆ. لە هەموو کتێبەکانم لە چەشنی سوبێکتی ختوکەدانی بۆ بەرهەمەکانی ئەو گەڕاومەتەوە، هەریەك لە بەرهەمە تازەکانی، پێیەکیان لە کتێبەکانمدا هەیە. بۆ نموونە، دەمەوێت لەبارەی کتێبی (سەدە)ی ئەو بدوێم، کە بەداخەوە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە (لەکاتێکدا کۆپییە دەستنووسەکەی سێ ساڵ لەمەوپێش بەچاپگەیشتووە) ئەگەر بایەخەکەی لەبەرچاو بگرین، ئەمە تاوانێکە دژ بە مرۆڤایەتی. کتێبی جیاکارییەکانی نێوان لۆژیك، پاکسازی و کەمکردن یا لێدەرکردن فراوانبکەم، ئەو شتەی کە بە دیدی من، دەستکەوتێکی زۆر گرنگە. بەم چەشنە لە دوا کتێبمدا، بێ هەر چەشنە بانگەشەکردنێک بۆ ئەو کتێبە، هەنگاوێکی رادیکاڵی باڵاتر لە هەڵوێستە باوەکانمدا هەڵناوە، ئەو هەنگاوەی کە بۆ من زۆر دڕدۆنگانە بوو. تا پێش ئەمەش، من بەم ئایدیاوە پەیوەستبووم کە ئەزموونی حەقیقی ئەو شتەیە، کە لاکان جارێك بە «چـوون بەرەو کۆتایی پرۆسەی شیکردنەوە» لەقەڵەمیداوە، من بە گومانەوە بە خۆم دەڵێم کە ئەم پرۆسەیە سیاسییە، تەنانەت هەر چەشنە چالاکییەکی سیاسی یەکانگیریەتی. من ئیدی وازم لەو نیگایە هێناوە، ئیدی ئەو بۆچوونەم هەیە کە هەڵهێنجانێک لە دەروونشیکاری، ئەگەر بشێت ئاوا بوترێت، فۆرمی سەرەکی ڕاسپاردەی سیاسییە. ئەمە شتێك، شتەکەی تر بریتییە لەوەی کە: من هەنگاوێکی پڕمەترسیم هەڵناوە، کە ڕەنگە ناچاربم دووبارەش تێچوویەکی قورس لە پەیوەندییە کەسییەکەمی بۆ تەرخانبکەم. بە روونی و بەتوندی ڕەخنەم لە ژاك ئالان میلەر

گرتووە. بە دیدی من، رادەربڕینە سیاسییەکانی، جۆرێکە لە ریسوابوون. لە کتێبەکەی بە ناونیشانی برازاکەی لاکان هەڵوێستگیری بەرامبەر دۆگماتیزم دەکات (ئەو هەڵوێستەی باوەی کە دەیناسین: هەموو کەسێک دەبێت نەرم و وێرانکەری دەسەڵات بێت) و بەدیاریکراوی رووبەڕرووبونەوەیەکی وێرانکەر درێژەپێدەدات، کە جولیا کریستیڤا خستویەتییەڕوو، هەر چەندە لە پەیوەندییەکی تر: رووبەڕرووبونەوەی شۆڕش و رووخان لەلایەك و شۆڕش لەلایەکەی ترەوە. شوڕش باشە، وزەیەکی داهێنەری تێدایە، کاروبارەکە جێگیردەکات، شۆڕش خراپە، چونکە نەزمێکی تازە دەهێنێتە پێشەوە. ئەمە شایەنی باوەڕپێکردنە، لەچەند لایەکەوە، چەپەڵیی لیبراڵی تەواوە.

لەلایەکی ترەوە، هاوشان بە ئالان بادیۆ وا هەستدەکەم _بەو چەشنەی کە ربین ترۆپ (وەزیری دەرەوەی رژێمی نازی) لە کاتی گەشتەکەی بۆ مۆسکۆ لە ساڵی ١٩٣٩ بە مۆڵۆتۆف (وەزیری کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت)ی وت «لە هاوڕێیانی حزب»ین.

**سەرچاوەکانی وەرگێڕانە کوردییەکە:**

یەکەم: فلسفه در زمانه حاضر، الن بدیو& اسلاوی ژیژك، ترجمه فواد حبیبی و کمال خالق پناه، 1392.

دووەم: Philosophy in the Present, Alain Badiou & Zizek, translated by Peter Thomas and Albertto .Toscano,Polity 2009

**تاڕادەیەك سوود لەم سەرچاوانەش وەرگیراوە:**

یەکەم: فلسفه در عصر حاضر، اسلاوی ژیژك و الن بدیو، ترجمه جلیل محمودی،1393.

دووەم: الفلسفه فی الحاضر، ئالان بادیو و سلاڤوی جیجك، ترجمه و تقدیم، یزن الحاج. التنویر، 2013.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان ڕووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە  جان جاك ڕۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاكان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَرکة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشیاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولڕەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلّح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 111 | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 112 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرەتاوی من | سەرهەنگ‌عەبدولڕەحمان | 2016 |
| 114 | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 206 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 118 | مارکسیزم له هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردەتاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتیی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارەتیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کار دەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | ئەکرەم میهرداد | 2016 |
| 134 |ناميلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |
| 136 | ژنێك لەنێو سەردەستەی میلیشیاکاندا | دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 137 | مارکس و ڕەخنەی سیاسەت | هاوار محەمەد | 2016 |
| 138 | لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان | یوسف محەمەد بەرزنجی | 2016 |
| 139 | فەلسەفە لەئێستادا | دانا شوانی | 2016 |